# راستکردنەوەی ڕێڕەو

## ژانی ژیاندنەوەی حزبایەتی




ستران عەبدوڵڵا

راستکردنەوەی ڕێڕەو
ستران عەبدوڵڵا
٢٠٢٣

ئەم زنجیرە وتارە لەسەر باسوخواسەکانی یەکێتییە لە راستکردنەوەی ڕێـڕەوە تا پێشکەوتنەکانی لە ئاستی جیاجیاو تا گەلەکۆمەکێ هەمە چەشن و هەمە ڕەنگەکان.
دراماکە زۆری سەرکەوتووە و زۆریشی ماویەتی تەواوبێت.
پێشبینییەکان زۆری ڕاست دەرچون و هەشیانە بۆ ئایندە کراوەیە، بەڵام ڕێرەوەکە بەگشتی راستە و هەر راستییش دەیباتەوە.
لەمپەرەکان تێپەڕن، لە تولەتولێیەوە بۆ زەڵێ، لە قەڵاچوالانەوە بۆ دەباشان. هەر گەلەکۆمەکێیە و تێکدەشکێ. هەر کتێبە و چاپ دەبن.

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ڕاگەیاندن

راستکردنەوەی ڕێڕەو
ژانی ژیاندنەوەی حزبایەتی

# راستکردنەوەی ڕێڕەو

## ژانی ژیاندنەوەی حزبایەتی

**ستران عەبدوڵڵا**

**سلێمانی - ٢٠٢٣**

**ناوی کتێب: راستکردنەوەی ڕێڕەو، ژانی ژیاندنەوەی حزبایەتی**
**نووسەر: ستران عەبدوڵڵا**
**دیزاینی بەرگ: هەرێم عوسمان**
**دیزاینی ناوەڕۆک: شۆڕش ئەحمەد**
**فۆتۆی بەرگ: هەرێم عەبدولڕەحمان**
**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**
**چاپ: چاپخانەی حەمدی**
**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی راگەیاندن**
**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەسپاردنی (١٤٠٤) ساڵی (٢٠٢٣) پێدراوە.**

# فەسڵی یەکەم

## راستکردنەوەی ڕێڕەو

# راستكردنەوەی ڕێڕەو

ئەوەی هەیە، راستکردنەوەی رێڕەوە. رێڕەوی یەکێتی و رێڕەوی ئیدارە و حوکمڕانی لە سلێمانی و زۆنی سەوز و بەرپرسیارێتی یەکێتی لە تەواوی کوردستاندا.

با کەس بە هاشوهوشی ساختەی پەیج و سایتی سێبەری سۆشیال میدیایی پارەدارکراو لە قووتی هەڤاڵانی یەکێتی چەواشە نەبێت و با کەسیش تەراویلکەی ناڕاست لەسەر هیچ شتێک هەڵنەچنێ.

ئەسڵی بابەتەکە (تیۆری پلانگێڕی) هەرزان و گوتاری دەستی دوژمنانی دەرەکی نییە. چونکە لە فەرهەنگی سیاسی رۆژهەڵاتیدا دەیان ساڵ، هەموو چاکسازییەک دەکرایە ئەنگیزەی پیلانگێڕی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و... کۆمەڵێ (یزمی)تر. ئێستاش مۆدی دەستی دەرەکی و هەرێمییە، بۆ ئەوەی دەستی سەوزی بچووکترین چاکسازی، گۆرانکاری یاسایی و ئاسایی بگرن و بیچەمێننەوە.

ئەمەی ڕوویداوە و هی تریش کە ڕوو دەدەن دەستی سپی چاکسازییە، دەستی سەوزی یەکێتییە بۆ ئاساییکردنەوەی ژیان و گوزەران و جووڵەی سیاسیی نۆرماڵ لە زۆنی سەوزدا.

دەستی سپی و ئەمین و جێباوەڕی حزب سەرەنجام ناوەندێتییەکی یەکێتییانە و دیموکراسییانە، بە ڕاوێژی سەنگینی هەڤاڵانە، ئاوەدان دەکاتەوە و دەزگا و دایەرەی وڵات ڕێکدەخاتەوە.

وەک کوردستان و وەک یەکێتیش بە کەمترین تەقەلا و بە کەمترین ئازار، کە لە حوکمی نەبووندایە، لێی دەرچووین و ئەم چاکسازیی و گۆڕانکارییە ڕاستەڕێی خۆی گرتۆتە بەر.

لە بنچینەدا ئەم ڕێرەوە ڕاستەی چاکسازی بۆیە دواکەوت، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بێت کە کەمترین زیان و بەریەککەوتنی تیا بێت، بە وەستایی و شێنەیی گۆڕانکارییەکە جێبەجێ بوو تا ژیان و گوزەرانی نۆرماڵی خەڵک نەشێوێ. ئەم ئیجرائاتانە بە کەمترین کات و بە نەشتەرگەرییەکی ژیرانە کرا. هەقە گلەیی لەسەر دواکەوتنی بکرێت، نەک لەسەر باش فریا کەوتنی.

ئەوەی کە ڕوویدا و ڕوودەدا مەسەلەیەکی نۆڕماڵی گۆڕانکاری ئیدارە و دەوڵەتدارییە کە دەزگاکانی پارێزگاری لەژیانی خەڵک وەک دوو دەزگای میریی، دەگێڕێتەوە بۆ بنکەکانی خۆی کە بنکەی پارێزگاری و گیانفیدایی و پتەوکردنی دینگەی ژیان و

گوزەران و ئارامی خەڵکی زۆنی سەوز و تەواوی کوردستانە.

ئەم رێڕەوە، حزب دەکاتەوە بە دامەزراوەیەکی مەدەنی کە کەسانی پێشینە حزبی و ئەفەندییەکان و هەڤاڵانی تێکۆشەر بە عینوانی تێکۆشان و هەڵسوڕانی سیاسی و رێکخراوەیی و پلەبەندی حزبی خۆیانەوە هەڵیدەسورێنن و جەماوەری یەکێتی بۆ کار و تێکۆشانی حزبی هان دەدەن بەرەو «یەکێتیی نوێ».

ئەم رێڕەوە یەکێتی والێدەکاتەوە ببێتەوە یەکێتییەکەی جاران، یەکێتییەکەی کۆمەڵانی خەڵک کە وەک هەمیشە سەرۆک مام جەلال دەیگوت: یەکێتیەکەتان. بەم دەستەواژەیە هەمیشە یەکێتی دابووە دەست کۆمەڵانی خەڵک، ئەم رێرەوە تینوتاوی حزبایەتی لەناو یەکێتی باشتر دەگەشێنێتەوە و دابونەریتی حزبایەتی پەرەپێدەدات، ئیتر رێورەسمی حزبی پایەدار دەبێت، نەک سێبەر و تارمایی نادیاری، نا حزبی، کە راسپاردە و بڕیار لە شوێنی نادیار و میلیشیای سۆشیال میدیاوە وەربگرێت.

راستکردنەوەی رێرەو وێستگەیەکی چۆنایەتی بڕیووە و وێستگەی تری ماوە، کە حەتمەن دەیبڕێ.

٢٠٢١/٧/٢٤

## بۆ یەکێتی بژین هەموو، کوردین هەموو..

ئەو یەکێتییە بن کە بۆ کورد و کوردستان بەکەڵکە، بۆ کوردایەتی و دیموکراتی و حزبایەتی رەسەن بەکەڵک و کارا و کاریگەرە.

یەکێتی حزبایەتی رەسەن و نوێباو و رێباز رۆشن و ڕەوا بن.

❊❊❊

بۆ یەکێتی بژین هەموو، کوردبن هەموو، دوای ڕێباز و ڕێگا و دروشم و بەرنامە و سیاسەتی یەکێتی بکەون.

هەڤاڵی شەخسپەرستی مەبن. هەڤاڵی ڕێی مافی چارەنووس، ڕێی ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی بن.

هەڤاڵی بێ غەلوغەشی کوردایەتی و یەکێتییەکی عەیار بیست و چوار بن.

هەڤاڵی سۆشیال دیموکرات و هەڤاڵی شانە و کەرت و کۆمیتە و مەڵبەند و مەکتەبی یەکێتی بن، هەڤاڵی لاکۆڵانی

تاریک و نوتەک و هەڤاڵی کۆلانی بنبەست مەبن کە بۆنی شەخسزەدەیی و ڕەنگی کەس پەرستی و بەرامەی پۆلپۆلیستی و عەوام فریوی گرتووە.

***

ئەی هەڤاڵی یەکێتی: تۆ کە ئەم حزبە پان و بەرینەی مەیدانی خەباتی کوردایەتیت هەیە. بۆ دوای هەڵپەی پێچ و پەنا و هەڵلای پەیجی درۆزنانە و میلیشیای ئەلکترۆنیی ناوی خوازراو و تایتڵی شێواو کەوتووی؟

تۆ هەڤاڵی یەکێتی و هەڤاڵی مام جەلال بە، هەڤاڵی کوردایەتی و کوردەواری و دیموکراتی بە، کە هەتا سەر و بۆ هەمووان و بە هەمووان سەرئەکەوێت.

چیت داوە لە فەلاکەت و هەلاکەت و لەرێ لادانی دوور لە حزبایەتی و دور لە هەڤاڵبەندی؟

یەکێتی ڕاستەقینە بە، دەروێشی حەقیقەتی یەکێتی بە، کۆیلەی پۆلپۆلیستی مەبە، ئەندامی سۆشیال دیموکرات بە، نەک ئەندامی سۆشیال میدیای قیل و قالی کۆمەڵگەی گریمانەیی.

ئەندامی سوپای ئەلکترۆنی ڕەسمی و ڕەسەن و ڕەوا و ڕوونی یەکێتی بە، نەک ئەندامی سپۆنسەرکراوی میلیشیای ئەلکترۆنی تەشهیر و سوکایەتی و پەلاماردان!

ئەی هەڤاڵی یەکێتی! تۆ پشتیوانی هەڤاڵەکەی خۆت بە، لەگەڵ هەڤاڵی خۆتدا خەبات و کۆشش بکە، نەک تەشهیری پێ بکەیت و ملی بشکێنی، چونکە ئەویش هەر یەکێتییە و هەر دەیەوێ یەکێتی بێت. تۆ هەڤالانی خۆت بە دۆست و یار و هاورێی خۆت بزانە، نەک لە پەیج و پەناو و پەسێوی خوازراودا سوکایەتی پێ بکەیت و کۆمێنتی نەشیاوی لەسەر بنووسی و موزایەدەی بەد عەمەلی بەسەردا بکەیت ئاخر تۆ بەو هەڤاڵە و بە کۆی هەڤالانیشت، یەکێتی و یەک سەنگەری.

❊❊❊

ئەی هەڤاڵی یەکێتی. پابەندی یەکێتیی ناو یەکێتی بە، بەگوێی ئەدەبیاتی یەکێتی بکە کە دەڵێ: کەسمان لێ زیاد نییە و لەسەر کەس پەکمان نەکەوتووە، ئەندامی ماڵە گەورەکە بە نەک ئەندامی بازنەی چەواشەکاری و لە خۆ ڕازیبوون و لە خەڵک تەوەلا بوون بیت.

بەگوێی مامی یەکێتی بکە کە دەیگوت: مەدحی شەهیدان بکەن و بە شانوباڵی نەمرانی رێی مافی چارەنووسدا هەڵبدەن، نەک بە کولاوی و بە برژاوی مەدح و سەنای ئەم و ئەو بکەن و دیاردەی ناپەسەندی پڵنگی کاغەزیی رەواج پێ بدەیت! بەگوێی مام بکەن کە دەیگوت: (سەروەریمان، مانەوەمان، گەشەکردنمان، بەندە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە.)

گوێ لە ڕاسپاردەی مام بگرن کە دەیگوت: (ئەوە بەرهەمی خەباتی خۆتان و خوێنی شەهیدەکانتانە کە مام جەلال ئەو پێگەیەی هەیە لە دونیادا).

***

هەڤاڵانی یەکێتی: سەرجەمی هەڤاڵانی یەکێتی: یەکێتی وەک بیلبیلەی چاوتان بپارێزن و یەکێتی ناو یەکێتی بگەشێننەوە.

ئێوە مرواری زیخ و چەوی کانی ڕوونی یەکێتین، سەرەنجام هەر یەکێتی و هەر نیشتمان و هەر کوردستان دەمێننەوە، هەر مافی چارەنووس ڕاستییە تا سەر، و ئەبەدی، و نەمرەکەیە.

# خانووە قوڕەکان

خەباتی ژینگەیی، دژە توتدوتیژی
فراوانکردنی بەشداری ژنان و لاوان...

یەکێتی حزبێکی سۆشیال دیموکراتـ، ڕێکخراوی کەلتووری دیموکراسی، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و دادپەروەرییە. ئەم ئاڕاستەیە لەسیاسەتی کوردایەتی خەباتێکی فیکری دوور مەودا و قوڵی لەپێناوداکراوە و بۆتە بەشێکی ڕەسەن و زیندوو لەبزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا.

سەرۆک مام جەلال عەراب و باوکی دامەزرێنەری ئەم ئاڕاستەیە کە کوردایەتی پێشکەوتنخوازی خاوەن بەرنامەی رزگاری نیشتمانی، تێکەڵ بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و دیموکراسییەکان کردووە. بەجۆرێک ناتوانرێت دیمەنی کوردایەتی پێشکەوتنخواز لەکوردەوارییەکی گەشەکردوو جیابکرێتەوە.

ئەم ڕەوتە زیندوو، و زەنگین و درەوشاوەیە، ڕەنگە هەندێکجار بەناونیشانی جیاوازەوە دەرکەوتبێت، بەڵام لەدوای

یەکەمین کۆنگرەی گشتی یەکێتییەوە، کە هاوکاتی بەدیهاتنی کوردستانی دوای راپەڕین و رزگارییە، لە (١٩٩١-١٩٩٢)، ناونیشانی ئەم ئاوێتەبوونەی کوردایەتی و کوردەواریی خۆی لەبژاردەی سۆشیال دیموکرات چڕکردەوە و تائێستاش هەر ئەوە ناونیشانی ڕێباز و فیکر و سیاسەتی یەکێتییە.

سەرۆک مام جەلال بۆ خۆشەویستکردنی چەمکی سۆشیال دیموکرات و کورداندنی ئەو بژاردە فیکرییە ناوی (گەڕانەوە بۆ خانووە قوڕەکان)ی لێنا. گەڕانەوە بۆ خانووە قوڕەکان، ناونیشانێکی مەجازییە بۆ مانایەکی قووڵ، کە هەم تەئکیدکردنەوەیە لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ریزبەندی یەکێتی لەناو کۆمەڵی کوردستاندا، هەمیش توانجێکی رەخنەگرانەی مام جەلال-ە لە ڕەوتی کاری یەکێتی لەدوای ڕاپەڕینەوە.

داوای گەڕانەوە، خۆی لەخۆیدا رەخنەگرتنە لەوەی لادانی کاتی و خراپمان هەبووە و گەرەکە بگەڕێینەوە.

ئەدەبیاتی مام پڕە لەو دەستەواژە جوانانەی بێ بریندارکردن و زامدارکردنی هەڤاڵانە، دەرزی فشکردنەوە بۆ چارەسەکردنی باغزی و لەخۆگۆڕان، بەکاردێنێت. داوای گەڕانەوە بۆ کەلتووری خانووە قوڕەکان، داخوازی (سۆشیالیزمی هەژارانە) نییە، کە زاراوەیەکی باوی ئەدەبیاتی سۆشیالیستییە، بەڵکو

دەستنیشانکردنی کەموکوڕییە لەرەوتی کار و خەبات، کە هەندێکجار لەبەر هاوپەیمانێتی و دۆستایەتی سیاسی ناسنامەی یەکێتی لەناو کۆمەڵی کوردەواری و لەناو سیاسەتی کوردستاندا بزر دەکات.

ئەدەبیاتی یەکێتی و ناسنامەکەی قەت لەبەر بژاردەی نەتەوەیی و پەرۆشی بۆ یەکێتی ڕیزەکانی گەل و ئامانجە هاوبەشەکان، جیاوازییە بنەڕەتی و جوانەکانی یەکێتی لەگەڵ هێزەکانی تر فەرامۆش ناکات، بەڵکو ئەو ناسنامەیە ئاوی حەیاتە بۆ یەکێتی، پەرۆشی و قوربانیدانی پلەیەکی گیانبازان بۆ کوردایەتی و پرسی نەتەوایەتی مانای ڕێزکردنی ئەولەویەتەکانە، نەک میوتکردنی ناڕەزایی و داخوازی و پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان.

کۆنگرەی چوارەمی یەکێتی، سەرەڕای هەر تێبینییەک، هیچی نەکردبێت ئەوەندەی بەسە لەناو گێژاوی سیاسەت و مەسڵەحەتدا توانی ناونیشانی سۆشیال دیموکراتییانەی یەکێتی بپارێزێت.

نزیکەی ساڵێکە هاوشانی یەکێتی بڕیار و یەکێتی ئاڕاستەدا دەرفەت لەبارە بۆ پێداهاتنەوە و مشتومالکردنی ناسنامە کۆمەلایەتییەکەی ئەم حزبە سۆشیال دیموکراتە کە کۆمەلانی خەڵک و توێژەکانی وەک خوێندکاران و لاوان هەقیانە داوا

لەیەکێتی بکەن تۆخی بکاتەوە، مادام هێزی تر هاتن و چوون و هیچیان پێ نەکرا.

هەروەک سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی لەدیالۆگی (۲۳ سەعاتی) خوێندکاراندا گووتی: (لەپێشدا پرسیم بۆچی خۆپیشاندان دەکەن؟، کە گوێم لەکەموکوڕی و داخوازییەکانیان بوو، پرسیم ئەرێ چۆنە تائێستا ناڕەزایەتیی گەورەتان دەرنەبڕیووە)؟!.

دیداری یەکێتی کە وەک گردبوونەوەیەکی دیموکراسی، حزبی، و میللی، بابەتی سەرەکی ژیانی سیاسیی کوردستان بوو لەگەرمەی یادی ٤٧ساڵەی یەکێتیدا، ئەم ئەرکەی بەچڕوپڕی راپەڕاند کە بۆ گەشانەوەی ناسنامەی یەکێتی پێویست بوو.

لەکۆڕی کرداری سیاسیشیدا، بانگەواز بۆ سەوزکردنی یەک ملیۆن درەختی کوردستان، داخوازی بۆ سەروەرکردنی ژینگەی پاکوخاوێنی وڵات، راوکردنی داوای ژینگەپارێزی لەم هەڕەشانەی لەسەر ژینگەی وڵات و خەمی هاوبەشی دونیا هەیە، و کردنی بەمەرجێک لە مەرجەکانی دەنگدان بەحکومەتی داهاتووی عیراق، وەک هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەت تەئکیدی لێ کردەوە، داخوازی بۆ فراوانکردنی بەشداری لاوان لەکایەی سیاسیدا (رەخنەگرتنیش لە ژیان و گوزەرانی توێژی خوێندکاران) تا فراوانکردنی بەشداریی

ژنان لەکایەیی گشتی (لەگەڵ ئیدانەکردنی توندوتیژی دژی ژنان و تەهوینکردن بە حزورییان لەکۆمەڵدا) ئەمانە گشتی بەشێکی دیمەنی ناساندنەوەی یەکێتییە لەکوردستان و عیراق کە دەبێت یەکێتییەکەمان، هەڤاڵانە، کوردانە و دیموکراسییانە پێداگری لەسەر بکات. بە جۆرێک قەرەبووی پێکوتەی ڕابردووش بکاتەوە.

حزبی سیاسی سەرکەوتوو،کە یەکێتی چارەنووسی وایە وا بێت، هەر دەبێ حزبی ناسنامەی تایبەتی خۆی و حزبی خەمە هاوبەشەکانی وەک (یەکرِزی کوردستانیی لەکوردستان) و حزبی (یەک ئامانجی تەوافوق و شەراکەت لەتەواوی عیراقدا) بێت.

یەکێتی وایە... هی خەباتی سۆشیال دیموکراتییە، وەک چۆن هی خەباتی ئەرکە نەتەوەییەکانە. لەیەکەمیاندا دەبێ خەباتی پەرلەمانیی، سەندیکایی، دیموکراتیی و هەمەلایەنە پێشبخات لە کۆمەڵدا، با ڕێگەکە دژوار و دوور، تولەرێ و تاریک بێت، لەدووەمیشیاندا هاوپەیمانی زۆرە، بەس گرنگە هەمیشە خۆی پێشڕەوی بکات.

# دوو رۆژ دیداری چڕو پڕی خوێندکاران

وزەی یەکێتی بەشی هەموو ئەرکەکان دەکات لە نێوان کۆبوونەوەی دەباشان و کۆبوونەوەی ناو هۆڵی ئەنجومەنی سەرکردایەتیدا. ئەم وزەیە هەر بیستویەک سەعاتی دیالۆگ و پێک سەلماندن و روونکردنەوەی سیاسەت و پلاتفۆرمی نێوان هەڤاڵ بافل جەلال تاڵەبانی و خوێندکارانی ناڕازیی نییە، هەر دوو جوگرافیای دوو کۆبوونەوە نییە، بەڵکو وزەی کارە لە هەموو ئاستەکاندا:

-ئاستی نزیکایەتی راستەوخۆی یەکێتی لەم قۆناغە تازەیە لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری، لەم وێستگەیەدا دانیشتن و دیدار لەگەڵ توێژی خوێندکاران کرا و لە وێستگەکانی تر نۆبەتی چین و توێژەکانی تریش دێت.

ئەم دیمەنانە دێرین و نوێشە، دێرینن چونکە دیمەنی کۆبوونەوە فراوان و گەرموگوڕەکانی هەڤاڵ مام جەلالمان دەخاتەوە بیر، و نوێشن،، چونکە دەمێکە لەم دیمەنانە بێ

بەشین، و وا دوو ڕۆژە هەڤاڵ بافل جەلال تاڵەبانی بە چڕی کار لەسەر زیندووکردنەوەی کەلتورێکی یەکێتیانەی ڕەسەن دەکات.

- ئاستی گۆڕینی ئەولەویاتەکان لە بازنەی خولانەوەی زیاد لە پێویست لەدەوری ژیانی ناوخۆیی حزبایەتی «مەنەلۆگ» بۆ بازنەی هەرە فراوانی حزب لەگەڵ خەڵکدا «دیالۆگ»، چونکە بە ڕوونی ئەو دیاردەیە بە هەڵسوڕانی حزبیانەی یەکێتییەوە دیار بوو کە لە دوای کۆنگرەی چوارەمەوە ئەوەندەی خەریکی خۆڕازیکردنی خۆیی بوو ئەوەندە نەدەپەرژایە سەر ئەرکە جەماوەرییەکان، نەخاسمە کە یەکێتیی خۆی بۆ خەڵک و لە پێناوی ئامانجی گشتی خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکدا دروست بووە.

زیاتر لە بیست سەعاتی کۆبوونەوەی هەڤاڵ بافڵ لەگەڵ خوێندکارانی خاوەن یەک زنجیرە داخوازی هاوبەش، بەڵام لە پێشینەی بیرکردنەوەی جیاجیا ئەم ئەرکەی بە باشترین شێوە ڕاپەڕاند.

ئەم ئەزموونە تازەیە بازنەی ئینتمای یەکێتی و ئینتما بۆ یەکێتی فراوانتر دەکات بە قەدەر فراوانی کوردەواری و هەمەچەشنی دونیابینی و جۆراوجۆری بەرژەوەندییەکانی ناوی.

- گەرموگوڕی دیداری ڕووبەڕوو و گفتوگۆی دوورودرێژ و پێکسەلماندن و ڕەتکردنەوە و پەسەندکردنی بژاردەکانی یەکتری کارێکی باشە کە بیر و ئەندێشەی یەکێتی، بێ فلتەری نەخوازراوی سیاسیی، دەباتە ناو خەڵکەوەو بیر و لێکدانەوەی خەڵکیش کە لێرە خوێندکاران نموونەیەکن لێیان، دەهێنێتەوە بۆ یەکێتی.

ڕاستە حزبی حەریف و خاوەن ئەزموونی وەک یەکێتی زیاتر ئاراستە دەکا و بەشی ئەوە خەزینی ئەزموونی هەیە کە ئەو ئاراستەیە دابین دەکات، بەڵام ئەوەش زۆر ڕاستە کە لە دووڕیانەکانی وەرچەرخاندا حزبی بە ئەزموونیش خۆ ئەبدەیتکردنەوەیەکی چۆنایەتی پێویستە و ئەمەش ڕێک بە تەماسی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر دەبێت کە بێ سانسۆر دیدە تازەکان بە خاو و فرێشی دەگەیەنێت. دیدی تازەش بۆ ئەوەی ئایندەیی بێت ڕێک لای خوێندکاران و لاوانە کە هەم ئازار و پەژارە و خەمیان تازەیە و هەم خەون و خولیاکانیشیان ئەیقۆنی هەڵگری دوا ڕۆژ و پێشبینییەکانێتی.

ئێستا، ئیتر هەڤاڵ بافل جەلال تالەبانی بەم تەماسە ڕاستەوخۆیە لە دونیابینی کچان و کوڕانی گەنجی چارەکی یەکەمی سەدەی نوێ تێدەگات و لەهەر بڕیاردان و گەڵاڵەکردنێکی سیاسییدا بیری ئەوان و بیر لەوانیش دەکاتەوە.

– تەوقیتی کۆبوونەوەکانیش مەغزایان قووڵە و شتی ترمان پێ دەڵێت: دوو کۆبوونەوەکەی خوێندکاران هەر هاوکاتی خۆپیشاندانەکان و ئاکامێکی خۆپیشاندانەکان نییە، بەڵکو هاوکاتی تێهەڵچوونەوەی کردەوە تیرۆریستییەکانی داعشە کە هەڕەشەیەکی بەردەوامی بەردەرگای کوردستان و درزی سواقنەدراوی نێوان هەرێم و بەغدایە لە جوگرافیای ناوچەدابڕاوەکاندا. هیچ شتێک ڕەوتی داڕژانی نەرم و شێنەیی دیالۆگی نێوان هەڤاڵ بافڵ و خوێندکارانی نەدەپچڕی کە دوو ڕۆژی چڕوپڕی بۆ تەرخانکرابوو، مەگەر پابەندێتی سیاسیی و دەستبەجێی وەک کەسی یەکەمی یەکێتیی و ئەولەویەتی بەرەنگاری داعش نەبێت کە ئەرکی حزبە دەربەست و خاوەن خەمە گەورەکانی وەکو یەکێتی قورستر کردووە.

خوێندکارانی زرنگ و ژیر، بێ ئەوەی پێیان بگوترێ و منەتیان بەسەردا بکرێ، دەیانزانی کە هەر ئەم پابەندێتییە زۆر گرنگ و زەرورییەیە کە دەریدەخات حزبی لێپرسراو و ئەرک لە ئەستۆی وەک یەکێتیی لە هاوکاتە هەستیارەکاندا زیاد لەبەرەیەکی کار و کۆششیان لە ئەستۆیە و زیندوێتیی سیاسییش ڕێک ئەوەیە هیچ ئەرکێک لەسەر ئەویتر پەکنەخرێت. با لە ڕیزبەندی و ئەولەویەتیشدا جوڵە بکا و بێت و بڕوا لە نێوان ئەرکی دیموکراتی و مەدەنی و ئەرکی

نیشتمانیی بەرەنگاری داعشدا.

خوێندکاران خۆیان گەنجی ئەمڕۆن و لە پەیامەکان دەگەن و ئەرکەکان دەبینن، وابوو دوێنێ لەسەر ئاڵای کوردستان بە ناهەق لۆمەکران، بەڵام لە چالاکی ئەمڕۆیاندا ئاڵایان سەروەرکرد و لە خەم و خولیای داخوازییەکانیانیان پێچا تا ڕەوایی زیاتری پێ بدەن.

یەکێتی هەمیشە گەرەکێتی وزە و ورەی خۆی لە گۆشەیەکی دوور لە خەڵکی بە فیڕۆنەدا، بەڵکو تێکەڵی ئەوانی بکاتەوە، لەوەشدا چاک دەکات.

## پیرۆزە لە یەکێتییەکان
## پیرۆزە لە سەرۆك

کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مێژووترین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بوو لە دوای کۆنگرەی چوارەمی ئەم حزبەوە، کۆبوونەوەیەک پێکەوەیی و یەک بڕیاری و یەک هەڵوێستی و... ئینجاش، بە گفتوگۆی چڕی هەڤاڵانەوە، دەریچەی ڕێکخراوەیی و دیموکراتی بۆ داهاتووی حزبی شەهیدان، پەسەند کرد.

کۆبوونەوە لەسەر دوو دینگەی پتەوی دەربەستی و بەرپرسیارێتی ئاماژەی پتەوبوونەوەی ریزەکانی یەکێتی بۆ دوور و نزیک، دۆست و لایەنگر و پەیوەندارانی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و عێراق نارد و دووپات کردەوە.

- یەکەمیان: لە بازنەی فراوانی رێکخراوەیی یەکێتییەوە، لە ڕاو سەرنج و پێشنیاز و ڕەخنەی کادیران و تێکۆشەرانی یەکێتییەوە، لە دیداری بەرفراوانی هەزاران هەڤاڵی دێرین و

نوێوە دەستی پێکرد کە لە بەهاری ئەمساڵ تا جەنەراڵ دیدار لە کۆتایی مایسی رابردوو، قسەیان دەربارەی یەکێتییەکەی خۆیان کرد و گەلاڵەی هەموو ڕاو راز و نیازیان بەسەر سیانزە سێکتەردا دابەشکرد و ئەمرۆش ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەر هەموویانی پەسەند کرد.

واتا دەستپێکی کۆبوونەوەی ئەنجومەن سڵاوی سەرکردایەتی یەکێتی بوو بۆ ڕەنجی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی چەند مانگەی جەماوەری فراوانی ئەم حزبە لە سەرتاسەری کوردستان، لەگەڵ پەسەندکردنیشی، دامەزراوە و ئۆرگانە حزبییەکانی راسپارد رێوشوێنی جێبەجێکردنی بدۆزنەوە و کاری لەسەر بکەن.

ئیتر لەمڕۆوە (٢٠٢٢/٨/٢٨) کتێبی دیدار کە پوختکراوەی راسپاردەی سەرجەم لیژنەکان دەگرێتەخۆی، لە پاڵ پەیرەو و پرۆگرام، دەبێتە ڕێنوێنی ئۆرگانەکان و هەڤاڵانی یەکێتی بۆ کار و تێکۆشان تا دیداری داهاتوو کە ئەنجومەن بڕیاری دا وەک دیاردەیەکی دیموکراتی حزبیانە و بۆنەیەک بۆ ئەبدەیتکردنەوەی پەیوەندی یەکێتی بە جەماوەر و دەستەبژێری کوردەوارییەوە، ساڵانە ساز بکرێت.

- دووەمیان: پتەوکردنەوەی یەک ئاراستەیی و یەک بڕیاری و یەک هەڵوێستی ئەنجومەن، بۆ ئەوەی یەکێتی ڕیزەکان لە سەرکردایەتییەوە شۆڕبێتەوە بۆ سەرجەم ئۆرگانەکان،

بەجۆرێکی وا بێت کە ئیتر سەرکردایەتی پێشڕەوی ئەرک و بەرپرسیارێتی ستراتیژی حزبەکە بێت و بەو پتەوی و تۆکمەیی و یەکێتییەوە دەرەقەتی ئەرکەکانی قۆناغ بێت کە ئەمڕۆی کوردستان و عێراق پێویستی بە سیاسەتی بنیاتنەرانەو ژیرانەی حزبەکەی مام هەیە و لە تەقویمی ڕووداوەکانی ماوەی رابردووش ئەم راستییە بە ڕوونی و ڕەوانی دەرکەوتەوە.

چونکە دۆخی ئەمڕۆی پرۆسەی سیاسی عێراق و دۆخی ناوخۆی کوردستانیش نیشانی دەدا گەلێک پێویستی بە دەستپێشخەری و هەڵوێستەکانی یەکێتی و سەرۆکایەتییەکەی هەیە.

جا بەخۆشحاڵیەوە هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بۆ ئەم پێویستییە حزبی و نیشتمانییە وابوو کە لەگەڵ ویستی یەک بڕیاری و یەک هەڵوێست و ئاراستەی ژیرانەی نزیکەی ساڵی رابردوو وێک بێتەوە، بۆیە بە پەرۆشی و بەرپرسیارێتییەوە هەموارەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەند کرد، سیستمی ناکارا و شپرزەیی هاوسەرۆکایەتی هەڵوەشاندەوە و هەڤاڵ سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی هەڵبژارد تا ئەرکەکانی قۆناغی داهاتووش تەواو بکات و متمانەی سەرکردایەتی و قاعیدەی یەکێتی بۆ خێر و خۆشی کوردستان بخاتەگەڕ و چاکسازییەکانی درێژە پێبدا کە ئەم چاکسازی و خۆڕێکخستنەوە و خۆتوندوتۆڵکردنەوەیە ڕەزامەندییەکی گشتی و جەماوەری بەدەست هێناوە و

دەهێنێت، ئەمەش لە کاتی بە تەنگەوەهاتنی گرفت و داخوازی خوێندکاران، لەکاتی بڕیارەکانی لێپرسینەوە لە دەستدرێژی کردنە سەر ماڵ و موڵکی گشتی و زۆر بڕیاری تریش، بە ڕوونی دەرکەوت.

هەر بەڕاستی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەبەر ئەوەی بنتەمەڵی (دیموکراسی و قاعیدەی فراوانی ئەندامان) و (یەک تیمی) جێگیرکرد، بووە وێستگەیەکی نوێ لە ژیانی حزبایەتی یەکێتی کە تامی سیاسەتە حەکیمانەکەی سەرۆک مام جەلال دەدا و بۆنی خۆشی چەپکەگوڵەکەی لێ دێت کە چەپکە گوڵی: دەربەستی و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی، هەڵسەنگاندنی ورد و ژیرانە، دەستپێشخەری و خاوەندارێتییە لە ئیرادە و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و سەرئەنجامیش کارێکی چاک و باشیکرد کە بە دەنگدانی دیموکراتی ئەم ئەمانەتە مێژووییە بە ئایندەی گەشی کوردستان سپارد.

پیرۆزە لە یەکێتییەکان، لە سەرکردایەتی یەکگرتوو و بە ئیرادەی یەکێتی و پیرۆزە لە سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی، کە ڕاسپێردرا ئەرکە قورسەکە تەواو بکات و گەرەکە هەموو یەکێتییەکان، لە هەموو ئاستەکاندا، پشتیوانی بن بۆ خزمەتی میللەتەکەمان.

# لەپێناو کورددا
# ستۆپ بە ناڕەوایی دەکەین

شانازییەکانی یەکێتی ڕۆژانە و لەسەر یەکن، تۆمارێکی دووروودرێژن، بۆیە لەسەر دوانیان دەدەوێین، چونکە تازەترینیانە، چونکە دژوارترینیانە.

تیمی یەکێتی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ بافڵ جەلال تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان هەر بۆ داکۆکی لە ئستحقاقەکانی یەکێتی لە بەغدا نەبوو کە ئەوەش مافێکی ڕەوای یەکێتیانە و دیموکراتیانەیە، بەڵکو لەوەش گرنگتر بۆ ئەوە بوو داکۆکی لە جەوهەری پرۆسەی سیاسیی عیراق بکات کە تەوافوق و هاوسەنگی و بەشداری ڕاستەقینەیە، ئەم جەوهەرە دیموکراسییە باوکە دامەزرێنەرەکانی عیراقی تازە ڕەنج و هیلاکی زۆریان بۆ خەرج کرد. چونکە بێ ئەم دیزاینە زیندوو و ژیارییە مافە دەستوورییەکانی نەتەوەی کورد و شوێنی کوردستان لە نەخشەی سیاسیی عیراق لێڵ

و تەماوی دەبوو. بگرە دەچووینەوە چوارگۆشەی یەکەمی داخوازییەکانی گەلەکەمان.

لە دوای کەوتنی بتی دیکتاتۆری سەدام، لە ساڵی ٢٠٠٣، باوکە دامەزرێنەرەکانی دیموکراسیی و لەسەروشیانەوە سەرۆک مام جەلال، رەنجی فەرهادیان بۆ بەدەستوریکردنی تەوافوق و هاوسەنگی و شەراکەتی راستەقینە دا.

سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی لە بەغدا لەڕێی دیدار و لێتێگەیشتن و دیالۆگی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو ئاراستەکانی سیاسەتی عیراقیدا ستۆپی بەو مەیلە ناڕەوا و ناجۆرە و نادەستورییە کرد کە دەیانویست بەناوی زۆرینەی دەنگ و زۆرینەی کورسییەوە دیموکراسیی عیراق بێ بەها بکەن و بەشی کوردستانیشی لێ بقرتێنن. بەداخەوەش کە پارتی لەپێناو پۆست و پارە و مەیلی داخستنی هەموو دەزگاکانی گفتوگۆ و پێکەوەیی بەسەر یەکێتیدا، بووە بەشێک لەو ئاراستە مەترسیدارەی دەیویست مافەکانی کورد قووت بدا و بە ناوی جوانی زۆرینەی دیموکراسییەوە چارەسەرێکی ڕەش پێشنیاز بکات. پارتی یان دەرکی بەو مەترسیانە نەدەکرد یان چاوی تەماعی هیچی نەدەبینی، یاخود بە هۆکاری تر بووە بەشێک لە (سیناریۆی ئەغلبیە) کە لێدان بوو لە کۆششی هەشتا ساڵەی کورد بۆ دروستکردنی عیراقێکی تازە و تەوافوقی.

تەنانەت باکی بەوەش نەبوو کە لە سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسیی دوای پرۆسەی ئازادی عیراق سەرۆکی پارتی، بەڕێز مەسعود بارزانی، خۆی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و سەرکردە ژیر و دیموکراتەکانی عیراق، لە ساڵی ٢٠٠٥، ئەم پرەنسیپانەیان لە دەستوری گەلپەسەندی عیراقدا جێگیر کرد.

ستۆپێکردنی مەیلی هەڵگەڕانەوە کە سەرۆک بافڵ و تیمی یەکێتی پێی ڕابوون، هەم پرۆسەی سیاسیی عیراقی لە داڕوخان پاراست و هەمیش جەوهەری تەوافوقی سیاسەتی عیراقی ئەبدەیتکردەوە کە کورد تەنها لەو چوارچێوەیەدا جێی لە دیمەنی عیراقی دیموکراتدا دەبێتەوە.

شانازی دووەم و تەواوکاری کۆششی یەکێتی لە بەغدا کارنامەکەی حکومەتی دەوڵەتمەدار (محەمەد شیاع سودانی) بوو کە جێ دەستی یەکێتی لەرووی مافی کورد و کەیسی ناوچەکانی ١٤٠ ی پێوەبوو، کە هیوادارین کورد بە پتەوی و پێکەوەیی و ژیرانە ئیدارەی ئەم دەسکەوتانە بدات.

سیاسەتی سەرکەوتووی یەکێتی وابوو کە هەمووانی هێنایەوە سەر سکەی حکومەتێکی (ئیدارەی دەوڵەت) کە ڕێک وەرگێڕانێکی دەقیق و ئاکامێکی دروستی سەرکەوتنی چەمکی تەوافوقە، دوای بەلاڕێدا بردنی پرۆسەی سیاسی

وڵات.

ئەوەی بەغدا بەشێکە لە ستۆپێکردنی ناڕەوایی لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا، لە کوردستانیش هەروا دەکەین، ستۆپ بە ناڕەوایی دەکەین.

# ئاشتکردنەوەی سلێمانی
# لە ڕێژەی بارانەوە
# هەتا سەرچنار و تەواوی کوردستان

لەناو هەموو مەشغەڵەت و کۆبوونەوەی سیاسیی و تەگبیری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەمیشە کاتی هەبوو بۆ ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان ، کاتی هەبوو بۆ مشورخواردن و بەتەنگەوەهاتنی سەرما و گەرما و پێداویستی رۆژانەی خەڵک.

هەڤاڵانی سکرتاریەت کە ئێستاش هەروا دیوانی مامیان لە دەباشان و قەڵاچۆلان و دوکان بە ئاوەدانی هێشتۆتەوە لە بیریانە مام هەمیشە تەلەفۆنی بۆ کەشناسیی و شارەوانی و گومرگ و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان دەکرد و پرسیار و لێپرسینەوەی هەبوو، باران چەند و تا کوێ بارییووە؟ پەڵەی داوە؟ ئاستی ئاوی دوکان و دەربەندیخان چەندە؟ بەشی کارەبای ئەم زستانە دەکات یان نا؟ کوا کوردستانی نوێ بۆ ڕێژەی باران و کاتی رۆژووگرتن و رۆژووشکاندنیان بڵاو نەکردۆتەوە؟

هەمیشە پرسیاری دەکرد و ئەگەر دڵی ئاوی نەخواردبایەوە بە پرسیار خۆی لەگەڵ کوڕەکانی سکرتاریەت بەرێی قەڵاچۆلان تا دوکان گەشتی

دەکرد و ڕێرەوی سەیارەکانی دڵنیایی دەدایە خەڵک ، خۆشی بە دیداری جەماوەر شاد و شوکر دەبووەوە. ئەو جەماوەرەی کە بە هەوێنی شۆڕش و خەباتی دادەنا و نموونەی ماسی و ئاوەکەی لەبیر بوو.

ئەم کەلتورە جوانەی ئاوێنەکردنی کوردایەتی و کوردەوارییە هەر لە خۆی جوان بوو. ئێستاش ئەم کەلتورە ئاوەدانە هەروا ماوە و کانیاوی ئەدەبیاتی سەرۆک مام جەلال قەت کوێر نابێتەوە. بڕیارەکانی ئەم چەند ڕۆژەی سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی پشکۆی یەکێتییە ڕەسەنەکە دەگەشێنێتەوە و لەڕێی ئاشتکردنەوەی سلێمانییەوە گشت کوردستان ئاشت دەکاتەوە.

هەمیشە بۆ یەکێتی شارە حەیاتەکە کانگای ئیلهام و زەوی بەپیتی جێبەجێکردنی بیرۆکە جوانەکانی یەکێتی بووە و هەر ئەم شارەش یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی بە جۆشوخرۆشی یەکێتی دەبێت و لەوێشەوە بۆ سەرجەم کوردستان.

هێشتا ساڵی تازە نەهاتووە سەرۆک بافڵ دەستی بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کرد کە لە دوا کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی لە (١٢/٢٢) ڕایگەیاند.

کەواتە بۆ پێشەوە، بەرەو پرۆژە گەورەکەی ئاشتکردنەوەی سلێمانی و خزمەتکردنی زیاتری.

#ئاشتکردنەوەی-سلێمانی

٢٠٢٣/١٢/٢٣

# له بەغدا بێینەوە مایە و
# فەرقی پێشین پڕ بکەینەوە

لەسەروبەندی ڕووداوەکانی دوای یانزەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بوو، دیاربوو دۆخی دونیاو عیراق و کوردستانەکەشمان ڕووی لە گۆڕانە، هەر بە (کابول)ی جێ و بنەی قاعیدەو بن لادن و تیرۆریستانی جیهانی ناوەستێت. بۆنی خستنی بەعس و سەدامیش دەهات، کورد ئەو کاتەو کوردستانی ئەو ڕۆژگارە گەنج و بە ورە و ئاسۆ گەش بوو، هەموو چاوەڕێی سبەینێی چاوەڕوانکراوبووین، چونکە چاوەڕێ بووین و چونکە تەماح و تموحمان هەبوو دەمانزانی زۆر نابا زرمە لە بەغداش هەڵدەستێ. لەسەر ئەمەیە شۆڕشگێڕان ئێژن: (ان غدا لناظره لقريب).

لەم کەشە گەشبینییەوە کە بەندە دووری کایەی ڕۆژنامەگەری بوو و میرزای میدیاو پەیوەندی حکومەت بووم، وتارێکم نووسی بەناوی: (بەغدا پایتەختی سیاسەتی کوردیشە).

ڕەشنووس شپرزە بوو، ڕێکمخستن و تیفتیفەم داو بە دوو ئەڵقە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایەوە. (دواتر لە لاپەڕەکانی بەشی یەکەمی کتێبی مەسەلەی توتنەکە جارێکی تر پەخشم کردەوە).

لەوێ باسی چی دەکەم؟ باسی ئەوە دەکەم وا دونیا لەسەددامی پێچاوە.. بەدرۆ و بەڕاستی دوای کەوتوون، پێی دەڵێن کەینوبەینی لەگەڵ قاعیدەو تیرۆر هەیە. جا وەکو ئەمەریکا دێتە ئەفغانستان و ئەم هەموو خەرجییە دەکات خۆ کارەکەی ساڵی ١٩٩١ تەواو دەکات و سەددام تەمبێ دەکات. لەوێ گوتومە سیاسەتی کوردستانی لەدوای (١٠) ساڵ لە رزگاریی کوردستان (١٩٩١- ٢٠٠١) نەوەیەکی ژێری پێگەیاندووە کە سەرەڕای دژوارییە ئابوورییەکان، ناخۆشییەکانی شەڕی ناوخۆو پەرتوکەرتبوونی کورد، هێشتا ئومێدێکی بەگۆڕانکاری هەیە و چاوی لەوەیە گەمارۆی سەر کوردستان تێپەڕێنێ و کچان و کوڕانی کوردەواری ئەوکاتە، کەتەنها دوو بۆ سێ زانکۆی هەژار، ئەمما هیواداری هەیە، دەتوانن لە کێبڕکێی باقی لاوانی عیراقدا قسەیان هەبێ و قسەیان گوێ لێگیراوبێ. ئەمە چەند بڕگەیەکی وتارە کۆنەکەیە:

*هەر ئێستا ئێمە لە قۆناغی ترس لە گۆڕان و خواستی گۆڕانداین. ئەم هەلومەرجەی وا لەژێر ناوی دونیای دوای (١١)

ی ئەیلولی ٢٠٠١-یشدا قەراری گرتووە، چونکە هەلومەرجێکی هەرەنوێ و سەرەتای وەرچەرخانێکی هەرە گەورەی هاوکێشە سیاسییەکانی دونیایە. وا دەبینین ترسەکەمان زیاتر و خواستی گۆڕانەکەشمان زیاتر و دوور مەوداترە. ئیدی هەر لەبەرئەوەش پرسیارەکانمان جیددی تر و بێگومان وەڵامەکانیشمان وردبینی و هەڵوەستەی دەوێت.

*هەرگیز ئامانجەکانی کوردایەتی و هێزە سیاسییەکانی لەوەدا کۆتایی نایەت و تەنها بەوەش پەرژینی ئاسنینی پارێزگاری ئامانجە نەتەوەییەکانمان مسۆگەر ناکەین کە لە عێراقی ئایندەدا فیدرالیزم وەربگرین و چەند وەزیرێک (یان بۆچی سەرۆکایەتی نەبێ)؟ بە نسیبی کورد بێت، بەڵکو لەپاڵ ئەو ئامانجە پیرۆز و گرنگانەشدا چاوەڕێ دەکرێ چالاک و هەڵسوڕاوانی کورد لەناو زانکۆکانی پایتەخت و لەناو دامەزراوە ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتییەکاندا ببزوێن و رۆڵ بگێڕن... وتاری (بەغدا پایتەخی سیاسەتی کوردیشە! لە کتێبی یەکەمی مەسەلەی توتنەکە... باسوخواسەکانی کوردایەتی، لاپەڕەکانی ١٥١-١٦٠).

ڕەنگە بۆ ئەوکاتە، هەرواش بوو، بیرۆکە سیاسییەکانمان، شرۆڤەو تەخمینەکانمان سنووردار و کەمبڕ بووبێت، بەڵام تایتڵی سەرەکی (بەغدا پایتەختی سیاسەتی کوردیشە)

پێشبینییەکی ڕاست بوو، لەبیرمە چەند هاوەڵ و دەستەبژێری رووناکبیری و سیاسی ئەو کاتەی کوردستان، سەرەتای سەدەی بیست، رەخنەیان گرت و نوقرچیان لێدام گوایە زووە پێشبینی وابکەین لەسەر عیراق و بەغداکەی، کە وای لێ بێت بۆ کورد و بزووتنەوە سیاسییە (قاچاخەکەی) ڕام بێت و کەوی بکرێت. هەشبوون بەو ئومێدە پشتیوان و ڕێنوێن بوون. ڕاستییەکەی ئەو سەردەمە، نەک هەر بەندەی فەقیری ماڵی خۆم، بەڵکو زۆر دۆست و هاوەڵی تریش گەشبین و پێشبینی خوازبوون.

ڕژێمی تاڵیبان لە (کابول) کاول بوو و رووی ئامانج و تیرەکان بەغدایان کردە گۆڕپانی دووەمی شەڕی تەمبێ کردنی لاسارەکان. ئاخر کەسیان وەکو بەعس ماددەی لێپێچینەوەی حازر بەدەست و گونجاو نەبوون.

بەعس کەوت و حوکم کەوتە دەستی قوربانییەکانی لە کورد و شیعە و هاوشانەکانیان لە سوننەی زیانمەندی دەستی سەددام. ئێستا کە ساڵی ٢٠٠٢ـە ئەولای چیرۆکەکە لای کەس شاراوە نییە. بیست ساڵە ئەزموونی جۆراجۆر دەکرێت و لەو ڕۆژەوە ئاوێکی زۆر ڕژاوە و حکومەت لە دوای حکومەت دێتو دەڕوا. واجارێکی دیکە ئەو مانشێتە دەبێتەوە پێویستی قۆناغ و دەقەکەشی لەزهنی نووسەری باس وەک زەنگی

کلێسای دێرین دەزرنگێتەوە. داخۆ چەند دەوران تێپەڕینو چەند تاقیکردنەوە خوێن و فرمێسکی لێمان ویست؟ چەند جەمسەرگیری و گۆشەگیری، لالوتی لووت بەرزی و لاهوتی سیاسەتی خۆگرمۆڵەکردن هاتن و ڕۆشتن و هیچ دادی کەسی نەدا، مەگەر ڕێگاکەی سەرەتا نەبێت کە بەغدا سەنگەری یەکەمی بەرگرییە لە کوردستان «گەمەکە دەڵێت: هەولێر و سلێمانی دوو ناوەندی گەورەی سیاسەتی کوردین وکەرکوکیش بە دەردی ڕەواندزییان دەڵێن: ئی خۆنە. بەڵام هێڵی تەماسی داکۆکی لەوانە بەغدایە، لەوێ تۆڕی پەیوندییە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی فراوان و فراوانتر دەکرێت».. (هەمان وتار، لاپەڕەی ١٦٠).

جا بۆ ئەوەی نەبێتە خودپەسەندی، ئەرکی مۆراڵییە کە بیرمان بێت ئەو گوتەزایە هی ئەندێشەی خۆمان نییە، بەڵکو هی خوێندنگە دەوەڵەمەندەکەی مام جەلالە کە ئەوکاتو دیارە ئێستاش، خوێندکاری گوێگری بووین .لە دەساڵی حزوری مام جەلال لەبەغدا هەروایکرد کە سروشتی مانشێتەکە (بەغدا پایتەختی سیاسەتی کوردیشە) ئیلهامبەخشی سیاسەت و ریئاسەتی بێت، دیارە لە دێڕی موتەوازیعی ئێمەوە نا، بەڵکو لەسەرچاوەی ئەسڵی ئەدەبیاتی خۆیەوە کە ئەدەبیاتی مام-ە و دەوڵەمەندە بەدەستەواژەو پڕ لە ژوور و تاق و کون و

کەلەبەری وا هەر ڕۆژەی دەرس و دەورێکی تیایە بۆ پەرۆشان و خەمخۆران.

تا مام جەلال لە بەغدا بوو، (٢٠٠٣-٢٠١٣) کوردستان پارێزراوی دەستی سەد دەست وەشێن و دەستچن بوو. پەرژینی قایمی سیاسەت و تەگبیری جەلالی هەبوو کە ڕێی نەدەدا تەنگژەی درۆزنانەی عەلەم و پەڵپوو بیانووی بێتامی ناسیۆنالیزمی ساختە، زیانی پێ بگەیەنێ. زۆرترین پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەنسیبی کوردستان بوو، کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانیش لەسەر نەخشەی سیاسەتی کوردستانی ڕەزامەندی ناچاریی عیراقیش بوو.

راستیەکەی کوردستان و لەگەڵیشدا عیراق دەست لەملانێی توندی لەگەڵ دوو ئاڕاستەی سیاسی هەبوو، ئاڕاستەیەکیان دەربەست و پڕ مەست بوو لەسەر ئەرکەکانی لەبەرامبەر کوردستان و بەغدا، بۆیە گەرەکی بوو بە یاساو ڕێسای پرۆسەیەکی سیاسی دروست پێبگاو... ئاڕاستەیەکی تریش جەمسەرگیری و تەوەلا بوو و بە گازوگیری تەنگژە و هەڕەشە و گوڕەشە بوو، بێ ئەوەی لە کردارا بێتە مەیدان و چمکی کێشەیەک هەڵبگرێتەوە.

پەککەوتنی ئاڕاستەی یەکەم ئاکامێکی سروشتی دوورکەوتنەوەی مام جەلال بوو لەگۆڕەپانی سیاسی بەهۆی

نەخۆشی و ماڵئاوایی یەکجارەکی، و ئەمەش ڕێی بۆ ئاڕاستەی دووەم خۆشکرد کە بێ بەربەست و بێ بوونی هیچ ڕاوێژ و تەگبیرکارێک فەرتەنە فەرتەنە دوای فەرتەنە بنێتەوە و لەبەردەم گیانی شۆڤێنی و پاشگەزبوونەوەی نوخبەی سیاسی عیراقدا ئەویش دەزووداوی پەیوەندی بپسێنێ و هەمیشەش ناوی گەورە و خیتابی توند هەبووە و هەیە بۆ گرژی و مۆنی سیاسی.

ئێستا یەکێتی گەرەکێتی گەمارۆی سەر خۆی و ئینجاش لەوە گرنگتر گەمارۆی سەر کوردستان بشکێنێ و مەیدانی خەباتی سیاسی فراوانتر بکاتەوە.

حزوری سیاسی یەکێتی لەبەغدا و کۆبوونەوەی ڕەمزی مەکتەب سیاسی لەپایتەخت، بۆ ئەو مەبەستەیە کە دابڕان و پاشەکشێی ناهەقی کورد لە بەغدا کۆتایی پێ بێت و لاپەڕەی پێکەوەیی و ململانێ و سیاسەتکردن هەڵبداتەوە.

دەگەڕێمەوە سەر وتاری پێشین، هەقی خۆمە! ئاخر وتاری لاوی و ڕوانینی لاوێتیە. بیرمە ئاماژەم دابوو کە کچان و لاوانی کورد لەسایەی ئازادی کوردستاندا شت فێربوون و شت دەزانن، بۆیە پەراوێزی کارکردن و پێشکەوتنیان بەرامبەر لاوانی باقی عیراق فراوانترە و لە کێبڕکێدا چەند بازی زۆرتریان داوە.

«سێ دەیەیە بەغدا خۆشی بەهۆی هەژموونی توتالیتاریزمەوە لە سیاسەت و تەکنیکی سیاسیی پێشکەوتوو

داشۆراوە. ئەمەش مانای وایە کە ئێمە لە بەغدای ئایندەدا سەبارەت بە دە ساڵ ئەزموونی کارمان، دە ساڵ لە پێش هێزە سیاسییەکانی تری عێراقەوەین لە ئەزموون و شارەزاییدا. دەبێ بایی ئەو دە ساڵە زووتر بێینە دەست و جێی خۆمان بکەینەوە». (هەمان وتار لاپەڕە ١٥٩).

دیارە ئێستا لاوانی عیراق لە کۆی کایەکاندا پێشیان داوینەتەوە و تۆزی ڕێیانە بەری چاومانی گرتووە. بەڵام هەر نەیسە، ئەوە کێبڕکێیەکە دەشێ لە وێستگەیەکی تردا بێینەوە مایە، بە مەرجێ وابکەین کە (بەغدا پایتەختی سیاسەتی کوردیشە) و جوبران خاتری پاشەکشێی ڕابردوو بکەین، زۆرمان لەدەست چووە و زۆرمان ماوە کە فریای بکەوین، بەڵکو ئاڕاستەکەی تریش دەرسێکیان وەرگرتبێ و بێتە سەر ڕێگە دروستەکە.

قەت بێ هیوا مەبن.

# گەندەڵی و تەمبەڵی

گەندەڵی و تەمبەڵی دوو خۆرەی گەشەکردنی حزب و ئیدارەن.

●ئەم دوو چەمکە هەردوو چەمکی لێک نزیکی ئاواز و ریتمی وشەیی نین، هەردووکیان تەواوکاری یەکترین و هاوپەیمانی خراپەکارین لە هەر پرۆسەیەکی چاکسازیدا.

●رۆژی (٢٠٢٢/٩/٧) سەرۆک بافڵ جەلال تاڵەبانی لە میانی دیدارەکانی لەسەر رەوشی سیاسی و ئیداری کوردستان و عیراق ئاماژەی بەوە کرد کە «بە هەموو شێوەیەک دژی گەندەڵی و تەمبەڵی دەوەستینەوە».

هەڤاڵ بافڵ وردەکاری ئەم کەیسەشی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لە رۆژی (٢٠٢٢/٨/٢٨) باسکرد، وەک بەشێک لە ڕوونکردنەوەکانی لەسەر سیاسەتی یەکێتی و فراکسیۆنی یەکێتی لە حکومەتی هەرێم کە کار بۆ سەرخستنی چاکسازی لە هەرسێ سێکتەری حزب، ئیدارە و حکومڕانی و

پێشمەرگایەتیدا دەکەن.

●هەڵمەتی لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران، سزادانی ئەوانەی پلە و پێگە و ناونیشانی حزب و حکومیی خۆیان بەکاردێنن بۆ دەسکەوتی شەخسی و دەستبەسەراگرتنی موڵکی گشتی، هەڵمەتێکی حزبی و حکومیشە. لەو شوێنەی ئەرکی یەکێتییە وەک لە بڕیاری ڕۆژی (٢٠٢٢/٨/١٥) سەرۆک بافڵ دا هاتووە (کە هیوادارین هێز و لایەنەکانی تریش چاو لە یەکێتی بکەن) یەکێتی ئیتر ڕووپۆشی حزبی لەسەر هیچ کەسێکی خۆی ناهێڵێتەوە ئەگەر بەشێک بن لە گەندەڵی.

لەو شوێنەش ئەرکی حکومەتە هەم یەکێتی و هەم شەریکەکانی، بە تایبەتی لە ئیدارەی دەڤەری جارانی سەوز، پێداگری لەسەر گورجوگۆڵکردنی هەنگاوەکانی چاکسازی دەکاتەوە.

●گورجوگۆڵکردنەوەی دامەزراوەکانی حکومەتیش بەشێکە لە چارەسەر و چاکسازی، ئەم دۆسێیە بە تایبەتی لە دەستی ئەمینی حکومیدایە.

دەستی هەڤاڵ قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە کۆشش و ماوەیەکی زۆری بۆ تەرخانکردووە، کۆبوونەوەکانی لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت لە سلێمانی بۆ خستنەگەڕی پرۆژەکانی وەبەرهێنان (زیاتر لە

٥٠ پرۆژە و ٢ پرۆژەی گەشتیاری) و لێپرسینەوە لە تەمبەڵی و خاوەخاوی ڕەوتی کارەکانی ئەو پرۆژانە، بەشێکێتی و بەدواداچوون و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەشی هەرە گەورەیان پێکدەهێنێ.

جێگری سەرۆکی حکومەتیش بە هەمان ڕوانگەی ستراتیژییەوە ڕەخنەکاری توندی گەندەڵی و تەمبەڵی بوو، کە دوانەن لە زیان گەیاندن بە چاکسازی ئیداری و حکومڕانی و خزمەتگوزاری. ڕاستە گەندەڵی مەترسیدارە لەڕووی بەفیڕۆدان و بردن و بەهەدەردانی ئاشکرای سامانی گشتی، بەڵام تەمبەڵیش هەڕەشەکەی لە یەکەم کەمتر نییە، بگرە زۆرجار تەمبەڵی ئیداری و خاوەخاوی ڕۆتین و بیروکراتی مەترسیدارترە، چونکە ڕەنگە لە بەرگی یاسایی بوون و پەرۆشی بۆ پاراستنی سامانی گشتی و پاپەندبوون بە ڕێنمایی و بڕیارەکانەوە خۆی بپێچێت، بۆیە دەشێ گەندەڵی و گەندەڵکاران لە وێستگەیەکدا تێبکەون و دەرفەتی لێپرسینەوە و سزادانیان بێتە کایەوە، بەڵام تەمبەڵی هێزی پەنهانی دواکەوتوویی ئیداری و خاوخلیچکی هەڵسوڕانی دامودەزگاکانە و ئەوانیش بەشێکن لە بە فیڕۆدانی سامانی گشتی و پەکخستنی کارو کۆشش و توانا مرۆییەکان بێ ئەوەی تێبکەون و بکەونە بەر ڕەخنە و لۆمەوە.

•دەستنیشانکردنی بڕگەکانی گەندەڵی و تەمبەڵی وێستگەیەکی گرنگە لە چاکسازی، و یەکێتی لە ڕوانگەیەکی دروست و بەرچاو ڕوونییەوە چاکسازی حزب و ئیدارەی خۆی جێبەجێدەکات، هی چاکسازی و گەشەپێدان و پوختکردنەوە و گەنجکردنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بابەتێکە لالێکردنەوەیەکی تایبەتی دەوێت.

## دژەتیرۆر مەرجەعی قوربانیدانە و خۆی میدالی ئیفتیخاری نیشتمانیی دابەش دەکات

دژە تیرۆر دامەزراوەیەکە جێی شانازی نەک هەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی سەربازی کوردستانە، بەڵکو جێی باوەڕ و متمانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیشە.

لەوەتەی ئەم دامەزراوەیە کەوتۆتە خزمەتی گشتییەوە هەم لە بەرەنگاری تیرۆر و تیرۆرستان، هەم لە بەرەنگاری دوژمنانی ڕەنگ و ڕووی جیاوازی کوردایەتیشدا دەورێکی باڵای گێڕاوە، ئەم دژەتیرۆرە باسکی بەهێزی دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی کوردستانە و لە شێنەیی و پشووی خەباتیدا هەمیشە هێزی داکۆکییە لە کوردەواری، لە کۆمەڵانی خەڵک و لە خزمەتگوزاریی گشتیدا وەک هەر هێزێکی سەربازی پرۆفیشناڵی وڵاتانی سەنگین، کار و کۆششی بەکەڵک ئەنجام دەدا. دژە تیرۆر و فەرماندە و ئەفسەرە گیانبازەکانی سەنگیان

له ئاستی عیراق و شەڕی بەرەنگاری تیرۆری نێودەوڵەتیشدا ناسراو و بەرچاوە.

دژەتیرۆر لەوەتەی هاتۆتە کۆڕی خەباتی پێشمەرگایەتییەوە وەک هێزێکی گەنج، نوێ و بە ورە دەوری لە نوێکردنەوەی توانای هێزەکانی کوردستان گێڕاوەو بۆتە دەستمایەیەکی سەربازی بۆ بزووتنەوەی سیاسیمان، ئەم دامەزراوەیە لە زۆر نەبەردی و وێستگەی گرنگدا لاوازی و کەوتن و هەڵهاتنی هێزی تریشی داپۆشیوە و لە جێی هێزە قەبەکانی ناوی پیرۆزی بەرەنگاری تیرۆریان هەڵگرتووە و لە کرداردا هیچیان پێ نەکراوە و لە مەیدانی گیانبازیدا ڕایان کردووە و لە مەیدانی دەسکەوت و خۆ گیفکردنەوەی بەردەم کامێراکاندا بە سێڵفی و بە پارەداری و کەشوفشی خۆیان کردۆتە شەریکی قوربانیدانی دژەتیرۆری یەکێتی.

شەڕەکانی داکۆکی لە هەولێر و مەخمور و کۆی شەڕەکانی دژی داعش لە تۆماری نەمراندا ئیمزا و میدالی ئیفتیخارە بۆ ناسین و ناساندنەوە، پێویستیان بە تەزکییەی کەس نییە و بەهیچ سیناریۆیەکی پۆپجی لەکەدار ناکرێت هەر وەکو سەرۆک بافل جەلال تاڵەبانیش وتی؛ فەرماندەکانی یەکێتی بە خوێنی خۆیان کوردستانیان پاراستووە، یەکێتییەکان شانازی

به شەهیدبوونیانەوە دەکەن لەپێناو کوردستان نەک راکردن و هەڵهاتن لە مەترسییەکان!

هێزەکانی دژەتیرۆر بە خوێن و فرمێسک و مەشەقەتی زۆر ڕەوایەتی و شەرعیەت و دەوریان پەیدا کردووە و کەس خێریان پێ ناکات.

نەمری بۆ شەهیدانی دژە تیرۆر و سەربەرزی بۆ تێکۆشەرانی ئەم دەزگایەی شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەر یەک بۆ پاراستنی هێمنی و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک و بۆ پارێزگاری لە ئازادی کوردستان.

٢٠٢٢/١٠/٢٣

# فەسڵی دووەم

## بەهەموو جۆرەکانی یەکێتی بوون

# بۆ جوامێری کوردەواری و ...
# بۆ دیموکراسیی حزبیش

بۆ بەرچاو ڕوونی و بۆ دڵخۆشی و بۆ دڵنەوایی ئێوە و خۆمیش . هەر خۆشە قسەیەکی قەدیمی خۆم ببێژمەوە کە زۆرم گوتۆتەوە و پێم خۆشە هەمووجارێ تەئکیدی لێ بکەمەوە:

هاوسێیەتی و هەڤاڵێتی و هاورێیەتی و هاورێبازی و هاوچارەنووسیی و کۆمەڵێک (هاو)یتری لە پێشترە و ئەولەویەتی زیاتری هەیە لەسەد بەندوباوی ئیلتیزامی لابەلای تری زەمانی مۆدێرنە و بەندوباوی دونیای فانی.

لەم ڕۆژانەش کە هەموو دامەزراوەکانی یەکێتی روویان لە جۆشدانەوە و خرۆشانی دیموکراسیی دەروون حزبییەو هەڵبژاردن لە قۆناغی نوێبوونەوەدا بۆتە ئیستحقاقێکی دیموکراسیی گەشانەوەی حزبیی و قەرارە دامەزراوەکانی خوارەوەش بگرێتەوە، دیسان گەرەکمە دووپاتی ئەو قسە فلکلۆریەم

بکەمەوە کە دیموکراسیی و هەموو دامەزراوە مۆدێرنەکان و هەموو دیاردەکانی پەیوەست بەو مەراسیمە ئازادەوە چەند دەیەیەکە هاتۆتە کوردستان و ڕۆژهەڵاتەکەی ئێمەوە و ئازارێکی زۆری بڕیوە تا جێی خۆی کردۆتەوە و دڵخۆشین بە جێگیر کردنی، بەڵام جوامێری و دۆستایەتی و هەڤاڵێتی سەمیمی و مۆڕاڵی شەریک شعوریی لە کوردەواریا سەدان ساڵە هەیە و هەمیشە ژیانمان ئاوەدان دەکاتەوە و لەگەڵمانە.

بەندە کە هاوهەڵوێستی کۆنگرەی سەرکەوتووی نوێبوونەوە بووم و بەرچاوم لەسەر پێویستی نوێبوونەوەی حزب و دیموکراسی ناوخۆیی ڕوونە، و بە وتار و بەگوتار شانامەم لەسەر هۆنیوەتەوە، هەر ئەو دەورانە و هەروا ئێستاش پێداگری لەسەر پێوەرە مۆراڵییەکانی هەڵبژاردن دەکەمەوە و هیوامە لەم نەبەردییە تازەیەشدا جوامێری و هەڤاڵێتی و پێشبڕکێی وەرزشیانە و چەمکی چەپکەگوڵەکەی مامی گەورە سەروەرمان بێت و ئەم هەڵبژاردنەش بباتەوە کە بەوەش یەکێتی و نوێبوونەوەی دامەزراوەکانی یەکێتی و دیموکراسیی دەروون حزبی دەیباتەوە.

هاورێکانم و هەڤاڵانی یەکێتی لە هەموو دامەزراوە و ئۆرگانەکاندا، ئەم قسانە لەسەر دیموکراسیی و هەڵبژاردنی حزبی و دابەشکردنی ئەرکی دامەزراوەکان بۆیە دووبارە دەکەمەوە،

چونکە مام لە بۆنەی کۆنفرانسی مەڵبەندەکاندا دەیوت پۆست چەند زۆر بێت بەشی هەمووان ناکات، بەڵام ئەرک چەند زۆربێت هێشتا هەڤاڵی زیاترمان پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی.

ئێستاش کە ڕوومان لە کەرنەڤاڵی دیموکراسیی حزبی لە قۆناغێکی ترە کە یەکێتی پێی پتەوتر بێت و لە هەمان کاتدا گیانی هەڤاڵێتی کوردەواریانە بەسەر هەڵپەی ململانێی دیموکراسیی زاڵ بێت خەیاڵم لای هاوڕێ و هەڤاڵی جوانەمەرگمان، ڕاگەیاندکاری هەڵکەوتوو هونەر ڕەسوڵە کە ناوی شایستەی لە لیستی پاڵوێراوانی هەڵبژاردن بوو و بە جۆش و خرۆشێکی یەکێتیانەوە قسەی لەسەر یەکێتی دەکردو بە گیانی دەستەجەمعی ئومێدی بە نوێبوونەوەی دامەزراوەکان هەبوو، چ لە نووسین و ڕاپۆرتەکانی بۆ ڕۆژنامە و بۆ تیڤی و چ لە کۆبوونەوەکانیشدا. هونەر ڕەسوڵی هاوڕێمان بەو گیانەوە پرسیاری دەکرد کە خەمی گشتی یەکێتیانە بوو، کەچی مەرگی کوتوپڕ لە مەیدانی کار و هەڵسوڕانا هاورێکەمانی بردەوە، و سەرەنجام یادگارییەکانی و بەرنامەکانی بە نیوەناچڵی بە جێهێشت. قەبارەی پەژارەو خەمی دەروازەی راپەرین و هاوپیشەکانی دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە ناو و خزمەت و پەرۆشی گشتی لەپێشترە و سەد مەرگی لە ناکاو زەفەری پێ نابەن.

ئێستا پێش هەر شتێکی تر ئەرکی هەڤاڵەکانی هونەری

جوانەمەرگە ئەمانەتەکەی بپارێزن، خزمەت و پەرۆشی گشتی و هیواکانی هونەر بکەنە کۆمبەسی دیموکراسیی و نوێبوونەوە، نەک هەر لەکایەی خەباتی ئەو کە ڕاگەیاندنە، بەڵکو لە هەموو کایەکانی حزبایەتی و شەئنی گشتیدا.

لەگەڵ پێداگری لەسەر دیموکراسیی و هەڵبژاردن، لەگەڵ پێداگری لەسەر بەدامەزراوەیکردن و نوێبوونەوەیەکی شایانی یەکێتی، هەقە پێداگریش بکەین لەسەر گیانی هەڤاڵێتی و جوامێری و دۆستایەتی هەتا سەر چونکە ئێمە سیاسەت لە دژی یەک ناکەین، سیاسەت پێکەوە دەکەین و دیموکراسیی ناوخۆیی هەڤاڵانە ئەو خەسڵەتەشی تێدایە کە هی خۆمانە و بۆ خۆمانە، هی هەڵپە و پاشقولگرتن نییە و ئەبێ بەشی پێکەوە خەباتکردنی تێدا بهێڵینەوە، چونکە دوای ڕۆژێک لەهەر هەڵبژاردنێک چاومان بەیەک دەکەوێتەوە.

تەنها و تەنها یەکێتی لەم چوار چێوەیەدا ئەیباتەوە و پایەدار دەبێت. کە ئەو پایەدار بوو گیانی شەهیدەکان و تێکۆشەرانی پێشین ئاسوودە دەبێت و ڕۆژی دوایی هەڤالانی زیندووش پرشنگدار دەبێت، پڕ لەهاورێیەتی و جوامێری و دۆستایەتی کوردەواریانە دەبێت. دوور دەبێت لە پاشقولگرتن و ململانێی ئێسک شکاندنی هەڵبژاردن و پێچە بە دەورەی نا دیموکراسیی و الله اعلم.

٢٠٢٠/٨/١٩

# به هەموو جۆرەکانی یەکێتیبوون

به تیلەی چاوی رابردووی سەروەری، به چاوی تیژی داهاتووی چارەنووس، به برژانگی پارێزگاری لەم باسکە بەهێزەی کوردایەتی نوێباو لەسەدەی بیستویەکدا...

١

یەکێتی... هەموو هەقیانە شانازی بەم تۆمارە مێژووییەوە بکەن، بەم ڕووباری خوێنەی دیجلە و فوراتی کوردەواری و کوردایەتییەوە بنازن. لەم تابلۆ گەورەیەی خەبات و تێکۆشانی ٤٦ساڵەدا خوێنی شەهید ئەستێرەی سوور، ئالآیە، گۆچانەکەی مام دارعەسای دەست و پەنای حەسانەوەیە، کلێتەی سەری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و جامانەی سەری تێکۆشەرانی دێرین، میدالی سەر سینگی دامەزرێنەران و کاسکێتی سەری سەرکردەکانی ناوەوەی وڵات و تەگبیری مەفرەزە سەرەتاییەکانی بادینان و شارەزوور و قوربانی

فەیلییەکان و پارتیزانەکانی دوای ئەنفال و کیمیاباران، ئەمانە هەمووی دیمەنی شۆڕشی نوێن. لەم ئەلبومەدا کادێرە بزۆز و بڤۆێنەکانی چەپ و کادێرە سەرڕاستەکانی کوردایەتیش هەن، نامیلکەی ناو کەشکۆڵی پێشمەرگە و شارلستۆن لەپێی ڕێکخستنەکان و کچانی ڕووسووری نامەی چوکلێتی و نووسینی سەر دیواری زیندانەکان و دیواری لاکۆلانەکانیش هەن: کەم ژیان... و کەڵ ژیان و کرێکارێکی هەژاری کوردم و هیچ پەشیمان نیم لەوەی کە کردم... و یا کوردستان یان نەمان و یا کەرکوک و خانەقین یان تاماوین ئەجەنگینیش... هەیە، لەم تابلۆیەدا توڵەیتڵە هەیە، کانی موراد و زەڵێ و دەباشان، خانووە قوڕەکان و سەنگەری ئاوەدان و گوندی خاپوورکراوی پورە مەنیج و پلکە بەسێ و میمکە غەزێم و یا عایشێ و داک میرخاس هەیە...

٢

لەم دیمەنە چڕ و پڕەدا، ئێزگەکە و دیبلۆماسی و موفاوەزاتە حەیاتەکە و ئاسوودە بن و نەبەردی و نەبەزین و نەوەستان هەیە. ئەنجومەنی گوند و ئەنجومەنی نیشتمانی و نوێنەران و باڵەخانەی حکومەتاتی و گردبوونەوە و مانگرتن و «لێرە نارۆم هەیە».

٣

لەم دیمەنەدا دەخیلەی ڕەنجی ڕۆژهەڵات، باکور و ڕۆژئاڤا هەیە کە میوانی باشور نین و خاوەن ماڵن، ڕەوتی دیموکراتی و نیشتمانی عێراق هەیە کە نابێ لێڵی شۆڤێنیزم و تایفەگەری عێراقی قەت بەرچاومان لێڵ بکات، ئەزموونی شۆڕشگێڕی جەنگی گەلی جیهانی و جەنگەڵەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە لە خەباتیان بۆ دادو یەکسانی و ئازاد..

بەڵام یەکێتی لە بنچینە و لە کۆتایشدا هەر یەکێتییەکی خۆمانییە، کە کوردستانییان لە جوتیار و کرێکار و ئەفەندی و کچان و کوڕانی نەوەدوای نەوە پێکیانهێناوە، یەکێتی بەری ڕەنجی هەموو ئەمانەیە، ژانێکی مێژوویی نەتەوەی کوردە، کۆکتێلی گوشراوی ڕێکخستنی مۆدێرنی کوردەواری و دامەزراوەیی کوردایەتییە دوای دەیان ئەزموونی ناکام.

٤

وەکو مامۆستا گۆرانی شاعیر دەڵێ:

ئەمانەهەمووی جوانن شیرینن

ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز

بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز.

کە ئازیزی هەموومان لەم حوزەیرانە دوور و درێژەی تێکۆشاندا ئایندە و نوێبوونەوەی یەکێتییە و گرەوی گەورەش هەر ئەمەیە یاران...

٥

لەم تابلۆیەدا ئێوە و ئێمە و ئەوانیش هەن.

شتێک منیش هەم، کە منیش پەسەنێکی ناخۆشە، لەسوچێک دەرکەوتووم ، ڕۆژێک عەینەک لە چاوێکی باریکەڵەی دەربازبوو لەچنگی تەعریب، ڕۆژێک قەڵەوێکی پانوپۆڕی بێ ئەخبار و ڕۆژێکی تریش کە ئێستایەتی، بەلەنگازی پاشماوەی جەنگی نەخۆشی و ناخۆشی کە ئەدگارەکانی سەرەتای پیری سەرەتاتکێیەتی. کەمێکی زۆر کەمێکی ئەو سەروەرییەم بەردەکەوێ و تەمای تا سەری خزمەتم گەرەکە.

شەرم لەسەر ڕابردووەکەی نییە و شەڕ بۆ داهاتووەکەی دەکەم و زۆری مێژوو ڕۆیشتووە و زۆرتری داهاتووی کاروانەکەمان ماوە.

وەزیفە و جەدوای مانەوەمان ئایندەکەیە، بۆیە پێشمەرگەی ئەو داهاتووەم.

**حوزەیرانی ٢٠٢١**

# کورت و پوخت

سەنگەری یەکێتیی سەنگەری مافی گەلەکەمانە، بەڵێ ئێمە تەرەفدارین و بێلایەن نین، تەرەفداری ئیستحقاقە دەستورییەکانی کورد و مافە دیموکراسییەکانین. تەرەفداری تەوافوق و دەستور و هاوسەنگی سیاسیین کە بنچینەی پرۆسەی سیاسیی عیراقن لە دوای روخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لە ساڵی ٢٠٠٣وە. وەک باوکە دامەزرێنەرەکانی عیراقی تازە، لەسەروی هەمووشیانەوە سەرۆک مام جەلال، لەسەری پێکهاتوون. گرێبەستی عیراقی دەستوری و فیدرالی وای نووسیووە. ئیتر بۆچی ببینە تەرەف لە کێشە ئاڵۆزەکانی نێو ماڵی شیعە کە هیچی تیابەسەر نییە بۆ میللەتەکەمان؟

ڕەتکردنەوەی جەمسەرگیری نێوان پێکهاتەکان جەمسەرگیری نییە دژی ئەم لا و ئەو لا، بەڵکو ڕاوەستانە لە چەقی مافە دەستورییەکانمان.

خاوەنی مەسەلەی ڕەوا بەرچاوی روونە، چونکە مەسەلە

ڕەواکەی کۆمبەسی هەڵوێستەکانێتی. یەکێتییش خاوەنی مەسەلەیە. خاوەنی سیاسەتی سەربەخۆی ڕاست و ڕەوایە کە قازانجی کورد و ئایندەکەی مسۆگەر دەکات.

ئەمە پوختەی حیکایەتەکەیە...

# بۆ ئەوەی ببیتەوە یەکەمی سیاسیی...
# سەرەتای هێز بۆ میدیا،
# خڕکردنەوەیەتی

بۆ ئەوەی ببیتەوە ژمارەی یەکەم دەبێت جەمع و تەرحی ژمارەی خۆت بکەیتەوە. دەبێ ببیتەوە هێزی کەمەندکێش. هێزی سازدانەوە لەهەموو ئاستەکاندا.

ئەمە دانایی و عەبقەریەتێکی گەورەی ناوێت، بەڵکو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنێکی ئاسایی دەوێت.

-بۆ پایەداری لە پەرلەمان ژمارەی کورسییەکانت قسە دەکات تا زۆرینە بیت لە پەرلەمان.

-بۆ بردنەوەی نەبەردی دیموکراتی هەڵبژاردن ژمارەی کورسی دەتوانێ هێزی بڕیار بێت.

-بەڵام هێزی ژمارەی کورسیش بەس نییە، ئەگەر چەترێکی هێز نەبێت کە دڵنیایی بداتە کورسی و دانیشتوانەکانی کە ڕۆماڵدەکرێت و پشتیوانی دەبن لە لێقەوماندا.

چەتری هێزی سیاسی بە چی دەبێت ئەگەر هێزە سیاسییەکە کەمەندکێش نەبێت؟

فەزای سیاسی بەهێز بە چاککردنی ڕیزبەندی زۆنی سیاسیی جێ نفوز دەبێت.

ڕیزبەندی لایەنەکان، هی ئەرک و فەرمانەکان، هی بەش و سەنگەکان و ڕێوشوێنێکی کارای هەمەڕەنگی، بەڵام یەک دەست و یەک تیم.

لێرەوە چەمکی بارستایی مێژویی گرامشی مانا پەیدا دەکات. ئەگەر لەجێی بارستایی مێژوویی ناونیشانەکە تەنکتر بکەین دەکرێ بڵێین (فراکسیۆنی مێژوویی).

واتا ڕێگا کردنەوە بۆ کۆکردنەوەی هەر کەسێک دەنکە جۆیەکیماڵی پاشای خواردبێ. ئەو کەسە دەشێ بەشێک بێ لەو فراکسیۆنە مێژووییە، بەڵام نابێ هێزی فراکسیۆنەکە گیان و تەنی سەرشان وا قورس بکات کە لەجێی بارستایی ببێتە بارگاوی.

لێرەوە بایەخی چەمکی میکانیزم و دینامیکییەت دەردەکەوێت. هێزی بارستایی تا نەبێتە بارگاوی بە لەشی قورس پێویستی بە میکانیزمی کارا و کاریگەر هەیە. ئەمە پێی دەڵێن دینامیکییەت کە بزاوت و دەستپێشخەری و دەستوبردی دابین دەکات.

ئەم چەترەی هەڵقوڵاوی فراکسیۆنی مێژووییە فەزای ناوچەی نفوز ڕێکدەخاتەوە، ژینگەکەی پاکژ دەکاتەوە بۆ هەناسەدان و بەرهەڵداکردنی ئەندێشە و توانستە هەمەجۆرەکان.

بەو چەتر و هێزەوە دەتوانیت ژمارەی کورسی لە ژمارەی بێدەنگەوە بکەیتە ژمارەی ڕۆح لەبەر.

بۆ بردنەوەی نەبەردی دیموکراتی، بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی سیاسی و بەهێزکردنی دینگەی سیاسی بۆ هەر ڕێبازێکی سیاسی.

میدیاش دەتوانێ هێزێکی کاریگەربێ لەم ڕێرەوەدا، لە سەرەتاوە، لە ناوەڕاست و لە دەستپێداهێنانەوەی کۆتاییشدا.

بەڵام میدیا لە بۆشاییدا هیچی پێ ناکرێ میدیا لە پڕی و پۆشتە و پەرداخی هێزە سیاسییەکەدا دەتوانێ: کارا بکرێت، چاودێر بکرێت و لێپرسینەوەشی لەگەڵدا بکرێت تا بە سیخورمە و کوتانەوە و ئەدگار نواندنەوە ببێتە کارەکتەری جێی دڵخواز لە جێبەجێکردنی ئەرکەکاندا.

میدیا دەتوانێ لە خراپی و لاوازی خۆیدا دەسکەوت و سەنگی هێزی سیاسی باشیش بە فەوتان بدات، بەڵام بێ هێزی سیاسیی دڵخوازیش ناتوانێ هیچ بکات. سەرەتای هێز بۆ میدیا خڕ کردنەوەیەتی.

٢٠٢١/٣/٩

# لەمڕۆوە ئەرکە قورسەکان دەست پێدەکەن

*دەرەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراق، هاوپەیمانی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاوی کورسی مسۆگەر کردووە و چاوەڕێی تانەکانی هەڵبژاردنیشە لە سنووری پارێزگای هەولێر. بەم بۆنەیەوە پێش هەموو شتێک دەنگدەرانی هاوپەیمانی کوردستان شایانی دەستخۆشی و پیرۆزباییین، شایانی پاداشت و میدالی شایستەیین کە بە هیمەت و هەڵمەتەوە بەشداری پرۆسەی دەنگدانیان کرد و دەنگیان بۆ هاوپەیمانی کوردستان دا.

کۆمەڵانی خەڵکیش کە لەڕێی دەنگەکانیانەوە بەشداریان لە دیاریکردنی داهاتووی خۆیان کرد و بایکۆتی بژاردەی هەڵەی بایکۆتیان کرد، دیسانەوە ئەوانیش شایانی دەستخۆشی و ئافەرینن، بەتایبەتی لە ڕەوشی کەمی ڕێژەی دەنگدان بە تایبەتی لاوان کە ئەمە زەنگێکی مەترسیداری نیشتمانییە و لە ئاستیدا هەق نییە کەس خۆی بە براوە و بێباک بزانێت.

*هاوپەیمانی کوردستان بەو ژمارە کاندیدەوە دەچێتە بەغدا بۆ داکۆکیکردن لە بەرنامەی کوردستانیی و زامنکردنی شایستە دارایی و سیاسییەکانی کوردستان. بەم کاندیدە لێوەشاوانەوە کە نوێنەرایەتی (٨) پارێزگای تێدایە، بە ناوچە دابڕاوەکانیشەوە، ئەرکی داکۆکی کردنی لە مافەکانی گەلی کوردستانی گرتۆتە ئەستۆ و بە یەکڕیزی هاوپەیمانی لەگەڵ نوێنەرایەتی دیکەی کورد لە بەغدا، ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات.

*لەم هەڵبژاردنەدا هاوپەیمانی کوردستان توانی سەرکەوتوو بێت لەسەرخستنی ئەو ڕێژەیە لە کاندیدەکانی و بەیەک دەستی و بەرچاوڕوونییەکی زیاترەوە هیمەتی کرد تا خۆی لەبەردەم تەنگژە و پیلانە جۆراوجۆرەکانی، کە هاوکاتی دۆخی هەڵبژاردن بوو، ڕابگرێ و لەمڕۆشەوە بە پتەوی و شایستەییەوە لەسەر پێی خۆی، بۆ ئەرکەکانی داهاتووی، ڕاوەستاوە.

* ئەم سەرکەوتنە لە پاراستنی ڕۆڵ و پێگەی یەکێتی و هاوپەیمانی ڕێگایەکی ئاوەدان لەبەردەم یەکێتی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان باشتر جەماوەر و لایەنگرانی هانبدات و ساز بداتەوە. هەر سەبارەت بەم ڕاوەستان و مانەوەیەشە کە یەکێتی خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێ و ئەم سەرکەوتنەش، لەم دووڕیانە، لەباریدایە هەڵسانەوەیەکی چۆنایەتی بەدواوە بێت، بە مەرجێ:

*یەکێتی درێژە بە بەرنامەی چاکسازی حزبی، بە نۆرماڵکردنەوەی ژیانی حزبایەتی و ئۆرگانیکی خۆی بدات. هەڵسەنگاندنێکی وردی ئەدای کادیر و هەڤاڵەکانی لە هەموو ئاستەکاندا بکات. بەپێی پرەنسیپی حزبیی دەستخۆشی و پاداشت و لێپرسینەوە مامەڵە بکات، دوور لە کەمتەرخەمی ئەو کادیر یان ئەم ئۆرگان، دەنگدەر و جەماوەری ڕاستەقینەی خۆی سەرلەنوێ بۆ ئەرکەکانی قۆناغی تازە ساز بداتەوە.

*ڕەوتی ڕێکخستنەوەی ژیانی حزبایەتی کە پێش هەڵبژاردنەکان دەستی پێکردبوو، لەمەودواش بە گوڕوتینێکی زۆرترەوە درێژەی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی تێپەڕاندنی پیلانگێری و بەربەستەکانی ناوخۆیی حزبی و دەرەکی ببێتە وێستگەیەکی ڕاست و ڕەوا بۆ سازدانەوەی یەکێتی و بوژاندنەوەی زیاتری.

لەم ئەرکەشدا هەر ئەو پەنجە پەمەییانەی یەکێتییەکان و ئەو تێکۆشان و ماندووبوونەی هەڤاڵانی کەمپینە سەرتاسەرییەکانی یەکێتی، پێوەری سەرەکی و بڕیاردەری یەکەم و سەرەکی بێت، چونکە یەکێتییەکی پتەو و یەکدەست، خاوەن ئۆرگانی کاراو و کاریگەر و پوخت، باشتر و چاکتر ئەرکە خوازراوەکانی پێ ڕایی دەکرێت.

*یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا لە چوارچێوەی هاوپەیمانی کوردستان، کە پێکهاتووە لە یەکێتی و بزووتنەوەی

گۆڕان، بەشداری کێبڕکێی دیموکراتی هەڵبژاردنی کرد. بۆیە دەستکەوت و ئاکامەکانی، دەنگ و کورسییەکانیشی پێکەوە هی یەکێتی و گۆڕانن، چونکە ئەو ئەرک و ئامانجە هاوبەشەی هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون بەردەوامە. یەکێتی پێی وایە ئامانجەکانی هاوپەیمانی و بەرنامەکەی دەتوانێت چەتری کۆکەرەوەی لەمەودواش بێت، بۆیە ئێستاش هەر بەیەکەوە بەهێزترین. یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕەفیقی نیوەی ڕێ نابێ و وێڕای ڕێزگرتنی لە بڕیار و هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی هاوڕێیانمان لە بزووتنەوەی گۆڕان، بە ویستی هاوڕێیانە و ئەرکی هاوبەشەوە کورسییەکانی هاوپەیمانی و کاندیدانی سەرکەوتووش بە نوێنەری یەکێتی و گۆڕان دادەنێت، هەر بەرکەوتەیەکیش لەحکومەتی داهاتووی عیراق بدرێتە یەکێتی، پشکی هاوپەیمانی کوردستانەو لەگەڵ هاوڕێیانمان لەبزوتنەوەی گۆڕان بەهاوبەشی بەڕێوەی دەبەین. چاویشمان لە ئایندەی پێکەوەیی و کاری هاوبەشی خەباتگێری نێوانمانە کە لەسەر یەک وێستگەی هەڵبژاردن پەکی ناخەین. ئەمەش هەم هەڵسەنگاندنی یەکێتییە لە بەرزترین ئاست، سەرۆک و مەکتەبی سیاسی وەک لە دوایین کۆبوونەوە لە (٢٠٢١/١٠/١١) تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، هەمیش سەرەنجام وەک گیانی هەڤاڵبەندی و هاورێتی نێوانمان شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئۆرگانەکانی خوارەوە.

گەلەکەمان سەرفراز و سەرکەوتوو بێت.

# لەبەرخاتری کوردستان، لەبەر خاتری یەکێتی

له ئەزموونی هاوچەرخی میللەتانەوە دەگێڕنەوە محەمەد حەسەنێن هەیکەل ڕۆژنامەنووسی دیاری میسر کە هەژدە ساڵی تەواو یاوەر و هاوڕێی وێستگە سیاسییەکانی تەمەنی جەمال عەبدولناسر ڕابەری میسری دوای شۆڕشی یۆلیۆ بوو، دوای مردنی ناسر کتێبێکی وەڵامدانەوەی نووسی کە زنجیرە وتارێکی سیاسی بوو لەسەر دیاردەی درۆ و بوختانکردن بە زمان و بەناوی عەبدولناسرەوە.

هەیکەل سەرنجی دا هەرچی و هەرکێ لە دەورانی ناسر هیچی نەوت و هیچی نە ئەدرکاند، دوای کۆچی ناسر و بە بیانووی دەورانی ئینفتاح و کرانەوەی ڕۆژگاری ساداتەوە شتی وای دەوت لە قوتوی هیچ عەتارێکا نەبوو.

هەیکەل واتەوات و بوختانەکانی ڕەتکردەوەو بەگوێرەی لێکدانەوەو زانیاری نزیکی خۆی ئەم دیاردەیەی لە قاودا. کتێبەکەی ناو نابوو (لمصر لا لعبد الناصر) واتە لەبەر خاتری

میسر، نەک لەبەر خاتری عەبدولناسر.

هەیکەل داکۆکییەکەی خۆی لەسەر ئەو مەنتیقە بە هێزە بینا کردبوو کە داکۆکی لە دەورانی عەبدولناسر و ئەزموونەکەی داکۆکی شەخسی نییە لە سەرکردەیەک کە خزمەتێکی زۆری وڵاتەکەی کرد و دەشێ بۆچوونی جیاواز لە سەری هەبێ، بەڵام نەک تا ڕادەی نەهلستی سیاسیی و عەدەمیەتی وەفا و ئینساف. هەیکەل زیاتر داکۆکی لە ناوبانگی نیشتمانی میسر و وێستگە جیاجیاکانی شۆڕش و ئەزموونەکەی کرد.

پێموایە ناونیشانی کتێبەکەی هەیکەل دەست دەدا بۆ ناونیشانی وتارێک بەم ناوە: لەبەر خاتری کورد و کوردستان، لەبەر خاتری یەکێتی و شۆڕشی نوێ، نەک هەر لەبەر مام جەلال کە تۆمارە دەوڵەمەندەکەی پێویستی بە داکۆکی ئێمە مانان نییە.

هەقمانە بڵێین: لەبەر خاتری یەکێتی و شۆڕشی نوێ و دوا ڕۆژی گەلەکەمان تکایە دەست هەڵبگرن لە شێواندنی مێژووی پیاوێک کە هەموو تەمەنی بۆ کورد و کوردستان، بۆ کوردایەتی و دیموکراسی تەرخانکرد و تا مابوو چەتری پارێزگاری هەمووتان بوو، هەمووتان لە سایەی ئەودا بوونە فەرماندەو سەرکردەو کەسایەتی و ئەدرێسی قەبەتان بۆ خۆتان هەڵپچڕی.

پێش ئەوەی بشبێتە قیلو قال لەسەر ناسر و هەیکەل و ناونیشانی کتێبەکەی پەندێکی عەرەبی بە بیردێنمەوە کە دەڵێ (الامثال تضرب و لا نقاس) واتە پەندەکان بۆ نموونە دەهێنرنەوە نەک بۆ بەراووردی دەقاودەق. نە مەبەست لێرە بابای فەقیری وەک من شان لەشانی ئەزموونی دەوڵەمەندی هەیکەل بدەم و لەبەرامبەریشدا نە مام جەلال و نە کوردستانیش بە کەمتر دەبینم لە عەبدولناسر و میسر، بەڵام بە ڕاستی جێی خۆیەتی ناونیشانەکەی چەند بارە بڵێینەوە: لەبەر خاتری کوردستان و یەکێتی واز لە بوختان و زماندان لە مێژووی مام جەلال بێنن، ئەگەر مەبەستتان نووسینەوەی مێژووە ئەوا مێژوو دوای سێ ساڵ لە مەرگی سەرکردەکان نانووسرێتەوە. ئاخر مێژووش پیاوی خۆی هەیە کە قەت نابێ کارەکتەرەکانی ڕۆژانە و بەسەرهاتەکانی نزیک لەوانەوە بن. ئەوانە بینووسنەوە و بەدڵی خۆیان بۆ شمەکی ئەمرۆ بیهۆننەوە.

بۆیە شەرمەزارییە دوای کۆچی مام بوختان بە زمانییەوە دەکرێت، یان هەندێکجار بە ناوی دڵسۆزییەوە بۆ مام مۆنۆپۆڵی یادەوەری دەکرێت و خەڵک لە ئەزموون و سایەی ئەو کێلە بەرزە مەحروم دەکەن، هەندێک کەس دێن وتەیەک یان بەسەرهاتێک یان ڕازێکی پەنهانی مام جەلال لە سیاقی خۆی دەردەکەن و بۆ هەڵوێستێکی هەلپەرستانەی خۆیان دەیخەنەکار.

خوشکان و برایان

مێژوویەکی دووردرێژی خەباتی سیاسی، پێشمەرگایەتی و حوکمڕانی مام جەلال کە بەقەدەر دژواری و سەختی شاخ و داخ و دۆڵەکانی کوردستان بەسەرهات و ڕووداوی تیابووە، هی ئەوە نییە بۆ پول و پارە و پایەی ڕۆژگار و ڕۆژانە بکرێتە دەسکەلای خۆبردنە پێشەوە، یان چاککردنەوە، یان تۆڵەکردنەوە لە مام جەلال پاش کۆچی دوایی و ماڵئاواییەکەی.

دەزانم مام جەلال دیموکرات و سینگفراوان بوو، دەشتانتوانی لە حزوری خۆشیدا بوختان و درۆی بۆ هەڵبەستن، بەڵام بێگومان ڕەنگە لە شەرم و ترسی مەعنەوی ئەم کێوە بەرزەی کوردستان نەتانوێرابێ، یان شەرم و شکۆی مام ڕێگری لێکردبن، ئێستا بای باڵتان بە بادا دەکەن و لەم قۆناغە ڕاگوزەرەی یەکێتی و کوردستاندا هەل و هەڵکەوت دەقۆزنەوە.

تکایە وشەیەک یان بەسەرهاتێک لە مێژوو و پێشینەی خۆی دامەبڕن، چونکە تەنانەت بێ بەروارد و عیبرەت وەرگرتن لە ئەدەبیاتی قورئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە سەبەب هەیە بۆ هاتنەخوارەوی ئایەت و سورەتەکان تاوەکو لە ڕێڕەوی بۆنەی هاتنەخوارەوەی خۆی دەرنەکرێ و بۆ مەبەستی خراپەکاری بەکارنەبرێ.

تەنانەت لە دەقی یاساکانیش دەنوسرێ ئەسبابی موجەبەی ئەم یان و ئەو یاسایە چییە، ئیتر چۆن زات دەکەن وتن و هەڵوێست و قسەی مێژوویەکی دوورودرێژی مام جەلال بۆ ملپێچانەوەی ڕاستی و شێواندنی ڕەوایی دونیای فانی خۆتان بەکاردێنن.

لەبەر خاتری کوردستان واز لەم هەڵپەی شێواندنە بێنن.

٢٠٢١/٣/١٦

# له مەنەلۆگەوە بۆ دیالۆگ

له بازنەی داخراوەوە بۆ بازنەی پەیوەندی له مینبەری گشتییەوە.

ئەزمونی سیاسی حزبایەتی له کوردستان هەروا بووە. له پێشدا دیالۆگ و گفتوگۆی ناوخۆیی و تێگەیشتنی هەڤالانه و ئینجا گەلالەی بیروبۆچوونەکان بۆته بەرنامەی کارو خەبات، بۆته بزوتنەوە و کرداری شۆرشگێڕی.

ئێمه نا، دێرینەکانی پێش ئێمەو هەڤالانی تێکۆشەری مامۆستامان باسی ئەڵقه رۆشنبیرییەکان، رێکخستنی پتەو و پۆلایین و هێشویی دەکەن. یانی باسی ئامادەکاری بۆ تاودان دەکەن.

ئەم کاره دەروون حزبییه بۆ ئەوەی مانا پەیدا بکات و ببێته کردەیەکی کۆمەلایەتی له کوردەواریدا، دوای ماوەیەک هەر دەبێ ڕووی له دەرەوە بێت. ڕووی له جەماوەر و خەڵک

و ڕووی لە دروستکردنی ڕای گشتی بێت، چونکە ئەم خەباتە بۆ ئەوان دەکرێت. بۆنە و موناسەبەی هەبوون و نەبوونی هەر حزب و کۆمەڵێکی سیاسیی دەربەست بۆ کۆمەڵانی خەڵکە، ئەگینا خۆ حزبایەتی یانەیەکی فیکری یان ژوانی دڵداری نییە. خۆ دڵداریش بۆ ئەوەی ڕەوایەتی گشتی پەیدا بکات هەر دەبێ ئیشهار پەیدا بکات. لەسەر ئەمەیە کورد وتویەتی؛ بانگی محەمەد بە ئاشکرا خۆشە.

ئەسڵ لە هەموو تێکۆشانەکان خەڵکە، وەگەرنا گفتوگۆی ناوخۆیی دەبێتە مەنەلۆگ و گروپەندییەکە لە گروپی داخراوی پاڵتاک و ماسنجەر تا فایبەر و وەتساپ و گردبوونەوەی کلۆپ دەبێتە (گیتۆی کەمینەکان) کە لە ترسی دەرەوە هەر لە ناوخۆدا گینگل دەدەن. یاخود دەبن بە تەقییە؛ ئەوی لە ڕازدایە نایەتە سەر زار..

لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆجیاو ئامڕازەکانی گروپبەندی وەک دیاردەی تەنهایی سەرکزکردن بە دیار مۆبایل و بە دیار ژیانی گریمانییەوە خەریکە گروپبەندی حزبیش وای لێدێت. گروپەکان هەر ڕوویان لە ناوخۆیەو دەنگیان هی دیالۆگ نابێت، دەبێتە سەداو دەنگدانەوە. وەک دویتی فلکلۆری ئەوەی ئەیڵێن نایڵێنەوە. بەڵام گۆرانییەکی چرپە و فسکەفسکە و نابێتە کۆنسێرت و ئاهەنگی میللیی.

تێکۆشانی حزب، هەڤاڵبەندی سیاسی، دەبێ ڕووی لە دەرەوە بێت. ڕووی لە کۆمەڵ و ڕووی لە ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی بێت. حزبایەتی لە ماڵی خۆمان، لە بارەگای خۆمان مەنەلۆگێکی ناوخۆییە ناتوانێ سیاسەتگەلێک بۆ کۆمەڵگە دروست بکات. گروپەکان بۆ ئەوە باشن گەڵاڵەی سیاسەت دابڕێژن و هێز و وزەی مەعنەوی و مادی کۆبکەنەوە و لە پانتایی گشتیدا جاڕی لێ بدرێت نەک هەر بە مەنەلۆگی ناوخۆیی بێ سەمەر بمێنێتەوە و یەکتری لەو شتانە ئاگادار بکرێتەوە کە هەموان دەیزانین و پێویستە دەرەوە پێی بزانێت.

ڕووی نموونەکان لەسەر حزبی خۆمانە، لەسەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و دیارە مادام وتارەکەش لە مینبەری گشتی بڵاودەبێتەوە لە ئیختیاری حزبی دیکەشدایە، ئەگەر گەرەکیەتی.

بیروڕا جوانەکان، ئەندێشە چاک و پاکە یەکێتییەکان، هەڵقوڵاوی ئەدەبیاتی یەکێتی، ئەدەبیاتی مام جەلال و ڕێبازە ڕۆشنەکەیەتی وا دەوڵەمەندە کە هی ئەوەیە تیشک بهاوێ.

لەهەر کوێیەک مینبەرێک دەخرێتە بەردەستی هەڤاڵێکی یەکێتی پێویستە بیروباوەڕی یەکێتی تیا بڵاوبکاتەوە. لە کۆڕی ناو چایخانەکانەوە کە دەگوترا یەکێتییەکان بە نۆرماڵی هەر سەرزەنشت و ڕەخنەی تیا دەڵێن، بەڵام هەر کاتێک

هێرش بۆ سەر رێبازی یەکێتی دەکرێت ئیتر بە یەک دەست داکۆکی لێ دەکەن تاوەکو بەرپەرچی نەیاران بدەنەوە.

ئینجا لە بۆنەی کۆمەڵایەتییەوە بۆ کۆڕ و کۆبوونەوە گشتییەکان تا سەکۆکانی میدیا هی میدیای یەکێتی و هی سەکۆ گشتییەکانی میدیای کوردستان کە دێتە بەردەست، دەرفەتە بۆ بڵاوکردنەوەی فیکری یەکێتی، بۆ خستنەڕووی ئەندێشەی یەکێتی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتدا. کورد دەڵێ: هەتا ماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە، و گەرەکە لە مینبەری میدیای ترەوە زیاتر رەوانبێژ و هەقبێژەکان داکۆکی بکەن تا قازانجی لە زەرەر زیاتر بێت.

مینبەری کۆڕ و کۆبونەوەی گشتی، ئەو دەیان میتینگ و کۆڕە سیاسی و گشتی و ڕووناکبیرییانەی لە وڵاتەکەمان دەکرێت دەرفەتە بۆ ئاڕاستەکردنی رای گشتی کوردستان بەلای دیدی یەکێتییانەوە.

بەڕاستی هەڵسەنگاندنی وردی دەوێ داخۆ بۆچی بە لێکدانەوەی هەڵەی کرانەوەو سینگ فراوانییەوە بەدەم بیروبۆچوونی چەوت و ناڕاست و هەڵەوە پێبکەنین کە دەزانین چارەسەری پێ نییە و لە لێکدانەوەدا کورت دەهێنێ.

بۆچی تێکۆشەری یەکێتی بە ناوی نەرمونیانی، شەرم و لەڕوودامان و گوایە سینگفراوانییەوە بوختان بەڕاستی و

ڕەوانی قبوڵبکات و چاوپۆشی لە ژەهراوی سەدان بیروباوەڕی ناڕاست بکات و لێگەڕێ وڵاتەکەمان بەم دەرد و بەڵایانە ئالودە بێت و ئینجا بە نرخی گران لە سەر میللەتەکەمان، لەسەر پێشکەوتن و ئایندەکەی، بکەوێت.

وا لەم چەند ساڵەی دوایدا دەیان ئەزموونی تاڵ و ترشمان بینی کە هاتن و چوون و بە ناوی جیاجیاوە کۆمەڵی کوردەواری و وڵاتی ئێمەیان کردە (مشکی تاقیکردنەوە) و سەرەنجام وتارەکانیان خاوەنانی قسە و شان ڕاوەشانیان هیچیان ڕاستی نەکردو هیچیان ڕاستی نەفەرموو.

ئێ خۆ دیارە رای گشتی وەک فەزای گشتی وایە، کە بنەما فیزیاییەکەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت ئەگەر بوار بە هەوای پاک پڕ نەکرێتەوە هەوای پیس جێی دەگرێتەوە.

جا ئیتر بۆچی یەکێتییەکان، هەڤاڵانمان لە هەموو ئاستەکاندا ئیحمێکی یەکێتیانەی لێناکەین و هیممەتی مام جەلالانەی لێنەکەینەوە؟

کاتێتی یەکێتییە بە هیممەتەکان زیاتر لە جاران و وەکو جاران، بەڵام بە دەرفەتە تازەکانی دیموکراسی و دەرگاکانی تەکنەلۆژیای نوێوە بێنەوە سەر هێڵی دیالۆگ و داکۆکی و دەستپێشخەرییەوە.

کاتێتی قۆناغی مەنەلۆگی ناوخۆیی تێپەڕێنین و پێشبڕکێی

قەڵغانسازی و داکۆکی ڕەوا لە بیر و باوەڕو سیاسەتی ڕاستی یەکێتی بکەنە کاری ڕۆژ و سەعاتیان. پێشبڕکێ بکەن لە گیانبازی داکۆکی لە یەکێتی.

کەس لە یەکێتی باشتری ناکات و کەس لە یەکێتییەکان باشتری لێ نازانن و (دەور دەوری ئێوەیە).

وەکو هەڤاڵانیشتان لە ڕاگەیاندن ئێمەش خوا بمانگرێ ئەگەر مینبەرەکان ئاواڵا نەکەین و بە کردەوە ماڵ و مزگەوتی خۆمان ئاوەدان نەکەینەوە، پێش ئەوەی مینبەری تر زەنگین بکەین کە کەس مایکرۆفۆنی خۆی ناکاتە بەردەستی کەس مەگەر هەر گۆرانی داواکراومان پێ بڵێتەوە.

٢٠٢٢/١١/٨

# هەم حزب و بزووتنەوە،
# هەم مۆدێل و سەلیقەی سیاسیی

یەکێتی هەر حزبێک نییە، هەر گردبوونەوەیەکی سیاسیی نییە، کە تەنها ئەندامەکانی خاوەندارێتی لێ بکەن، ئابوونەکەی بدەن، ڕێکخستنی بۆ بکەن و لە کاتی هەڵبژاردندا دەنگی بۆ کۆبکەنەوە و دەنگی بۆ بدەن، ئەمانە لە پێوەر و هەیکەلەی حزبدا بایەخی خۆیان هەیە وکەس ناتوانێت لە بایەخیان کەم بکاتەوە و ئەسڵەن کاڵبوونەوەی ئەو پێوەرانە لە چەند وێستگەیەکدا کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر یەکێتی. بەڵام دیسانەوەش یەکێتی هەر حزب و ڕێکخستنێک نییە، یەکێتی شتی دیکەشە.

یەکێتی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی و مافخوازانەیە، هەر حزبی یاساسەروەریی و کۆت و بەندی قانون و ڕێوشوێنەکان نییە، کە ئەمانە لە کۆمەڵی مەدەنی و یاسامەندیدا گرنگە، بەڵکو یەکێتی لە پێشدا یەکێتی بزووتنەوەی حقوق و

داخوازییەکانە

جا دانایان و پیاوماقولان دەزانن قانون سەروەریی و حقوق پەروەریی خوشک و برای یەکن، بەڵام یەک نین و دیارە مانای جیاواز لە خۆدەگرن.

یەکێتی وەکو بزووتنەوەیەکی بەناوەرۆک شۆڕشگێڕی هیواو داواو جوڵە دەنوێنێ و کۆشش دەکات، نەک ئەندێشەی خۆی قەتیس بکات. دەشێ بە گوێرەی زەمین و زەمان قۆناغبەندی بکات، بەڵام قەت دەستبەردار نابێ و مەرجی لەگەڵ دیموکراسی و مەدەنیەتیش شێوازی کار و ئامرازەکانە نەک قەتیسکردنی ئەندێشە و ئاواتەکان.

یەکێتی هەروا ڕەوت و ڕێبازی سیاسیی، مۆدێل و سەلیقەی کاریشە.

لەبەر ئەوە گرنگە بزانین گەرەکە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە یەکێتی ببینن و کۆی دیمەنەکە ڕەچاو بکەین تا هەڵسەنگاندنەکەمان دروست بێت.

# لەبارەی چەواشەکارییەوە

دیاردەی خراپی گوڵبژێرکردنی کتێبەکانی بیرەوەری و مێژوویی و کردنی بە پەن، ببورن کردنی بە فیچەری چەواشەی ڤیدیۆیی، دڕکبژێرییە نەک گوڵبژێری، چونکە خاوەنانی بیرەوەرییەکان چیرۆک یان ڕووداوێک لە سیاقی مێژووییەک دەگێڕنەوە، خۆشیان دەڵێن لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە، یان ساتەوەختێکی دیاریکراوی سەرنج و ڕا و هەڵسەنگاندنە لە کایەی نووسین و کتێباندا هاتووە. کردنی بە ڤیدیۆ و تەپەڵ بۆ لێدانی، کە زۆر جاریش بێ ئیزنی نووسەرەکە و بێ پاراستنی موڵکیەتی فکریش کە مافێکی نووسەرە و سەرمایەیەکی ڕەمزی شەخسیشە، زوڵمێکە لە نووسەرەکان دەکرێت پێش ئەوەی زوڵم بێت لەو مێژووەی گوایە نووسەرەکە ڕەخنەی لێگرتووە.

فەرق هەیە لەنێوان سیاقی نووسینی کتێب و سیاقی تەپڵی میدیایی لە سۆشیال میدیا و لە مینبەرە گشتییە

کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەگەر مینبەرەکان جیا نەبوایەن، ئەگەر ئاستەکانی جۆری لە مینبەرەکان جودانەبوونایە، ڕۆمان و سینەما دەقاودەق دەبوون. سینەمای حەریفی و درامای خێزانی جیا نەدەبوون. وردەکاری گێڕانەوە نین لە فیلمی سینەمادا. پلەکانی +١٢،+١٦، +١٨ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئاستەکانی گوزارشت لەم سەکۆ بۆ ئەو سەکۆی تر دەگۆڕێت. هەمان شت بۆ دڕکبژێری کتێبەکانی بیرەوەری ڕاستە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت.

❊❊❊

ئەگەر نووسەران بیرەوەری و مێژووی شەخسی کە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لەسەر ڕابردووی شۆڕشی کوردستان و بەتایبەتیش شۆڕشی نوێ و ئەزموونی خەباتی یەکێتی دەنووسن، مەبەستیان فراوانکردنی فەزای دیموکراسیی و ڕەخنە بێت کە دەبێ ئەو هەقەیان بۆ بسەلمێنین و بە نیازی پاکەوە لێی بڕوانین، بەڵام وەختێک فیچەرەکانی سۆشیال میدیا و پەیجەکانی لاکۆلان دڕکبژێری لەو بیرەوەریانە دەکەن و لێی کەرت و کەت دەکەن ئەوا ترس و بیم ئەخەنە دڵی خاوەنی بیرەوەرییەکانەوە کە داخۆ وشە و ئەندێشە و قسەکانیان، دوای یاداشتکردنیان لە فەزای کتێب و نووسراوەکاندا، چۆن لە پەیج و سۆشیال میدیا بەکار دەبرێن

و دەخرێنە گەڕ؟ چۆن لە ماشێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵدەسوڕێن. ئەم دەرکەوتنانە وا دەکات سڵکردنەوە جێی کرانەوە و ئەندێشەکراوەی بگرێتەوە، چونکە خەڵک لەوە دەترسێ رەخنەکانیان وەک تەشهیر و سوکایەتی سەیر بکرێن و پەیامێکی پێچەوانەی پەیامی ڕەخنەیی و نیەتی چاککردن و پێشکەوتن بگەیەنن.

٢٠٢١/٤/١١

# فەسڵی سێیەم

# ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە...

# ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە

ئێمە لە بنچینەدا کوڕی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی یاساغین، لەتەواوی «کوردستانەکان» و وڵاتانی دراوسێدا قاچاخی سیاسیین و خۆشییان پێمان نایە. کوڕی بزوتنەوەیەکین ستوونە پتەوەکەی پێکهاتنی، بەهانە سەرەکییەکەی دروستبوون و مانەوەی تا ئێستای ماف و داخوازییە نیشتمانیی و نەتەوەییەکانە. بەم مانایە ئێمە بزووتنەوەی مافەکانین. بۆ ئەوەی ئەم شرۆڤەش جێی خۆی بگرێ و مانای خۆی وەربگرێت گەرەکە ئێمە خەسڵەت و پێگەی خۆشمان بزانین. بزووتنەوەی کوردایەتی تا ئێستاش بزووتنەوەیەکی قاچاخ و دانپیانەنراوە. «لەم بەشەی باشوور دانپیانانێکی نیوداشی هەیە» ئەوەی تێیدایە و خزمەتی دەکا، ئەوەی پێشمەرگەیەتی و هەڤاڵی ڕیزەکانێتی نە دەترسێ و نە دەبێ بترسێ، هیچ سوکایەتی و جوێن و زبری و هەڵچوونێکی ناڕەوا پاشگەزی ناکاتەوە، بۆیە هەق نییە کەس هەڕەشە و

گوشارمان لێ بکا و تۆمەتی ئاست نزم و شەرمەزاریمان بۆ بتاشێ. لە داگیرکەر نەترسین حەتمەن لە جاشی فیکری و مەفرەزەی ڕەدوکەوتوو و میلیشیای ئەلکترۆنی ئێوە ناترسین.

بە ویژدانی گیانبازێکی ئازادیخوازەوە لەهەر وێستگەیەکا تۆزێ بیری لێ دەکەینەوە و کەمێ دەست لەسەر دڵ دادەنێین تا بە«چاوی دڵ» هەڵسەنگاندن بکەین و کەمێکی زۆریش دایبڕێژین ئینجا بڕیارە دروستەکە بدەین.

لەبەر ئەوە لێکدانەوەیەکی هەڵەیە هەندێک کەس پێی وابێ بە زبری و زەبر دەتوانن کار لە ڕوانین و بژاردەکانمان بکەن.

هەر لەرێوە ئەو قەدەرەمان هەڵبژاردووە، لەبنچینەدا کە پێشمەرگەین، دیارە پێش مەرگ کەوتوین. کوڕ و کچی کوردایەتیین بە ستایڵی یەکێتیانە و جەلالیانە، بۆ هەوەس و فیز پێشمەرگە نین، بۆ ڕوانینی خۆمان دەروێشین، بە سروشتی بزووتنەوەکەمان قاچاخین فەقەد قاچاخچی نین و بە ئیستلاحی کۆنی عوسمانی «ئەشقیاین»یان «عوساتین» لە پێناوی مەسەلەیەکی ڕەوادا کە مەسەلەی نەتەوە و نیشتمانەکەمانە.

## میلیشیای کۆمێنت و ئیمۆجی

ڤەدەنگ و ژیان میدیا و مۆر و پەیجە هاوسەنگەرەکانیان، ئەمەی بۆ دژایەتی یەکێتی و لیستەکەی، بۆ دژایەتیکردنی بڕیارەکانی هاوسەرۆک بافل تاڵەبانی و بۆ دانانی قوباد تاڵەبانی بە سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەیکەن ئەگەر کاتی خۆی بۆ داکۆکی لە یەکێتی بیانکردبا ئێستا لە پەرلەمان سەد کورسی و لەناو واقعی کوردستان دەبوو بە حزبی یەکەم، بەڵام ئەم سایت و پەیجە بێ ویژدانانە کە بە پارەی یەکێتی و قوتی کادێرەکانی خەرجیان لەسەر دەکرێ و پارەیان بۆ هەڵڕژاوە، ئیشی یەکەم و دووەم و کۆتاییان بۆتە سوکایەتی کردن بە یەکێتی و بە سەرکردەکانی.

ئەم میلیشا ئەلکترۆنییە بێدیسپلین و بێ پرەنسیپە، پارە لە درۆ و دەلەسە و جنێو دا خەرج دەکەن. هەموو شتێک دەکەن مادام ئیتر وا هەست دەکەن کاروانی یەکێتیی نوێ کەوتۆتە ڕێ و ڕێرەوی حزبیانەی خۆی گرتووە. ئەمانە وا

سەیری یەکێتی دەکەن کە بەپێی بنەمای (انا وما بعدی الطوفان)، یەکێتی دەبێ سەرچاوەی دارایی ئەم سایت و ئەو پەیجانە وشک بکات، وەکو چۆن وڵاتە دەربەستەکان سەرچاوەی کانیاوی ژاوەژاو وشک دەکەن.

❊❊❊

له پەنا ئەم پەپجە چەواشەکارانەوە سەدان لیژنەی کۆمینتی تیرۆری فەردی بۆ جنێو و سوکایەتی و تەشهیرکردن پێکهێنراوە.

کە وەکو حەشاشەکانی سەردەمی حەسەن صەباح تیرۆری ڕۆحی دەکەن بەرامبەر هەر کەسێک نووسینێک یان کۆمێنتێک یان وێنەیەک لە ئەکاونت و لاپەڕەی خۆی بڵاو بکاتەوە، ئەمانە وەکو گیزەگیزی مێش لەسەر پەڕەی ئەلکترۆنی خەڵکی تر دەژین و کاریان جنێو و تەشهیر و سوکایەتییە، کاریان بوختان و درۆ و دەلەسەیە.

ڕێکەوت و سودفە نییە کە ئەمانە وەک قاز یەک کۆمێنت و یەک ئیمۆجی بەکار دێنن.

# متمانه و ملشکاندن،.. ژەهر و خەنجەری ژەهراوی

گرنگتر له بردنەوەی گرەوی سیاسیی، ئەو ئامراز و ڕێوشوێنەیە لەم ڕێیەدا دەیگریتەبەر، چەند ڕێ و شوێنەکە مەحکەم و پتەو بێت ناکاتە ئەوەی شتێک مۆرال و ئەخلاق، شتێک پابەندێتی و ئوسوڵی ئینسانی تێدا بێت. لەبەرئەمەیە کوردەواری دەڵێ: شەڕیشت کرد دەبێ بەشی ئاشتی تێدا بهێڵیتەوە، بە مانا بەشی ئەوەی تێدا بێت ناکۆکەکان پێکەوە بمێننەوە و دەریچەی هاوبەش بدۆزنەوە. ئاخر ئەسڵ له ژیان ئاشتی و پێکەوەییە و شەڕ و ناکۆکی توند شتێکی کاتی و تێپەڕە.

کەس نەیوتووە سیاسەت ململانێ و رکابەری نییە، بەڵام کەنالیزەکردنی ئەو ململانێیە و بنمێچی وا ئەگاتە ملشکاندنی یەکجارەکی هاوڕێ و هاوسەنگەر، داخوازی و بانگەوازێکی ڕەوایە. ئەمە بۆ هاوڕێیەتی ژیان، بۆ هاوخوێنی و هەڤاڵێتی سیاسەتیش هەروا دەبێت چ جای ئەوەی بگاتە هاوسەرۆکی!

سیاسەتمەداری بە مۆرال و خاوەن پرەنسیپ، مەبدەئو و دنیابینی نیشتمانی ناکۆکی ناگەیەنێتە خەنجەر لە پشتدان و ژەهراوی کردن و سڕینەوەی ئەوی بەرامبەر. ئەمە ڕێگا ئاسانەکەی پەیڕەوکردنە، بەڵام ڕێگا دژوارەکەی ژیان و سیاسەت و ململانێیە. شانۆی گریکی بەمە دەڵێت: (تەنانەت تۆش برۆتس) و شانۆی ژیانی کوردەواریش ئەم ژەهر و خەنجەر و پشتێن لە ملئاڵاندن و خنکاندنە دەڵێت: هاوڕێی نیوەی ڕێگا. هەرچەندە هاوڕێی نیوەی رێگا وایە کە لە ترسان و لە برسانا بەجێتدەهێڵێ، بەڵام هاوڕێی ناپاک و بێ مۆرال خۆی بەشدار و بگرە سەرقافڵەی پیلانگێرییە لە هاوڕێکەی، لە هەڤاڵی خۆی کەپێکەوە سوێند و بەڵێنیان داوە پشتی یەک بگرن و پشت و پەنا بن بۆ یەکتری کە ئەم عەهد و بەڵێنە شکا هیچ کیمیا و دەرمانێک پێکەوەیان نابەستێتەوە. چونکە هیچ کیمیا و دەوا و دەرمانێک ژەهری نەمانی متمانەی پێ سارێژ ناکرێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ڕێژەی ژەهرەکە کوشندە بێت. بۆ هەر پەکخستن و لەکارکەوتن نەبێت، بەڵکو بۆ مردن و کفن و دفنکردن بێت.

ئیتر زەمەن ناگەڕێتەوە بۆ دواوە، هیچ نوشتە و دوعا و قوربان و کاکەبرا و بەساقەیەک ناتوانێ هاوڕێیەتی بخاتەوە سەر سکەی خۆی، هاوسەرۆکی بکاتەوە بە بژاردەیەکی

سیاسی و ڕێکخراوەیی قابیلی مانەوە بێت چ جای گەشەکردنی بۆ حزب و بۆ کوردایەتی. دەبێ ئەم شەراکەتە کۆتایی پێ بێ و هاوڕێی نیوە ڕێگایە نیوەی ڕێگاکەی تر بۆ ڕێبوارانی ڕاستەقینە و بەوەفا و بەئەخلاق بەجێبێڵێ.

دەنا تا بمێنێ برین دەکۆلێنێتەوە و تاوان بە بەرجەستەکراوی دەهێڵێتەوە. پرژاوی ژەهرەکەی زیاتر و فراوانتر دەکا. هەڤاڵ و هاوڕێی تریش دەکاتە قوربانی ویستە فاشیستەکانی خۆی. کەس بەخۆیانەوە ناهێڵێت، وەکو کەسیش بەپێوە ناهێڵێت.

# جاسوس و ناموس

یانی چی توانا و دەسەڵات و وزەی سیاسیی گشتی حزبەکەت بخەیتە خزمەتی ئەجیندای شەخسی خۆت و دژی حزبەکەت و بەرنامە و سیاسەتی ڕەسمی بەکاری بێنیت؟

یانی چی لە جێی ئەوەی خەریکی نەیار و دوژمنی میللەتەکەت و حزبەکەت و ڕێبازەکەت بیت، شەو و ڕۆژ مەراقی ملشکاندنی هەڤالانی خۆت و هاوسەنگەرانی خۆت بیت؟ دژ ئەوانە بکەویتە کار و خەو و خولیات تێکشکاندن و لەناوبردنی ئەوان بێت؟

جاسوسی لە ناو خۆت و لە ناو ڕێکخستن و ڕێکخراو و ماڵی حزبی خۆتا بچێنی و چاودێری هەناسەدان و نوتق و هەڵسوکەوتی بکەیت. ئەم وزەیە بۆ نەیار و ئەغیار بەکار بێت باشتر نییە لە جێی ئەوەی دژی هاوڕێ و هەڤاڵەکانت لە کایەدا بێت.

جاسوسی و کەیسی ناموسیی هەر یەکەیان بەجیا بەلایەکن

ئینجا وا بن کە جاسوسی بەسەر خۆتەوە بکەیت و نامۆسی خەڵک ئەرشیف بکەیت و مۆنتاج و ئینتاجی شکاندن و شێواندنیان لێ بەرهەم بهێنی؟

ئەوە چ بەهرە و ئازایەتی و جوامێرییەکە ژیانی تایبەتی خەڵک بکەیتە دەسکەلای سیاسەتکردن و قەناعەت پێهێنان و ملکەچ پێکردن.

ئەو چی مۆرالێکە دەزگا و دایەرەی کە بۆ خزمەتی گشتی و بۆ متمانە و پارێزگاری لە حزب و دەسەڵاتی گشتی و وڵات و کۆمەڵگە دانراوە لای تۆ ببێتە دەمانچەی خەڵک بە بارمتەگرتن و ئیبتزاز و سەردانەواندن؟

بۆچی ناموسی خەڵک گاڵتەیە؟ ژیان و شەرەف و شکۆی خەڵک بۆچی ماڵە باجێنەیە؟ یاری منداڵان و پلەیستەیشن و تەسەلای کاتی بێ تاقەتییە.

دامەزراوەی گشتی کە کەوتە بەر دەستت ئاوای لێ بکەیت؟ ئاوا ئەمانەتی هێز و قودرەتمەندی بپارێزی؟

ئاوا خەڵک لە خشتەبەری و بیانکەیتە نێچیری نیازە گڵاوەکانت؟

# جمێن

جنێوی پێ دەڵێن، جوێنیش دەشێ، کاتی خۆی لە شۆرجەی کەرکوک دەمانگوت (جمێن) و پێم وایە لە زۆر مەملەکەت و ئاوایی تری مانەندی شۆرجە هەروای پێ دەڵێن.

جمێن ئەگەر کەفوکوڵی سەرزارەکی ساتەوەختێک بێت هەر نەیسە، تورەبوونێکی کاتییە و گشتمان هەر تووشی هاتووین و تووشمان دەبێ. خۆشمان و کەسمان لێی بێ بەری نین. بەڵام جمێن لەزار بکەوێتە شار، بکەوێتە سەرکاغەز و جوێن لەدەفتەری مێژوو تۆمار بکرێت، ئەوە عەیبەیەکی گەورەیە. چونکە وەک چۆن زمان و ئاوەز مرۆڤ لە زیندەوەری تر جیادەکەنەوە ئێ هەر نووسینە مرۆڤی هاوچەرخ و خوێندەوار وشارستان لە مرۆڤی پێش مێژوو جیادەکاتەوە. مرۆڤ و میللەت و نەتەوەکان لەسەر کاغەز دەبنە زیندوو و مێژوو و تۆمار، بۆیە زۆر زۆر گرنگە بزانیت چی ئەخەیتە سەر کاغەز یان سەکۆ و دەفتەری تۆمار؟ چونکە جمێن لەدەمەوە بە

ئاسمانا دەڕوا و لەهەوا بزر دەبێ، فەقەد بێتە سەر تۆمار ئەوا ئیتر چارەناکرێ و دەرەنجامەکەی هەر چارەڕەشی و بەدبەختییە بۆ خاوەنەکەی. لەسەر سەکۆی تۆمار ئیتر لە کەفوکوڵی ساتی توڕەیی دەردەچێ و دەبێتە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لەسەر مۆراڵ و ڕەفتار و کەلتوری جمێندەر کە ئیتر بوختان و زمان شڕی و بێ ئەدەبی پێ تەرک ناکرێت.

جمێن فرۆشی وا هەیە نە ناس و نادیار و بێ بار کە دیارە بەپەلە فەیسبووکێکی کردۆتەوە تا کۆمێنتێکی جنێوت بۆ بنووسێ بێ ئاگا لەوەی ناسنامەکەی لەوێنە و لە برادەرەکانییەوە ئاشکرا دیارە و ڕوونە کێ دنەی داوە و پیاوماقلێکە لەژێر کەشیدە و پەچەی ویقاردا خۆی حەشار داوە. هەیە گوایە وەک عەنتەر بێ باکە و بەناو و سمێڵ و جەمەدانی خۆیەوە فەرمایشتی هەیە گوایە ئازایە و بە ئیمزای خۆیەوە چی نەشێ بەکەسوکارتی دەڵێ وخوارتر لە جنێوەکەی یان ئایەتی قورئانی داناوە لەسەر ئەخلاق یان شیعری نەتەوە و نیشتمان و خەباتی ڕیزکردووە و داوای تێکۆشانی کوردایەتی و تێگوشینی چینایەتی دەکات. ئەم کاکە وادیارە ناکۆکەکانی ڕوانینی خۆی پێ زوحاک و سەددام و فیرعەونە. هی واهەیە جنێوی شەرەف و بوختانت بۆ ڕیز دەکات و لە خوارەوەی لاپەڕەکەی وێنەی خێزان و کچی خۆی

دانەوە و لەبیری چۆتەوە جنێو شتێکە لێی هەرزانتر نییە، ئێ دیارە کە جنێوی پێ نادەنەوە یان جنێوپێدراو کاتی نییە بۆ سوکایەتی یان باوەڕی بە دیموکراسیی هەیە، یان لێبوردەیە تا ڕادەی چاوپۆشی لە توڕەبوون و توڕەهاتی جنێوفرۆشان. یاخود لە ئاستی ئەوەی نابینێ شایانی جواب وجوابکاری بێت.

من ئەمە لێرە وەک دیاردە باس دەکەم دەنا جنێو چەند ناخۆش و زبر بێت کۆڵی نووسین و قسەی پێ نەداوم، مادام عومر یەک عومرە و مادام دونیا زیاد لەیەک چیرۆک و پتر لە گێڕانەوەیەکە.

بەڵام لەم چەند ڕۆژە برادەرێک جوابێکی جوانی بۆ گێڕامەوە کە لە ڕەدوبەدەلی جنێوفرۆشێکی خزم و زاوای خۆیدا کردبووی، برادەرەکەم وتی: بۆم نووسی ئەمەی تۆ دەیکەیت شەڕێکی نادادپەروەرانەیە، چونکە من ناتوانم جنێوت پێ بدەمەوە کە باسی ناموسم دەکەیت، من خاڵی منداڵەکانتم و ژنی تۆ خوشکی منە.

ڕاستییەکەی بەم نموونە زۆر زۆر تاسام، عادەتەن بەسەرهاتی کۆمەڵایەتی ناگێڕمەوە، بەڵام لەو دەربڕینەی برادەرەکەمەوە دەربڕین دەخوازم و بە جمێن فرۆشانی سۆشیال میدیا و سۆشیال عەشایر دەڵێم: واز لە پشکنین و بوختانی درۆزنانە

بهێنن، چونکە ئەمە شەڕێکی ناڕەوا و نادادپەروەرانەیە، ئاخر خوشک و دایک و هاوسەر و هاوڕێی ژیانی ئێوە خوشکی بەڕێزی منن و وەک کورد و کرمانجێکی بە غیرەت نەک بوختانیان بۆ ناکەم، بەڵکو لەسەریشیان دێمە جواب.

بەوەڵلاهی ئەوە لە دواکەوتوویی و بێ فەرهەنگی و نزمی کۆمەڵایەتیمانە کە وا لە ناکۆکی فیکری و سیاسیی یەکتری بڕوانین.

بگرە تەنانەت خاوەنی جنێوی مزریش شەرم دەکات لە زاری پیسەوە بیخاتە سەر کاغەز. جا کە وا دەکەن ئیتر ئێوە مەگەر هەر خوا هیدایەتتان بدات.

# فەسڵی چوارەم
# یەکێتی وەک یەک تیم
# سەرنج و دەستنیشانکردن

# یەکێتی وەك یەك تیم

١

بنچینەی تێکۆشانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و، بێگومان هەر حزبێکی سیاسیی دەربەست، بەرژەوەندی گشتی و دەرفەتی خزمەتکردنی بەرنامەی نیشتمانیەتی لە حوکمڕانی بە جۆرێک لەخزمەتی کومەڵانی خەڵکدا بێت.

بەشداری سەرەکی یەکێتی لەهەموو کابینەکانی حکومەتی هەرێم، بە جیایی و پێکەوەیی، بەشێکە لە خاوەندارێتی یەکێتی بۆ ئەزموونی ئیدارە و حوکمڕانی تا لەو ڕێیەوە خزمەتی خەڵک و گەشەپێدانی وڵاتەکە بکات. لە هەموو بەشدارییەکاندا ئەولەویەتی هێڵی گشتی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بووە: هێڵی یەک حکومەتیو یەک ڕیزی گەلەکەمان و پێشخستنی فراوانی دیموکراتی کە بەتەجرەبەی یەکێتی هەر ئەمانە توانیویانە زەمینەی خزمەتگوزاری و گەشەپێدانی ژیانو گوزەرانی هاووڵاتیان برەخسێنن. قوربانیدانی یەکێتی

به بەرژەوەندی حزبی خۆی و دەسپێشخەری لەبەشداریکردنی کابینەکان بەگوێرەی واقیعی ئەو ئەولەویاتانە بووە. ئێستاش لەبەردەم ئەم دژواریانەی تووشی ژیانو گوزەرانی خەڵک هاتووە یەکێتی تەرەفداری بەرژەوەندی خەڵکو بژێوی و گوزەرانیان بووە و دەبێت.

دیارە تا ئێستا ئەو بژاردەیە لەگەڵ شەراکەتو بەشداری لەحکومەتی هەرێمدا جووت بووەو یەکێتی بەیەک ئاڕاستە متمانەی بەهاوبەشێتی حکومەتو پشتیوانی لەبژاردەی کابینەکانی، بەمەی نۆیەمیشەوە، کردووە.. بێگومان هەر کاتێک لەبەر هەر هەلومەرجێک ئەو بژاردەیە لێک جیاببێتەوە و یەکێتی هەڵسەنگادنی وابێت حکومەتی هەرێم لەم هەلومەرجەدا دەرەقەتی ئەرکەکانی خزمەتکردنی بژێوی و گوزەرانی میللەتەکە نایەت، ئەوا سەرەنجام وەک حزبێکی هەڵقوڵاوی ناو جەماوەر و دەربەستی بەرژەوەندییەکانی تەرەفداری خەڵک دەبێت، نەک تەرەفداری بەشداری ناکارای ئەوتۆ کە نە کەناڵی ڕاوێژ و بەرپرسیارێتی هاوبەش پایەدار دەکا و نە زەمینەی دەسپێشخەری بۆ چارەسەری کێشەکان، چ بەرێکخستنەوەی حکومەتو چ بە دەریچەی لێکتێگەیشتن لەگەڵ بەغدا، دەرەخسێنێت.

**سایتی گەلی کوردستان ٢٠٢٠/٤/٢٦**

## ٢

## هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ شەراکەت و شاندانە بەر ئەرکی ئیدارە

هەڵسەنگاندنی بابەتیی ئەوەیە حزبە دەربەستەکانی وەکو یەکێتی تا ئێستا خەیاری شاندانەبەر ئەرکی حکومەتی و بەرپرسیارێتی نیشتمانی لەبەرچاو دەگرن. بۆ ئەم مەسئولیەتە سیاسییە قورسەش هەڵسەنگاندنی شێنەیی دەکەن. ئەمەش بۆ یەکێتی دەبێتە قوربانی، سەرباری قوربانیدانەکانی تری. تا ئەو کات و شوێنەی نرخی قوربانیەکە تەنها خۆی وەک یەکێتییەکی پەرۆش بیدات، هەر نەیسە، بەڵام لەوە بترازێ و هەتا لێواری قوربانیدان بە خەڵکی و بێچارە مانەوەیان لە گوزەرانو بژێویان بڕوات ئەوا ئیستێکی جددی پێویستە. بەتایبەتی قوربانی خەڵکی کوردستان لە ئێستادا، دوای لێکەوتە ئابووری و داراییەکانی پەتای کۆرۆناو پەککەوتنی بازاڕو کەسابەت و عادەت گرتن بەدواخستنی موچەی فەرمانبەرانو ژیانی خێزانەکانیان، ئەوا زەحمەتە چاوەڕوانی وا لەیەکێتی بکرێت کە خۆی لە بەرژەوەندی میللی نەبان بکات.

هەڵسانگاندنێکی گشتی بۆ کۆی دیمەنە سیاسیەکەی چەند مانگی ڕابردووی دوای پێکهێنانی کابینەی نۆیەم دەریدەخات کە هەوڵو تەقەلاکانی یەکێتی بۆ لەباوەشگرتنی بژاردە باشەکاتی

حوکمڕانی بوو. لەهەموو ئەو تەقەلایەنەدا سیاسەتی یەکێتی نەرمو نیان و بەشێنەیی و کردنەوەی زیاد لەدەرگایەکی چارەسەر بوو. هەر لەپتەوکردنی بەشداری لە حکومەتی تازە و پەرژینکردنی بە ڕێکەوتنێکی سیاسیی کە شەراکەت لە بڕیارو مەسئولیەت مسۆگەر بکات، تا چاوپۆشی لە تەواوکردنی ئیستحقاقەکانی یەکێتی لەحکومەت و دەزگاکانی کە هەرگیز یەکێتی لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن زیاتری داوە نەکردووە. تا یەکخستنی هەڵوێستی ڕەسمی کوردستانی لە پرسی پێکهێنانی حکومەتی تازەی عیراق بە هەموو وێستگەکانی تاقیکردنەوەی پاڵێوراوی جیاجیا بێگوێدانە زبری مامەڵەو لەهێڵ دەرچوونی خودپەرستانەی ژێربەژێر کە لەم ماوەیەدا زیاد لە گرژییەکی ناوەختی خوڵقاند و یەکێتی بەسەبری شۆڕشگێڕانە مامەڵەی لەگەڵدا کرد.

٣

**ئیدارەی یەک تیمی یەکێتی**

هیچ شتێک بەقەدەر واقیعی بەرجەستە ناتوانێ ئیدعای سیاسیی تاقیبکاتەوە کە لەم تاقیکردنەوەیەدا یەکێتی هەمیشە بەمەسئولیەتەوە مامەڵەی کردووە. تاقیکردنەوەی دوو مانگی ڕابردووی ئیدارەدانی بەهیمەتی دەزگاکانی تەندروستی و ئیدارەی

لۆکاڵی لەگەڵ هەڕەشەی کۆرۆنا و هەماهەنگی سەرکردایەتی یەکێتی لەگەڵ ئەو پێشهاتانەدا بەسەبر و دیقەتەوە، ڕێگەی لەزۆر بەلارێدا بردنو بەلارێداچوونی سیاسیی گرت.

دەرکەوت سەیرە لە شوێنی تر، نەک لای یەکێتی کە وەک یەک تیم و یەک گەڵاڵەی بڕیار لە سەرکردایەتی تازە و لەتیمی وەزاری و تیمی پەرلەمانیی مامەڵەی دۆخی تەنگژەی تازەی کوردستان دەکا و بەداخەوە شپرزەیی و ئاڵۆزی بژاردەکان لە شوێنی ترە.

ئێستاش یەکێتی لە هەڵسەنگاندنی دۆسێی حکومەتدا بۆ هەر یەکێک لە بژاردەکان دەتوانێت دیزاینی واقیعەکەی لەبەرچاو بێت و ئینجا پێشنیازی هەبێت:

-وەک هێزێکی کوردستانی سەرتاسەری؛ هەرێمو بەغداو ناوچە دابڕاوەکانی کردە یەک سەبەتەی سیاسیی کە بێ پێکەوەیی ئەمانە هەموو چارەسەرێک لەنگ دەبێت. هەق نییە نوقرچ لەمە بگیرێت گوایە بۆ ئەو سەبەتەیە درز و کوندار دەر ئەکەوێت، بەڵکو پرسیاری ئەوە بکرێت داخۆ بێ ئەو پێکەوە گرێدانە بابەتییە کوردستانیی و عیراقییە کەس توانیویەتی سیاسەتێکی دروست سەربخات؟

-وەک یەکێتییەکی سەرتاسەری کە جەماوەری هەولێر و دهۆک و کۆی کوردستان بە جەماوەری خۆی و کوردستان

دەزانێت، تا ئیستا تاڵە مووی یەک ئیدارەیی نەپساندووەو بەنرخ و بەهای زۆرەوە پاراستویەتی. لە تەنگژەکانی وەک ئەمەی ئێستادا دەرکەوتووە کە شپرزەیی شوێنی تر تا ماڵ جیایی دەیبات.

-وەک حزبێکی واقیعی، یەکێتییەکی دیموکراتخواز و چاوتیژ و بەرچاو ڕوون، واقیعی نفوزی سیاسیی و دابەشبوونی کەلتوری ئیداری دەبینێت کە زادەی دەیان ساڵ پەرتی و کەرتییە، تێزی لامەرکەزیەتی ئیدارەو بەهێزکردنی ئیدارە خۆماڵییەکانی گەڵاڵە کردووە، لەبەرامبەر تەنگژەی نەخوازراوی دوو ئیدارەیی و لێک ترازانی نیشتمانیی و نەتەوەییدا دەتوانێ ئەم تێزە دیموکرات و نیشتمانیی و نەتەوەییە بەرز بکاتەوە.

## ٤

### دووڕیانی مانەوە لە حکومەت یان...؟

بێگومان یەکێتی بۆ ئەمە خیتابێکی سیاسیی ڕەوا و ڕەوان و ڕوونی دەوێت: بەهێزکردنی ئیدارەی لۆکاڵی. بەهێزکردنی ئیدارەی لامەرکەزی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان کە لەهەموو ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەو ئیدارانەدا نوێنەرایەتی هەموو ڕەنگو دەنگەکانی تێدایە.

ئەمە سیاسەتێکی ژیرانەیە لەبەرامبەر تەوژمی داخوازی دوو ئیدارەیی کە ناوەندێتی توند و زبر وەک پەرچەکردارێکی میزاجی گشتی دروستی کردووە. ناوەندێتییەکی چڕ و توند کە هەموو گەڵاڵەیەکی دیموکراسیی بۆ فراوانکردنی بەشداری لەخوارەوە و پێشنیازی لامەرکەزیەتی ئاسان و ئاساییش وەک مەیلی دوو ئیدارەیی و فۆبیای شەڕی ناوخۆیی وێنا دەکات. هەتا ترسی تەرحکردنی بەسەر دەسپێشخەری پێویستی پیادەکردنی زاڵبکات.

دەشێ لەم دووڕیانەشدا ئەگەرو نەگەری کشانەوەی یەکێتی لەحکومەت لەڕێی سیاسەتی یەک تیمی ئێستایەوە ئەو واتا و مانا نیشتمانی و نەتەوەیەش ببەخشێت کە یەکێتی لەڕێی کشانەوەی لەحکومەتو گەڵاڵەی بەهێزکردنی ئیدارەی محەلی شارەکان هەم لای بەرژەوەندی خەڵک بگرێتو تەرەفدارییان لێ بکات و هەمیش لای دیموکراسی نامەرکەزی و هەم لای یەک حکومەتی کوردستانی بگرێت، بێ دوو ئیدارەیی و ناکۆکی ناوخۆیی ناپەسەند.

چونکە کشانەوە لەحکومەت، ئەگەر بێتە پێشەوە، مانای کشانەوە لەپرۆسەی سیاسیی ئیدارەی یەکگرتووی کوردستان ناگەیەنێت.

ئیتر دەکرێ ئەوە قوربانییەکی تری حزبی قوربانیدان بێت.

بیری کوردستانی و یەک ئیدارەیی لای یەکێتی یەک بیرکردنەوەیە، بەڵام شێوەی گوزارشکردن لێی لە سایەی واقیعی وڵات و ئەزموونی حکومڕانی و پێویستی دیموکراتیزەکردنی زۆرتر ڕەنگاو ڕەنگە و زیاد لە بژاردەیەکی هەیە: لە مانەوە بە دەستکێک چارەسەری نامەرکەزی، یان کشانەوەی بێ زویربوون و ڕەنگە تا داوای حکومەتی تەنگژەی نیشتمانی بڕوات. ئەگەر بە بیرۆکەی هەڵبژاردنی پێشوەخت مۆتۆربە نەکرێت. بۆ نا؟ مەگەر ئێمە ئەزموونی دیموکراسیی نین کە هەڵبژاردنی پێشوەختیش یەکێک لە سیماکانێتی؟

٥

(**خەباتی مافەکان**) **لە لامەرکەزیەتی ئیداری و دارییەوە دەست پێدەکات**

پەیامی پیرۆزبایی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سێ ئاستی جۆشدانەوەی خەباتی سیاسی لە قۆناغی نوێبوونەوە دیاریکردووە.

-ئاستێکیان هەر تێکۆشەرێک کە دەخوازێ لە ڕیزەکانی یەکێتی خەبات بۆ ئامانجەکانی یەکێتی بکات، بۆ ئەمە دەرگای یەکێتی کراوەیە.

-ئاستی دووەمیان هەر حزب و هێزو بزووتنەوەیەکی سیاسیی کە لەم ئامانجانەدا ئامادەیی هاوکاری و دۆستایەتی

بێت لەگەڵ یەکێتی، بۆ ئەمە یەکێتی دەست دەخاتە ناو دەستیان.

-ئاستی سێیەم (خەباتی مافەکان)، کە لەمەدا هەموو ئەو سەندیکاو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کۆمەڵی مەدەنی و هەموو ئاڕاستەو ڕەوتە سیاسییە دەربەستەکان دەتوانن بەشداربن.

بنەمای پتەوی یەکێتی بۆ ئەم سیاسەتە تازەیەی کە ئەم سێ ئاستەی بۆ بانگهێشت کردووە، بنەماکانی سۆشیال دیموکراتە کە یەکێتی پێی ئاشنایە و دوو دەیەیە کادیری خۆی پێ گۆش دەکات و کاتێتی بە کردەوە کاری بۆ بکات.

قۆناغی نوێبوونەوە لەم بەیاننامەیەی سەرۆکایەتییەوە نەخشەڕێگا بۆ دەستێکی ئەم سیاسەتەی خۆی دادەنێت، کە ئەویش لامەرکەزێتی ئیدارەیی و داراییە بە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، بۆ دەرخستنی نیەتی جددی یەکێتیش ڕاگەیەندراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای ڕێککەوتنی سیاسی لەگەڵ پارتی لە پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا. بەمە یەکێتی وەک لە چەند ئاستێکەوە قفڵی ئەم سیاسەتە نوێیەی مەحکەم دەکات، شەرعیەتی ڕێککەوتنیشی بۆ دووپاتدەکاتەوە تا دەستوورێکی گەل پەسەندو یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن دێتەکایەوە. چونکە ناشکرێ هەتا ئەوکات

هیچ بژاردەیەکی سیاسی لە ئارادا نەبێت بۆ چاککردنی گوزەران و ژیانی خەڵک و گێڕانەوەی هاوسەنگییەکی سیاسی کارا کە ڕێگربێت لە بەردەم چاوچنۆکی سیاسی و قۆرخی جیاجیادا...

٢٠٢٠/٦/٣

# نوێ و نوێبوونەوە

١

نوێبوونەوە بە کردەوە لەناو یەکێتیی دەستیپێکردووەو پەیتا پەیتا لە جومگەی کارو لە هەڵوێست و سیاسەتەکانیدا بەرجەستە دەبێت. ئەم نوێبوونەوەیە، چونکە لەسەر بنچینەیەکی پتەوی پێویستی هەناوی ڕێکخراوەیی یەکێتیی و وەڵامدەرەوەی پێویستی قۆناغی تازەی ژیانی کوردەواری و سیاسەتی کوردستانیشە، نوێبوونەوەیەکی ڕەسەنە، نە کودەتایەکی بێ سەروبەرە کە بە ناوی شۆڕشگێڕیەکی درۆزنانەوە هەموو شتێک تێک و مەکان بداو نە پینەوپەڕۆی ڕوکەشانەیە کە کات بۆ هێزی چەواشەکاری بگێڕێتەوەو خاوەخاو بکات لە ئەرکی نوێبوونەوە.

❊❊❊

لە دوای کۆنگرەی چوارەوە، کۆنگرەی نوێبوونەوە، تارماییەک بە ئاسمانی کوردستانەوە هەیە، کە تارمایی

یەکێتیی نوێ یان یەکێتییەکی تازەیە.

ئەم تارماییە، بۆ ئەوانەی لە سیاسەتا کوڕی ڕۆژو کاتبەڕێکەری بێ ئامانج، یان بارن بەسەر ژینگەی سیاسی کوردستانەوە، تارماییەکی ناخۆش و نەزیری شوومە، بەڵام بۆ یەکێتبیەکان و بۆ هەموو ئەو دڵسۆزانەی گەلەکەمان کە بە پیر ستراتیژ و ئامانجی نیشتمانی، نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی یەکێتییەوەن و یەکێتیی بە باسکی بەهێزی بزووتنەوەی سیاسی گەلەکەمان دەزانن، یەکێتیی نوێبوونەوە بارانی ڕەحمەت و مژدەی سەوزەڵانییە. بۆ ئەوانەی دەخوازن سیاسەتی کوردستانی ژیرو شێنەیی ئەمما پتەو و تۆکمە جێی پۆپۆلیستی و شێواوی و بەلاڕێدابردن بگرێتەوە. نوێبوونەوە بووژاندنەوەیەکی شایانی پشتیوان و جێی ئومێدە.

(نوێبوونەوە) لەسەر دینگەی ڕەسەنی (نوێ) کە چوار دەیەی خەباتی یەکێتییەکەی مام جەلالە، لەسەر ئەو کەلتورە دەوڵەمەندە ئەزموونی وەرگرتووە، باشەکانی گەشە پێدەداو پێشیدەخات و کەموکوڕی چەند وێستگەیەکی نەخوزرای گەمارۆدراو و گوشاری سەر یەکێتیی پاش نەخۆشکەوتنی ڕابەرە مەزنەکەی بە شێوەیەکی هەڤاڵانەو بەرپرسانە تێدەپەڕێنێ.

***

ئەدەبیاتی دەوڵەمەندی یەکێتیی، ئەزموونی کۆڕی خەبات و کاری یەکێتی جێی شانازییەو یەدەکی گەورەی یادمان و ئەندێشەی ئیلهامبەخشە بۆ قۆناغی نوێبوونەوە.

تێکۆشەرانی یەکێتیی بە دێرین و تازەیانەوەو بەوانەی سبەی لەبەر ڕۆشنایی گرێدانەوەی نوێ و نوێبوونەوە دێنە ریزەکانییەوە، ئەم ڕاستییە ڕەواو ڕەوانە باش دەزانن و لەم ڕووەوە بەرچاویان ڕۆشنە. دەزانن چوار دەیە زیاتری یەکێتیی شانازییە، نەک بەربەست لە بەردەم خەباتی دەیان دەیەی داهاتوو. چوار دەیە زیاتری خەبات و قوربانیدان بۆ ئەوە نییە لەسەر چەپکەگوڵی سەرکەوتن یان بەدیار دڕک و داڵێکی ئەم وێستگەیە یان ئەو ڕێگایەوە خەویان لێبکەوێت و دانیشن و دۆش دابمێنن، ئەم شانازییە بۆ گریانی دیار هەواری خاڵی نییە، بەڵکو بۆ وزەو ورە وەرگرتنە بۆ لەمەودوای کارو خەباتی (یەکێتیی نوێبوونەوە). دەزانین یەکێتی دەیان ڕۆژو شەو و دەیان مانگ و ساڵی داهاتووی لە پێشە کە کێوماڵی ئایندە بکات و خەباتی سیاسیی سەنگینی خۆی تیا بکات.

چەند ڕۆیی لە ساڵەکانی سەد ئەوەندە ماوەو ئاسۆی دواڕۆژی کراوەترو زۆرو زەبەندترە لە تێڕامانی ڕابردوو.

نوێبوونەوە بەوە وەفاداری خوێندنگەی (نوێ) و ڕابەرەکانی، شەهیدەکانی و فەرماندەکانی دەبێت، کە

خۆشی بەرپرسیارێتی سەرشانی هەڵبگرێت. ئەمانەتەکە بەوە دەپارێزرێ کە ئەمانەتی تری بخرێتەسەر.

سەرمایە مەعنەویەکەی ڕابردوو، سەرمایەی تری بخرێتەسەرو بەمە جەدوای نەوە، یان نەوەکانی، نوێبوونەوە دەسەلمێ.

سەرکردایەتی نوێی یەکێتی لە هەرەمی سەرەوەی تا کۆی تیمە هەڵبژێردراوەکەی کۆنگرەی چواری، بە ئەزموونی کرداری و نەستی مێژوو دەزانێ هێڵێکی باریکی نەبینراو لە نێوان خۆپارێزی دەستەوەستان و.... پاراستنی سەرمایەی مێژوویی هەیە. هیچ شتێک سەرمایەی سیاسیی و مەعنەوی بێ کاریگەری ناکات گیانی خۆپارێزی و ترس لە داهێنان و دەستپێشخەری نەبێ. سەرمایەی سیاسیی و خەزینی مەعنەوی وەک هەر سەرمایەیەکی تری بوارەکانی ژیان کەڵەکە کردن و پەرەپێدان و خستنە سەری دەوێت، نەک ئەم سەرمایەیە بکرێتە بیانووی ئەژنۆ شکان و دۆشدامان، یان تەنانەت باعیسی غرورێکی داخراوی خۆخواردنەوە و بچوکبوونەوە بێت.

٢

سەرمایەی شانازی یەکێتی و ڕێبازی مام جەلال بۆ ئەوە خولْقاوە ببێتە دەستمایەی تەواوکردنی ئەرکەکانی ستراتیژی (ئاشتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنووس)،

نەک بکرێتە پێخۆری کەڵەکەکردنی سەرمایەی شوێنی تر و ڕێبازی تر کە لە شوێنی خۆی و ئاراستەی خۆی تووشی پەککەوتن و ڕۆچوون و شێپرەوی هاتووە و بە سەد ئاین و ئۆین باری نالەباری خۆی پێ ڕاست ناکرێتەوە.

نوێبوونەوە و سەرکردایەتییەکەی، نوێبوونەوە و نەوە جۆربەجۆرەکانی، جەماوەر و تێکۆشەر و هەڵسوڕاوەکانی لە تەنیشت خۆیانەوە و هاوزەمانی دەرکەوتنی ئەوان لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، حزب و ڕەوت و چالاکی سیاسیی تریان بینیوە و دەبینن کە وەک دێڕی نەمری شیعری کوردی دەڵێ (لە پڕ هاتن و لە ناکاو چوون)، بەڵام چونکە ئەزموونی قەدبڕ، یان بەلاڕێدا چوون، یان هەڵپەی زووچوون بوون، نەبوونە دەستمایە بۆ سبەی و نەبوونە ئەڵتەرناتیڤ بۆ یەکێتییەکەی جەدوای لە پێویستی قۆناغەکانەوە وەردەگرێت، بۆیە؟ بێ زیادەڕۆیی و لە خۆڕازیبوونی حزبی، هەر یەکێتی خۆی ئەڵتەرناتیڤی خۆیەتی و ژانی نوێبوونەوە لەم دووڕیانەدا ڕێک لە دایکبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕەسەنی یەکێتییە لە هەناوی یەکێتی خۆیەوە. هەڤاڵەکانی یەکێتی نوێبوونەوە ئەمە دەزانن و لەسەر سەرکردایەتیی نوێی یەکێتییە بە سیاسەتێکی ژیرانە ئەوە بکات کە دەسپێکی نوێبوونەوەی خۆی بکاتە دەسکەلای تێهەڵچوونەوەی دەوروبەرەکەشی. پێکەوە درک بەوە بکەن هێز

له یەکێتیدایە. هێز لە یەکێتی نوێبوونەوە و تێهەڵچوونەوەی هەمووانداییە لە دەوری یەکێتییەکی بەهێز و سەنتراڵدا.

ئەم تەشخیسە بۆ ئەوە نییە هیچ هێز و لایەنێک لە یەکێتی تەوەللا بن و وەسفی زاتی بکەنە بەربەستی بەردەم پێکەوەیی و خڕبوونەوەی هێزی دیموکراسیی و نوێخوازی لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوانیش دەتوانن گێڕانەوەی خۆیان بپارێزن و برەوی پێ بدەن مادام دەیانهێنێتەوە سەر (بانە)ی پێکەوەیی و تەگبیری هاوبەش لەگەڵ یەکێتیدا، یەکێتی بەکردەوە چاوی لەسەر دووڕیانی (بانە)کەیە و هەڵسەنگاندنە جیاوازییەکانیش بە خوێندنەوەی شێنەیی مێژوو دەسپێرێ، نایکاتە لەمپەڕی بەردەم لێکگەیشتنی پێویست بۆ ئەمڕۆ. بۆیە کاتێتی وەکو جاران، ئەمما بە ئەرزێکی نوێباو، دەست بە ئەڵقەی ناوخۆیی ستراتیژی هاوسەنگی سیاسیی و بگرە ویستی زۆرانبازییەکی شەریفانەوە بگرین.

٣

### سیاسەت بۆشایی قبوڵ ناکات

ئەمە دیدێکی خوازراوە لە زانستی فیزیکەوە، بەڵام ئەڵێی بۆ جیهانی سیاسەت و بەرپرسیارێتی لە شەئنی گشتیدا نووسراوە.

**سیاسەت بۆشایی و خنەخنی بێ هیمەتەکان قبوڵ ناکات.**

یەکێتییەکان پێیان وایە خەبات و سیاسەت و هیمەتیان بەشی تەواوی جوگرافیای کوردستان و پێویستییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان دەکات. ئەم قەناعەتە بێ ئەوەی ڕەتکەرەوەی کۆششی لایەنی تر و خەڵکی تر بێت، ئەرکی قورسە لەسەر شانی یەکێتی و ئەگەر کاری پێ نەکات خەباتەکەی لاسەنگ دەبێ و کوردستانیش پەرێشان.

قەناعەتی یەکێتییەکان زادەی مێژووی بەشداری کردەکیانە لە ناو مەنگەنەی ڕووداوەکانی کوردستاندا.

چەند جارێک و لەچەند وێستگەدا کە غیابی سیاسەتی هاوسەنگی یەکێتی هەبووە، کارێکی کردووە سیاسەتی کوردستانی؛ تووشی شڵەژان بێت.

بەرپرسیارێتی یەکێتییە لە قۆناغی نوێبوونەوەدا تەوژمی سیاسەتی یەکێتی وەکو جارانی سەرۆک مام جەلال؛ بەگوڕبکاتەوە.

ئەمەش دیسانەوە بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەبێت کە سیاسەت قەد قبوڵی ناکات و قبوڵی نەکردووە.

کە بۆشایی هەبێ، کەس و لایەنی تر چاوەڕێ ناکەن و

بەپێی تێگەیشتنی خۆیان، بە گوێرەی بەرژەوەندی و خواستی خۆیان، پڕیدەکەنەوە و گوزارشتی لێ دەکەن.

لە دۆخێکی وادایە لە جێی ئەوەی سیاسەتی ژیر و هاوسەنگی هەمەلایەنە و هەم خوێندنەوەی وەک خوێندنەوەی یەکێتی ببێتە سیاسەتی زاڵ و گشتگیر، لە چەند وێستگەدا سیاسەتی لەسەر قاچێک ڕاوەستان و تاک ڕەهەندی و ناکام لە ڕووی هەڵسەنگاندنەوە کلاشە دەکات لە کوردستان و بەداخەوە بەربەستێک نییە نوقسانییەکەی دەربخا و لە قاوی بدات.

یەکێتی نوێبوونەوە لەسەرێتی هاوسەنگی بگێڕێتەوە بۆ کایەی حوکمڕانی، و پڕۆسەی ململانێی دیموکراسی گەشەدار بکاتەوە. ئەم ویست و ئیرادەیەش نەدەبێ یەکسان بکرێتەوە لەگەڵ (شەڕ) و نە یەکسانیش بکرێتەوە لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوە، کە هیچ دەرفەتێک بۆ لێکگەیشتن و سیاسەتی هاوبەشی نەهێڵێتەوە، بەڵکو گێڕانەوەی هاوسەنگی و ئینجا وا وەتریش بەرەو یەکەمێتیی یەکێتی لە هەڵبژاردنەکان، لە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان و لە پرۆسەی یەکەمێتی بۆ نوێنەرایەتی کوردستان لە سیاسەتی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، مافە و ڕەوایە. هەم ئەرکی یەکێتی-یە و هەمیش جەدوای بوونی حزبی سیاسی و ململانێی دیموکراسی دووپات دەکاتەوە، قەرار نییە یەکێتی قبوڵی بێت هێزی تر یەکەم

بێت و کە بخوازێت شوێنی شایانی قوربانیدانی ڕابردووی بەدەستبهێنێتەوە، ئەمە بە گرژی و (شەڕ) و تێکدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە قەڵەم بدرێت. ئەی مەگەر ئەم ویستە بۆ خەڵکی تریش وانییە، کە حەزیان لە یەکەمێتی و پێشڕەوایەتییە؟.

یەکێتی، دەبێت بچێتەوە سەر ناونیشانی خۆی، کە یەکێتییەک بێت بۆ هەموو جوگرافیای هەرێمی کوردستان و هەموو ناوچە دابڕێنراوەکان. بەو هێزو هاوسەنگی و بەشدارییە گشتییەشەوە دەتوانێت لەناو کایەی سیاسیی عیراقدا ڕۆڵی کوردایەتی و دیموکراتی خۆی بگێڕێتەوە.

مەعلومە بەشێکی نەمانی هاوسەنگی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەرەی نوێ (یەکێتییە) درزی تێکەوت و هێزی لێ جیابۆوە، بەڵام ئەی ئەگەر یەکێتی بە هەمان نەفەسی جارانی بانگەوازی سەرۆک مام جەلال بۆ یەکگرتنەوەی چەپەکان، بلۆکی مێژوویی خۆی ڕێکخستەوە؟ ئەی ئەگەر یەکێتی بە زنجیرەیەک تەگبیر و سیاسەت و هاوپەیمانێتی چنراوی وردو بە سەلیقە توانی بلۆکی مێژوویی ڕێکبخاتەوە، کێ ڕێی لێدەگرێ؟ کێ دەتوانێ ڕەوایەتی بدات بە ڕێلێگرتنی لە ڕێی پاشقولگرتنی ناڕەوا یان خۆبەهێزکردن بە فاکتەری نا سروشتی دەرەوی ڕەوایەتیی دیموکراسی و ڕەوایەتیی ناوخۆی کوردایەتی؟ بۆچی قەرارە ئەوە قەدەرێکی سیزیفی بێت و بلۆکی دیموکراسی و ئازایانە

به کەرەستە و دەسکەلا ڕەواکانی دیموکراسی نەتوانێت هەڵوێستەیەک بکات؟.

ئەی مەگەر قسەی هەمووومان لەسەر دیموکراسی و کوردایەتی و پێشبڕکێی ناو هەناوی کوردەواری نییە؟ یەکێتی دەتوانێ ئەمە بکات، دوای خۆڕێکخستنەوەی لەم قۆناغی نوێبوونەوەیەدا بلۆکی دیموکراسی و هاوهەڵوێستی بینا بکا و وردە وردە هاوپەیمانێتی نوێ بۆ هەڵبژاردن، بۆ پرۆسەی سیاسی و بۆ پەراوێزی کارکردن بچنێ و پاشان بەو بلۆکە ڕەوایەوە سەرلەنوێ بینای پەیوەندیی خۆی لەگەڵ پارتیش ڕێکبخاتەوە لە کایەی حوکمڕانی و لەناو پرۆسەی سیاسیی کوردستان و لەناو کۆی بەشداریی کورد لە عیراق و سەرتاسەری کوردستان وەک کایەی تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان.

یەکێتییەکی خاوەن بلۆکی مێژوویی و ڕەوا دەتوانێ کێبڕکێیەکی ڕەوا و تەکامولیش لەگەڵ پارتی بکات لەو شوێنەی کوردایەتی و کوردەواری دەیخوازێ خاڵی هاوبەش و تەکبیری هاوبەش بینا بکات. لەو شوێنەی دیموکراسی و ململانێی ڕەوا و گەمەی سیاسیش دەیخوازێت لەگەڵی ناکۆک و ململانێکار بێت.

ئاخر یەکێتی سۆشیال دیموکراتە و پێشکەوتوخوازە و

خاوەن ڕوانینی جیاوازە، یەکێتی خاوەن تێزی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەو گەرەکە دەست و پەنجە لەگەڵ ئەم چەمکانە نەرم بکاتەوە، بۆ ئەوەی جیاوازییەکانی ببینین و جەماوەریش ئەشهەدو مابیلا بۆ ئەو جیاوازییانە بکات.

ئەم تێزی یەکێتی نوێبوونەوەیە، کە لەسەر کەلتوری دەوڵەمەندی یەکێتی و سەرۆک مام جەلال، ناکۆکی و دۆستایەتی لە سیاسەت ڕێکدەخاتەوە: خاڵی هاوبەش، پەرەپێدەداو خاڵی ناکۆکی بە دیموکراسی و ئاشتی دەگەشێنێتەوە، چونکە نامانەوێ جیاواز نەبین بە بیانووی هاوبەشییەوە. ناشمانەوێ شەڕی زبر بکەین بە بیانووی جیاوازی و فرەییەوە.

یەکێتی بۆ ناوخۆی یەکێتییە و یەکە و بۆ دەرەوەی خۆیشی؛ یەکێتی، فیدراسیۆنی جیاوازییەکانە.

سیاسەتی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە دەتوانێ ئەم هاوسەنگییە لە نێوان ناکۆکی و تەبایی، دۆستایەتی و جیاوازی ڕێکبخاتو لەسەر زەمینی واقیع جاویدانی تێدا بنوێنێ.

# ڕاز و نیازی کوردایەتی

١

یەکێتی زامەکانی سارێژ دەکات و دەبێتەوە باسکی بەهێزی گەلەکەمان.

ئەم سەرمایە گەورەیەی کوردایەتی، کە بە خوێن و فرمێسک و ڕەنجی شانی هەزاران تێکۆشەر و خەرجییەکی زۆر لەسەر گەلەکەمان کەوتووە، قەت ناکەوێت و ئیتر وا تێهەڵدەچێتەوە.

ڕێگای خزمەتکردنی کوردستان و هێنانەدی ئاواتەکانی گەل بە باریکەڕێی هەڵدێری دژایەتی ئیستحقاقەکانی یەکێتیدا تێناپەڕێت، بەڵکو بەڕێی هات و بەراتی پشتیوانی و دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتیدا تێپەڕ دەبێت.

ڕێگای ئاوەدان بۆ سیاسەت لەگەڵ یەکێتی هاوپەیمانی و دۆستایەتی و پێ سەلماندنە. نەک پاشقولگرتن و سەپاندن و چوونە سەنگەری بەرامبەری یەکێتی.

خۆتان لەو نەخۆشییە چارەسەر بکەن کە ناوی فۆبیای یەکێتییە.

**کوردایەتی بکەن نەک دژایەتی**

وزە و ورەی خۆتان دژی نەیارانی کورد کۆبکەنەوە و لەگەڵ یەکێتی بن نەک یەکێتی گەمارۆ بدەن و ئابلۆقەی بدەن.

ئەم شێوازەتان ئەوەندە ئاشکرابووە پێش ئەوەی زیان لە یەکێتی بدات وا خەریکە دەبێتە شەرمەزاریی بۆ خۆتان، کە سەد خیتاب و خوتبە ناتوانێ پاساوی بداتەوە و بیانووتان بۆ دابین بکات.

٢

ئیتر واز لە فەرهەنگی تۆمەتبارکردن بێنن. واز لە خیانەتسازی و بەخشینەوەی نازناو و میدالی دژە کوردایەتی بە کەیف و دڵی خۆتان بێنن، تەنها لەبەر ئەوەی خەڵک پێتان دەڵێ ئەم ڕێگایەی گرتوتانە بەر کوێرە ڕێگایە، یان وەک عەرابی بەپەرۆشی کوردایەتی دەیگوت: ڕێگای نەهاتە.

واز لە فەرهەنگی بوختان کردن و چەواشەکاری بێنن. کوردایەتی مەرکەزی بە دەردی کوردەوارییەکی شپرزە و

کێشەدار نایخوات.

لەم چەند ساڵەی دواییدا کۆمەڵێک هەڵە و پەڵەی چەوتی و چەتەیی کراون کە بەداخەوە واکەوتۆتەوە. کوردایەتی ڕاستەقینە و پاک و خاوێن لەم ژینگە پیسەدا بەحاڵ جێی دەبێتەوە، لەجێی ئەوەی لە نیوەی ڕێگا زەرەر و زیانەکان بگێڕدرێنەوە، دێن تیری ژەهراوی لە هەموو بیرۆکە و پێشنیازێکی بەجێ دەدەن کە کوردایەتی تێکەڵی ژیان و کۆمەڵ و دیموکراسی بکاتەوە.

کوردایەتی بەو هەموو زوڵم و زۆرەی سەد ساڵە لێی دەکرێت، قەت سەر بە ماڵی مەرکەزیەت و ستەمکاری نییە.

٣

ستەمکاری لە بابی سیاسەت جێی نابێتەوەو شوێنی لە فرەیی و دیموکراسی و ژیانی ڕۆژانەی هەڵە و ڕاستکردنەوە نابێتەوە.

### ستەمکاریی برای گێلی و گەمژەیی و تەمبەڵییە

ستەمکار لەبەر بەهرە و نفوز و پایەی نییە کە حەزی لە نیشانی ستەمکارییە. بەڵکو لەبەر ئەوەیە نازانێ نەرم و نیان بێ و ناتوانێ کات و کارت و کار بۆ تێگەیشتن و تێگەیاندن

تەرخان بکات و ڕێی ئاسانی ستەمکاری بە باشتر دەزانێ.
ستەمکار سیاسەت نازانێ، ئەگەرچی ناوی لەناو سیاسەتە و بۆ سیاسەت لە کارایە.

٢٠٢٠/٥/١٠

# فەسڵی پێنجەم
# باگراوەندی کۆنگرەی چوارەم

# مافی کۆنگرەمان بەنەوە

٦/١ هەر یادی دامەزراندنی یەکێتیو شۆڕشی نوێی یەکێتی نییە، بەڵکو دوو یادی تریش لەپەنایەوە هەن کە دەکرێ بۆ شەرحی حاڵی یەکێتیش بخرێنە گەڕ. ڕۆژی جیهانی منداڵانو ڕۆژی جیهانی بەرەنگاریی جگەرەکێشانیشە.

لەم ڕۆژی بەرەنگاریەدا حالبی چەقبەستووی یەکێتی لە دووڕیانی خۆنوێکردنەوەو خۆغافڵکردن بە دەوروخولی کۆنگرەدا مرۆڤ ناچارە جگەرەیەک خەفەتو خەم بخوا تەنانەت ئەگەر جگەرەکێش نەبێت. خەفەت بۆ ڕابردووی زێڕینی یەکێتیو ئەمڕۆی کە بەو هەموو کەلتوورە مەزنەی گۆڕانکاریو شۆڕشگێڕیو ڕێچکەشکێنانەی ناتوانێ بڕیار لە کۆنگرەی خۆی بداتو هەر جارەی بە بیانوویەکەوە ئەم ئیستحقاقە دیموکراتیە ئاساییەی خۆی دوا دەخات. بەمەیە مرۆڤ نیگەرانیش دەبێ لەسەر ئایندەی یەکێتیو کوردستان کە تا ئێستاش باشترین هێزی داکۆکیکار بووە، بەمەیە مرۆڤ

نیگەران دەبێ لە ئایندەی کوردایەتی‌و ئایندەی کوردەواری‌و ئایندەی نەوەکانی داهاتوو منداڵەکانی - کە هەموو جارێک تەنانەت یادەکەشیان دەبێتە قوربانی یادی گەورەکان.

بەندە وەک (هەڤاڵێک) کە ئەمڕۆ کەم کەس بە پۆستو نازناوی هەڤاڵ ڕازییە ئەگەر موقەبیلانی بەرپرسارێتی‌و کاک کەمال فوئاد وتەنی ئەلقابگەل‌و شیرین‌و ئەلفازەگەل عەزیمی لەگەڵ نەبێت. بەندە وەک هەڤاڵێکی ئاسایی یەکێتی شتێکی جیاواز لە هەڤالانی دێرین‌و نەوە جیاجیاکانی یەکێتی بیر لە دۆخەکە دەکەمەوە. هەڤالانی دێرین هەقی خۆیانە خەفەت لە ڕابردووی خۆیان بخۆن کە بەو هەموو تێکۆشان‌و تۆمارە زێڕینەی ڕابردوویانەوە دۆخی یەکێتییان بەدڵ نیەو دەسکەوتەکانی ئەمڕۆ یەکێتی و دیارە خۆشیان لەگەڵ ئەمڕۆ بە نەگونجاو دەبینن، بەڵام پێشنیاز دەکەم هەموومان خەفەت لە داهاتوو بخۆین. چونکە خەفەت لە داهاتوو خەفەتێکی ئیجابیە، پەرۆشییە بۆ شتێک کە دەتوانرێت بکرێت، چونکە ڕوو لە ئەمڕۆو سبەینێ و ئایندەیە. مرۆڤ چی بکات ڕابردوو ئەوەیە کە لە دواوەیە. ڕەنگەو هەر واشە تۆماری زێڕینی ڕابردوو دەبێتە کەرەستەی شانازی تینووتاو بۆ کاری ئایندە. دەشێ لە باسی ڕابردوودا تەفسیرێکی نوێش بدۆزینەوە بۆ دوێنێ کە بەکەڵکی ئەمڕۆو سبەینێ بێت. بەڵام ڕابردوو چەند دەستکاری بکەین

به خوێندنەوەی نویٚ و مۆنتاج و دەستکاری ئیجابیانە ئەو چانسەی نابێت کە داهاتوو دەیخاتە بەردەممان. چونکە داهاتوو ئەو شتەیە کە بۆی دەڕۆینو دەتوانین بەدەست و ئیرادەی خۆمان نەخشی بکەین.

مافی کۆنگرەمان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئەرکی حورمەتی رابردوومان جێبەجیٚ بکەین.

ئێمەی یەکێتییەکان لە هەموو نەوەو وێستگەکان بە غرورێکی ڕاست و رەواوە خۆمان بە خاوەنی هەموو یەکەمەکانی کوردستان دەزانین. ئاخر شۆڕشی نویٚو فرە حزبیو دیموکراسیو عەدالەتو ئینجا بەخشینی مانایەکی کۆمەڵایەتی بە شۆڕشی نیشتمانیو نەتەوەیی، یەکێتی دایهێنا. تەنانەت دوای ڕاپەڕینیش دەبابەکانی بەعس نزیکی کوردستانی ڕزگار بووو زۆر حزبی تریش هێشتا بارەگای لە ئاوارەیی نەهێنابووە کە یەکێتی کۆنگرەی خۆی سازکرد.ئەم دیموکراسیەی کوردستان بەرهەمی خوێنو خەباتی یەکێتییە. بەڵام بەچی دەچێت کە یەکێتی خۆیدوا کەسە کەڵک لەم دیموکراسیەی خۆی هێناویەتی وەربگرێت؟ بە تەنیشتمانو لە پشتمانو لە پێشەوە حزبی تر دروست دەبێتو دێتو دەڕوا، کۆنگرە دەکاتو دەچێتە هەڵبژاردنەوەو دەیباتەوەو دەدۆڕیٚ کەچی خۆمان لە بەرهەمی خۆمان ناخۆینو ئەندامی یەکێتی

وایلێهاتووه مافی چارەی خۆنووسینی لا بۆته مافی کۆنگره بەستن لەکاتێکدا دەمێکه ئیستحقاقی کۆنگره پێویستییەکه بۆ ئەوەی باشتر خۆمان مشتومالّ بکەینەوەو چاکتر له ماناو ڕەهەندو ڕێو شوێنی جێبەجێکاری مافی چارەنووس تێبگەین.

کۆنگره پێویستییەکه نەک هەر وێستێک، منەتو پیاوەتی نیه بەسەر ئەندامی یەکێتییەوه بکرێت. بچووکترین مافی ئەندامیشه. ئەوەی سازی بکات سوپاس دەکرێت که پابەندی یاسای حزبایەتی و دەستووری عیراق و قانوونی تەبیعەتیشه، ئەوی نایکات ئەوا پێچه به دەوره بەو پرەنسیپانه دەکات. مێژوو، ئەو شتەی زۆری هەڤاڵانی یەکێتی شانازی پێوه دەکەن هەر دوێنێ نییه، بەڵکو ئایندەشه. بۆیه دەگوترێ مێژوو ڕەحم به کەس ناکات، واتای وایه که ئاینده رەحم ناکات دەنا ڕابردوو ئەوەیه که ڕوویداوەو جێی ڕێزو حورمەت و تەقدیره. لەسەر ئەمەیه مام جەلال دەیگوت (لەسەر چەپکی گوڵی سەرکەوتن خەومان لێ نەکەوێت) ئەگەر خەومان لێکەوت چەپکه گوڵەکەش دەبەنو خۆشمان غافڵکوژ دەکەنو دەمانکەنه دەرەوەی مێژوو، لەکاتێکدا پەرۆشی مێژووی ڕابردوومانین.

مافی کۆنگرەمان بدەنەوه بۆ ئەوەی ئەرکی حورمەتی ڕابردوومان جێبەجێ بکەین. دەنا به خوا حزبی تر لەجیاتی یەکێتییەکانی ئەمڕۆو سبەی حورمەتی ئەو ڕابردووه مەزنه ناگرێت.

٢٠١٩/٦/٢

# لەگەڵ یادە مەزنەکەشدا،
# تەگبیر لە کۆنگرەی نوێ بکەن

هەفتە یادی مەزنی یەکێتییە مەزنەکە بەڕێوەیە . هەفتەیەک یادی یەکێتیەکەی مام و ماڵە گەورەکەی کوردایەتی پێشکەوتنخواز بۆنەیە بۆ بوژاندنەوەی کوردەواری و دەستپێکی بەهارێکی تری کوردایەتی.

یادی (٤٣) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی و چل و چوار ساڵەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانە کە تا ئێستاش باشترینە لە گوزارشت کردن لە هیوا و ئاواتەکانی گەل و نیشتمان.چونکە زۆر هاتن وچوون، لە پڕ هاتن و لەناکاو چوون و وەک بەفری کوێستانان توانەوە، تەنها لوتکەی سەفین لە شوێنی خۆی ماوە و ڕێگەی نائومێدی و شەوەزەنگی دژواری نەداوە کە زەفەر بە کورد و کوردستان بەرێت.

یادی یەکێتییە و ئەمڕۆ لە هەموو رۆژێک زیاتر ئامانجی (شۆڕشی نوێ)، ئامانجەکانی مافی چارەنووس و بەرەنگاری

تەعریب و ناعەدالەتی تەڕ و پاراو و ڕەوان. یادی ماڵە گەورەکەیە کە هیوای کوردی پێوە بەندە. چونکە ئەو ماڵە گەورەیە خۆی بەندی کورد و پەیوەستی کوردستانە .یادێکی مەزنە و هەفتەی بوژاندنەوەی گیانی شۆڕشگێڕی حزبەکەی سەرۆک مام جەلالە. هەڵبەتە ئەوکاتە یادەکە مێژووی تر دەبێ کە کۆنگرەی دواخراو و زۆر دواکەوتوو ببەسترێت .کۆدی دیموکراسیش بکرێتەوە و بیانووی دواکەوتنیش ببڕێتەوە.

یادی حزبێکە چەند دەیەیە لە شۆڕش و نوێبونەوەدایە، هەقێتی جوابی شۆڕشگێڕانەی (٩) ساڵی پاش دوا کۆنگرەی خۆی بداتەوە.

یادەکەتان بەخێر بێتەوە یەکێتییەکان.

یادەکەتان موژدەبەخش بێت ئەی هەڤاڵانی برا و خوشکانی سەرۆک مام جەلال. دوای شایی و گۆڤەندی یادکردنەوەشتان تەگبیری جدی لە کۆنگرە بکەن. ئەم کەموکوڕیە حزبیە چارەسەر بکەن تا بیکەنە وێستگەی چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکانی ناو پرۆسەی سیاسی کوردستانیش.

٢٠١٩/٥/٢٤

# نۆرەی نوێبونەوە،
# نۆبەتی ئێمەو ئێوەی نوێبونەوەخوازە

١

نۆرەی ئەوەیە یەکێتییە کۆنگرەخوازەکان، یەکێتییە دیموکراتخوازەکان، قسەی خۆیان بکەن و تەوقیتی خۆیان بچەسپێنن و ڕێنەدەن کەس تەوقیتی خۆی بسەپێنێ.

ڕۆژ و دوو ڕۆژ کێشە نییە، حەوتی مانگ پێیان نەکرا، ٢١ی مانگ هەمووممان پێمان دەکرێت و پێمان دەچەسپێندرێت. تا ئەو ڕۆژەش جگە لە کۆنفرانسی مەڵبەندەکان، ڕووداوی دیموکراسی و نوێبوونەوەی زۆرتریش دەبینین.

نۆبەتی ئێوەیە هەڤاڵانی یەکێتی، نۆبەتی نوێبونەوەیە تا کوردایەتی نوێ ببێتەوە.

ساڵی نوێ سەرکردایەتییەکی نوێ دەخوازێ و سەدەی نوێ کوردایەتییەکی تازەی گەرەکە.

ئیتر نۆرەی هەڤاڵانی کۆنگرەخوازە کە بەگیانی یەکێتییانەی

دێرینەوە هەڤاڵ هەڤاڵ یەکێتی پتەو بکەن و خشت بە خشت تەلاری جەلالیزم بینا بکەینەوە.

## ٢

### نۆرەی بەهاری یەکێتی و یەکێتییەکانە

نۆبەتی بەهارێکی حزبیانەیە، بەهارەکانی تر لە دونیای عەرەب تا دونیای عەجەم پشتی بە دامەزراوەی حەریفانە نەبەستبوو.

بەهارەکانی تر بۆ ئازادی بوو، بەڵام ئازادیخوازان لە بەرەکەیان نەخوارد.کۆنەپەرست و لۆمپەنەکان پێچە بە دەورەیان پێکرد.هەرچی بەهاری حزبایەتییە، ئەوا بەهاری دیموکراسیی بەرپرسانەیە.خاو و لەسەرخۆیە، بەڵام بە پتەوی دەڕوا و هەنگاو دەنێ. شت ناشکێنێ، بەڵکو لەسەر خەرمانی ڕابردوو توێی خەرمانی تر دەچێنێ.

بەهاری نوێبوونەوە لەناو یەکێتی بۆ قازانجی هەموو یەکێتییەکانە، بۆ قاودان و تەوەلاکردن و ئەفرۆزکردنی کەس نییە، بەڵکو بۆ ئەبدەیتکردنەوەی ئاسۆیی و ستوونی ڕێکخراوەیی و بۆ هەڤاڵبەندی نوێ و شەراکەتی نەوە جیاجیاکانە و بێگومان هێنانە پێشەوەی خوێنی تازەشە، بەهاری یەکێتی بەرێوەیە و هۆڵی کۆنگرەش کۆڕەپانی بەهارەکەیە.

## ٣

نۆرەی ئەوەیە یەکێتییەکان لەم کۆنگرە و لەوێ بەدواش دیادەیەکی خراپی حزبایەتی کوردستانی چارەسەر بکەن کە ئەویش دیاردەی بە بارمتەگرتنی حزبە بۆ خواستە کەسییەکان. سەرچاوەی ئەم بەڵایە هەر تەکەتول و باڵباڵێن نییە، بەڵکو هەندێک جار خودپەسەندی و خود تەوەریی دەبێتە باعسی ئەوەی حزب بە جەماوەری دڵسۆز و شانوشەوکەتی خۆشییەوە دەرەقەتی دیاردەکە نەیات، چونکە خودپەسەندان کاتی هەستیار و وەرچەرخانی ململانێ گەورەکانی حزب هەڵدەبژێرن بۆ هەڕەشە لە حزب و یەک ڕیزییەکەی.

حزبایەتی تێکۆشانێکی دەستەجەمعی و گشتییە کە هەقە دەرکەوتنی کارەکتەر و دەرکەوتووەکان بڕژێتە ڕووباری حزبەوە و هێزی بداتێ نەک ببێتە هەڕەشە و حزب و هەڤاڵەکانی و جەماوەری گەلیش بە بارمتە بگرێت تا ویستەکانی مسۆگەر دەکات.

نۆبەتی بووژاندنەوەی یەکێتایەتییەکی خاڵس و سەوزەڵانییە.

٤

## نۆرەی پابەندبوونە بە وادەی کۆنگرەکانەوە

خۆی قەرار بوو ئەمڕۆ حەوتی دوانزە، ڕۆژی بەستنی کۆنگرە بێت، بەڵام ڕۆژەکەی خلیسکا و ئیتر هەر چۆنێک بێت پێش سەری ساڵ دەکرێت.

سبەی لە کۆنفرانسی مەڵبەندەکانەوە یەکێتییەکان بە گڕ و تینێکی دیموکراتی ترەوە تێهەڵدەچنەوە بۆ بەرواری تازە لە (١٢/٢١) دا.

عەرەب بەمە دەڵێن (لعل المانع یکون خیرا) و تورکمانیش ئێژن: (ئاخیرە باخن). کوردی دڵسۆزیش وای گوزارشت کردووە کە (کنگر و ماست بە وادەی خۆی).

هیوای یەکێتییەکان ئەوەیە ئەمجارە کۆنگرە لە وادەی خۆیدا بکرێت و ڕەوشەکە ماستی مەیوو بێت، نەک موویەکی تێدا بێت.

نۆبەتی ئەوەیە کۆنگرەکانی یەکێتی ئیتر لە وادەی خۆیاندا بکرێن و ئیلتزامی وادەکان و ئەجینداکان ببێتە بەشێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چوارەم، ببێتە بەشێک لە نەریتی حزبایەتی ناو یەکێتی تا وەکو ئەم تەنگژانەی ئێستا بەهۆی کەڵەکەبوونی نەوەکان و قەرەباڵەغی ئیستحقاقی کۆنگرەوە دروست بوون، دووبارە نەبێتەوە.

٥

### نۆرەی نوێبوونەوە و نۆبەتی ئیستحقاقی ئەرکە تازەکانە

دوا کۆنگرەی یەکێتی لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام درا کە مام، گەورەترین پاوەری کوردایەتی و دیموکراتی و یەکێتایەتی، لە کایەدا بوو. ئەمە لەسەرەوە.

چیتر؟

ئەوسا بەهاری عەرەبی بە چاپی یەکەم لە ساڵی ٢٠١١ و چاپی دووەمی لە ٢٠١٩ نەقەوما بوو، مارینزی ئەمەریکا لە عێراق بوو، نەک داعش و حەشدی شەعبی، کەرکوک لای خۆمان بوو، نەک لای شۆڤێنییەکان بە تایفەگەر و تۆرانی و ڕەفتار بەعسییەکانەوە.

ئەوسا دیمەشق و بەغدا و ئیقلیم دۆست بوون، ئێستا کەس نازانێ کێ دۆستەو کێ سەری تێدا دەچێ؟! ئەوسا چاپی یەکەمی ئەردۆگان لە کایەدا بوو کە موخاتیبی ئاشتیخوازی کورد بوو کە ئێستا دووەمین چاپی زیاتر لە ئەتاتۆرک دەستی بە خوێنی گەلی کورد سوورە. ئەوسا مەسەلەی ڕەوای کوردستان لە هەموو بەشەکان سەرەتاتکێی بەهاری دیموکراتی و ئازادی بوو، ئێستا نەک کوردایەتی، بەڵکو نەتەوە و نیشتمانەکەشمان بەر ملهوڕی دوژمنان و بەر دۆخی

شڵەژاوی ناوخۆیی کورد کەوتووە. پریشکی ئەم شڵەژاوییەش بەر یەکێتی کەوتووە کە نەیاران هەوڵی ئیحتواو لە قاڵبدانی ئەم شاخە بڵندەی کوردایەتی پێشکەوتنخوازە دەدەن.

ئەوسا وا و سەد ئێستای جیاواز هەیە کە دەبێ چوارەمین کۆنگرە هەڵوێستەی لە ئاستدا بکات و تیمی داهاتووی پێشمەرگایەتی سیاسیی خۆی لەسەر بنچینەی پێداویستی خەباتی نوێ دابڕێژێتەوە.

٦

بەیانیتان باش هەڤاڵانی یەکێتی

بەیانیتان باش دۆستان و لایەنگرانی یەکێتی

ئەمرۆ ڕۆژی شادی و شا ڕێی نوێبوونەوەیە

ڕۆژی دیموکراسی حزبی و زیندووکردنەوەی ژیانی حزبایەتی و گیانی هەڤاڵێتییە

ڕۆژی ئەوەیە بیسەلمێنین دیموکراسیی لە کۆمەڵی کوردەواری و لە دەزگای پەرلەمان و لە شارەوانییەکان و لە حکومەت، بە کوردستانی و فیدرالییەوە، هەموویان لە دیموکراتیزەکردنی ژینگەی حزبایەتییەوە دەست پێدەکات.

دیموکراسیی بێ حزبایەتی نابێ و حزبایەتییش بێ دیموکراسیی و دەنگدان و دەنگەدەنگ و دەنگ بەرزکردنەوەی

ناوخۆیی و هەڤاڵانە نابێت.

ئێوە بە کۆنفراسیی مەڵبەندەکان و پێشتریش بە کۆنفرانسی کۆمیتەکان و دوای هەردووکیشیان بە ڕۆژی حەشری کۆنگرە دووپاتی دەکەنەوە ئەسڵی سیاسەت و پرۆسەی دیموکراسیی حزب و حزبایەتییە.

ماکی کێشەکانی کوردستان نەمانی حزبایەتی دروست و دیموکراتە. چونگە ژیانی ڕێکخراوەیی بە قەدر و عافیەت و سەلامەت ڕێگایە بۆ ژیانێکی سیاسیی زیندوو و دیموکرات. بێ حزبی ئازا و ئازاد و دیموکرات زەحمەتە کوردەواری ئەبدەیت ببێتەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەرکەکانی داهاتوو. چونکە (فاقد الشئ لایعطیه)، چونکە دەبێ ئەسپەکە لە پێش عەرەبانەکە دابنرێ. نەک پێچەوانەوە.

پیرۆزە لە هەڤاڵان بە بردنەوەی دەرچوون و بە بردنەوەی دیموکراسییەوە...

پیرۆزە کۆنگرەی چاوەڕوان...

*بەشێکە لە زنجیرە نووسینی

«نۆرەی نوێبوونەوە، نۆبەتی ئێوە و ئێمەی نوێبوونەوە خوازە».

٧

**به برژانگی چاو بینووسینەوە**

نۆرەی پەیڕەوێکی تازە و نۆبەتی پڕۆگرامێکی هاوچەرخە.

نۆرەی پەیڕەوێکی وایە لەگەڵ ئیستحقاقی سەدەی بیست و یەک و ئەرکە تازەکانی یەکێتی لە کایەی حزبایەتی و کوردایەتی و دیموکراتیدا، بگونجێت.

وا لیژنەی پەیڕەو و پڕۆگرام مژدەی پەیڕەو و پڕۆگرامی نوێی دا و بڕیارە بیخاتە بەردەم ئیرادەی هەڤاڵانی چوارەمین کۆنگرەوە بۆ ئەوەی بڕیاری پێویستی لێبدەن.

گفتوگۆی ناو کۆنگرە لەسەر پەیڕەو و پڕۆگرامی تازە گەرم و گوڕ دەبێ، لە ژووری گفتوگۆی لیژنەی پەیڕەو چێشتەکە دەکوڵێنین و لەناو هۆڵی گشتیشدا بڕگە بڕگە، پەسەندی دەکەین.

بەقەولی مامۆستا گۆرانی شاعیر: ئەمانە هەمووی گرنگن، ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای یەکێتین، بەڵام تەبیعەتی ژیانی حزبایەتی هەرگیزاو هەرگیز بێ ڕووناکییە، بێ بزەی ئازیز و هەڤاڵانی وەفاداری ئەو پەیڕەو و پڕۆگرامە.

جا بۆیە پەیڕەوی ئەمجارە بە برژانگی چاو دەینووسینەوە، نابێ لێی غافڵ بین و پێشێلی بکەین.پڕۆگرامی ئەم کەڕەتە

بە مەرەکەبی خەم و خەفەتی چەندساڵی ڕابردوو ڕەنگڕێژی دەکەین تا لەسەر چەپکەگوڵی سەرکەوتن خەومان لێنەکەوێت و بە موو لێی لا نەدەین و.. لێی لا نەدەن.

نۆبەتی پەیڕەوکردنی پەیڕەوە بەسەر هەمووواندا: فەقیر و فوقەرا، ئەمیر و ئومەرا. بەسەر هەموو هەڤاڵاندا کە هەمووان لە بنچینەدا هەڤاڵین و.. هەڤاڵ هەڤاڵ یەکێتی پێکدێنین.

نۆرەی پەیڕەوێکە لە وادەی خۆیدا بنووسرێ و لە وادەی خۆیدا پەسەند بکرێت و لەوادەی خۆیدا جێبەجێبکرێت کە هەموو وادەیەک بۆ جێبەجێکردن دەشێت.

نۆبەتی پابەندبوونە بە پرۆگرامێک لادانی کاتی تێدا نەبێ، پرۆگرامی مافی چارەنووس بێت نە کەم و نە زیاد، نە ناوچەگەریی و نە سۆپەر نەتەوەیی بێت. بەڵکو هی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بێت.

٢٠١٩/١٢/١٦

# بەیانی کۆنگرەتان باش

هەڤاڵانی یەکێتی

پێمانەوە بێت و پیرۆزمان بێت کۆنگرەی نوێبوونەوە، کۆنگرەی ئیستحقاقی حزبیی یەکێتییەکان و گەشەپێدانی ژیانی دیموکراتی ناوخۆیی حزبەکەی مام و یەکێتییەکەی ئەرکە گەورەکانی کوردایەتی پێشکەوتنخواز و دیموکراتی سەنگین.

کۆنگرەیەک کردمانە واقیعی بەرجەستە و شایانی دڵسۆزانی یەکێتی و هەمووومان کۆڵمان نەدا تا کردمانە جەژنی حزبایەتی و دیموکراتی.

پێکەوە و هەڤاڵ هەڤاڵ یەکێتی پتەو دەکەین، نوێی دەکەینەوە و سەریدەخەین، پێکەوە یەکێتیی ناو یەکێتی و یەکدەستی و لە هەمانکاتدا هەمەڕەنگی و چەپکەگوڵە بۆنخۆشەکەی، دەپارێزین.

پێکەوە کەلتوری شۆڕشی نوێ و میراتی گەشی شەهیدان

و ئەمانەتی مامی گەورەمان، دەپارێزین.

دەستوور و داب و پەیڕەو و بەرنامەکەی بە برژانگ دەپارێزین و وەک بیلبیلەی چاومان هەڵیدەگرین. وەک باسکی بەهێزی گەلی کوردستان و لەپێناوی گەلی کوردستان و ئایندەی کوڕو کچی کوردەواری دەیخەینەگەڕ.

با بەو ئەمانەتە سەنگینەوە ئایندەش مسۆگەر بکەین و سەدەی نوێ بکەینە سەدەی کورد.

سایەی شەهیدمان لەسەر بێ و ڕۆحی گەشی مامی گەورە هەمووتان بپارێزێ تا هەموو کوردستان پارێزراو بێت، چونکە دایمە لە بیرمان بێت، ئەم گەلە پێویستی بە سێ شتە:

یەکێتی و

یەکێتی و

یەکێتی

٢٠١٩/١٢/٢٢

# کوردستان لە وەرزی یەکێتی (نوێبوونەوە)دا

کوردستان و بەسەرهاتەکانی عیراق و ناوچەکە لەبەردەم زیاد لە ئەگەرێکی کراوەدان، سیاسەتی کوردستانیش دەبێ بەسەر پردی باریکدا گوزەر بکات تا گەلەکەمان و بزووتنەوە سیاسییەکەی، بە ساغڵەمی بچنە ئەوبەری پردەکە و چاویان لە پارێزی و قایمبوون بێت و ئینجا دەرەقەتی ئەرکەکانی تری سەرشان بێن.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان باسکی بەهێزی سیاسەتی کوردستانییە، کە دەبێ دەربەستی ئەرکەکانی سەرشانی و شوێن و پێگەی خۆی و کوردستان بێت لەو پێشهاتانەی وا بەڕێوەیە. ئەگەرچی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، نوێنەرایەتیی یەکێتی لە هەموو ئاستەکانی بەرپرسیاری و ڕۆڵگێڕاندا لە کایەی جموجۆڵدان: لە کوردستان تا بەغدا، لە سەرۆکایەتیی کۆمار و هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی ئیتحادی و هەرێمی کوردستانیش، بەڵام خەڵک و نێوەندە سیاسییەکانی

کوردستان و عیراق چاوەڕێی سەرکردایەتی تەنفیزی یەکێتین تا ئەنجومەنی سەرکردایەتیش قسە و قەراری هەبێت و لەم بەستێنەدا سەنگی کاریگەر دەربکەوێت.

ئەنجومەنی سەرکردایەتیی گشتی هەڵبژێردراوی چوارەمین کۆنگرە، ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٤، یەکەمین کۆبوونەوەی بەسەرۆکایەتیی بە تەمەنترین تێکۆشەری خۆی، هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش، ساز کرد و ماوەی ١٠ ڕۆژی دیاریکرد بۆ هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ کە عادەتەن هەیکەلەی حزب و نەخشەی پەیوەندیی هەڤاڵێتی و دامەزراوەکان ڕێکدەخات، تا پەیڕەویش پەسەند دەکرێت وتەبێژ ئەرکی گوزارشتکردن لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی یەکێتی ڕادەپەڕێنێت.

ئەگەرچی کۆبوونەوەکە دەزگا و دامەزراوەکانی یەکێتی ڕاسپارد کە لەسەر ئەرکی خۆیان بەردەوام بن تا سەرۆکایەتی و هەرەمی یەکێتی هەڵدەبژێردرێت، لەنێو ئەو دەزگایانەشدا هەن ئەرکی پەیوەندییەکان و دیپلۆماسی جێبەجێ دەکەن و بۆشایی لەم ئاستەدا ڕوونادات.

ئەزموونێکی شایان لە ئارادایە کە حزبەکەی سەرۆک مام جەلال تەدارەکی پێویستی پێدەکرێت، بەڵام دیسانەوەش و هەر لەبەر گۆڕانکارییە خێراکانی دۆخی عیراق و ناوچەکە گەرەکە ئەنجومەنی سەرکردایەتی قەدبڕی بکات لە هەنگاوەکانی

بەردەمی و قۆناغی یەکێتی -نوێبوونەوە زوو دەست و برد بکات.

ئێمە دڵنیاین هەڤاڵانی لیژنەی پەیڕەو لە ماوەیەکی کەمتر لەو ١٠ ڕۆژەش ئەرکی سەرشانیان لە هەموارکردنی پەیڕەوی نوێ تەواو دەکەن و ئامادەی کۆبوونەوەی داهاتووی سەرکردایەتی دەکرێت.

دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کۆبوونەوەی زوو بەزوو پاکێجی یەکەمی پەیڕەوی ئامادەکراو هەڵبسەنگێنێ و دەنگی پێویستی لەسەر بدات تا سەرۆکایەتی و هەرەمی یەکێتی نوێ لەسەر بنچینەی ئەو پاکێجە هەڵبژێردرێت و دەستبەکار بێت. ماباقی پاکێجەکانی تریش پەیتا پەیتا لە زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەسەریەک، دەنگیان لەسەر بدرێت و هەرەمی یەکێتی لە قۆناغی پۆست سەرۆک مام، ئەدگاری کامڵ بێت.

کوردستان و خەڵکەکەی، نێوەندی سیاسیی عیراقیش بە هەردوو بەشی ڕاڕەوەکانی حوکم و شەقامەکانی ناڕەزایی، چاوەڕێی دەرکەوتنی یەکێتین لە وەرزی نوێبوونەوەدا، هەقە زۆر چاوەڕێ نەکرێن.

٢٠٢٠/١/١٦

# فەسڵی شەشەم
## شەش گرتە بۆ یادی یەکێتی

## ١-٤٦

ئەم دیمەنە بۆ گەنجی ئەمڕۆ دەتوانێ ئیلهام بەخش بێت کە قوربانیدان و پێشبرکێ لەسەر بیروباوەڕ پەیوەندی بە ساڵەکانەوە نییە. دەروێشی و دڵسۆزی پەیوەندی بە دەف و دەق و دەفرەوە نییە، پەیوەندی بە دیدی ڕۆشنەوە هەیە لەسەر خۆبەخاوەن زانینی هیواو ئاواتی میللەتێک.

ڕیزێک پێشمەرگە لە سەنگەردا چەقیون، چۆڵی ناکەن، لە سوپا و تۆپی بەعس سڵ ناکەنەوە. هەر بۆ یەدەک قاچی خۆیان دەبەستنەوە نەکا چۆڵکردنی سەنگەر بە دڵدا بکا ختور..

بیهێننە بەرچاوی خۆتان مەفرەزەیەکی پێشمەرگە لە داستانی قازان کە گەنجی شارستانی و خوێندکاری شارلستۆن لەبەرن، وەک مۆدێلی جاران باو بوو، ئێستا پێشمەرگەی یەکێتین و کلێتە بەسەری کۆمەڵەن. هاتونەتە نەبەردی کوردستانەوە لە دوژمن ناترسن، لە دوودڵی و دڵەراوکیی

ئینسانی خۆیان دەترسن. لەسەر ئەمەیە حەمە جەزا بە زمانی پێشمەرگەوە دەیوت:

لە زرەی کەلەپچەی دوژمن ناترسم
لە بێ مەیلێکەت ئەحواڵ ئەپرسم.

سەنگەری باوەڕەکەت قایم بکە و لە شوێنی خۆت بمێنەوە تا ئاوەدانی بکەیتەوە. ئەمە دیمەنێکی دەیان داستانی پێشمەرگاییەتییە، بە داستانی دوانزە سوارەکەی قازانیشەوە.

## ٢-٤٦

بڵێسەی شۆڕش ناونیشانە بۆ هەموو شۆڕشێک، شەرارە ناونیشانە بۆ یەکەم ڕۆژنامەی یەکێتی.

مانگی یانزەی ١٩٧٥ یەکەم ژمارەی شەرارە بڵاو کرایەوە. ئەمە نیشانەی بڵێسەی شۆڕش بوو دوای پێنج مانگ لە دروستبوونی یەکێتی.

تایتڵی شەرارە نووسیویەتی (ومن الشرارة یندلع اللهیب). واتا لە بڵیسەوە ئاگر بەرپا دەبێت. (تولەیتولە) جێ ژووانی دامەزراندنی یەکێتی و شەرارە یەکەم بڵاوکراوەیە کە پێشبینی شۆڕش دەکات. هەردووکیان لە مەنفای دیمەشق لەدایک بوون و هەردووکیان گەڕانەوە بۆ نیشتمان. لە ڕۆژی ١٩٧٥/٦/١ کە یەک ساڵەی دامەزراندنی یەکێتییە شۆڕشی نوێ بەرپا دەبێت

و بەڵێنی مام و هەڤاڵەکانی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە خۆشی ئەم موژدەیە شەرارە بەم مانشێتە دەنووسێ (ها قد اندلع اللهیب). واتا بڵێسەکە بوو بە ئاگری شۆڕش.

لە بڵێسەوە بۆ ئاگری شۆڕش، تا لە ڕاپەڕین شۆڕشی نوێ سەردەکەوێت. ئەمە کورتەی چیرۆکی کوردە لە سەدەی بیست.

## ٣-٤٦

کەرتەکانی هێزی پێشمەرگە زۆر بوون

بە درێژایی خاکی ڕزگارکراوی کوردستان. ئەمانە کەرتی گورز وەشاندن بوون لە هێزی دوژمن و ڕەبایەکانی کە شێرکۆ بێکەس ناوی نابوون دومەڵی سەر دڵی شاخ.

کەرتی چا کەرتێکی تایبەت بوو، ناوێکی مەجازی بوو بۆ مەقەڕی ئەو نووسەرو ئەدیبانەی سەنگەری شۆڕش و گەلیان هەڵبژارد و بوونە هەوێنی ئەدەبی مقاومەت.

لێرەوە شیعر و داستان و ڕۆمانەکانی موقاومەت لە دایک بوون. داهێنەران بەشێک بوون لە دیمەنی شۆڕشی نوێ، بەشێک بوون لە چالاکی شۆڕشی نوێ. ئەوانیش رەبایەی بیری شۆڤێنی بەعسیان قاو دەدا و ئەندێشەی لاوانی ئازادیخواز و خوێنەری ئەدەبیاتی یەکێتیان ڕزگار دەکرد.

کەرتی چا بنکەی بیر و هزر و داهێنانی ئەدەبی شۆرش بوون دیوی دووەمی چەک قەڵەم دوانەی خەبات بوون.

## ٤-٤٦

فیرقەی دیعایەی چەکدار

بەشێکە لە پلانی ڕزگاری کە مام جەلال بە دەست خەتی خۆی نووسیویەتی. پیلانی ڕزگاری رێوشوێنەکانی جۆشدانەوەی شۆڕشی تێدایە. تەکبیری وردی پێشمەرگانەو بە گەشبینی ئایندەخوازی شۆڕشگێڕانەوە دەڵێی هەر ئێستا شۆڕش سەردەکەوێ.

تەکبیری پلانی ڕزگاری بە نەفەسی نەخشەی زانستی شۆڕشێکی مۆدێرن هەموو هەنگاوەکانی شۆڕشی تێدایە. لەوانە تیمی چەکداری گەڕۆک کە کاریان پڕوپاگەندەیە دژی ڕژێمی فاشی و بۆ ناساندنی شۆڕش و یەکێتی کە خەباتی دەست پێکردووە و زەمانی بێئومێدی تێپەڕاندوە. پلانی ڕزگاری و لە ناویشیا مەفرەزەکانی پڕوپاگەندە ڕاگەیاندنێکی گەڕۆک بوون بۆ یەکێتی کە وەک سوپای ئەلکترۆنی سۆشیال میدیای ئەمڕۆ بوو. تیمی گەڕۆک لەسەر کاغەز دەستنوسی مام جەلال بوو، لەسەر خەریتەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانیش پیتەکانی نووسین دەبوونە تیپەکانی پێشمەرگە، شاگردەکانی

## مام جەلال و پێشمەرگەکانی شۆڕش لەسەر واقیع کڵپەیان سەند، پلانی ڕزگاری بوو بە ڕاپەڕینی ڕزگاری

## ٥-٤٦

خەڵکی گوند کۆبوونەتەوە نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. ئەمەش ئەزموونێکی تری شۆڕشە لە قەڵەمرەوی خۆیدا

گوندەکە ئازادە، هێزی پێشمەرگە دەیپارێزێ، هێزی پشتیوانی لەلێقەومانا چەک لەشانە. مامۆستا ژوورێکی چوون دیوەخانی کردۆتە مەدرەسە و دەرس و دەوری تیا ئەکرێتەوە. سەبوورە و گەچ لە شارەوە گەمارۆ دەشکێنێ و وانەکانی نیشتمانی تیا دەوترێتەوە. مامۆستای مزگەوتیش بە لەفزی شیرین دین و کوردستان ئاوێتەی ئازادی دەکات، ئیتر ئەم گوندە هەر ئەنجومەنەکەی دەوێت تا دیمەنەکەی پایەدار بێت.

ئەنجومەنی گوندەکان یەکەم وێستگەی دیموکراسی شۆرشی نوێ و یەکێتییەکەی مافی چارەنووس بوو کە نزیک لە لولەی تۆپەکانی بەعس، کۆمەڵانی خەڵکی لەسەر دەستپێشخەری و بڕیاردان لەسەر هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان ڕادەهێنا. دووەم ئەنجومەن پەرلەمانی کوردستان بوو لە پایتەختی وڵات کە ئەویش هێشتا ڕژێمی بەعس مابوو و، لێ بەدەستپێشخەری

یەکێتی جاڕی فیدڕالی دا. سێیەم ئەنجومەن هی نوێنەرانی عیراق بوو ئەمیش عیراقی فیدراڵی چەسپاند.

لە ئەنجومەنی گوند تا پەرلەمانەکان یەکێتی هەر ئەزموون دەچەسپێنێ.

## ٦-٤٦

خەباتی یەکێتی و شۆڕشی نوێ لەسەرەتاوە هەمەلایەنە بوو، پێشمەرگایەتی، رێکخراوەیی، سیاسیی، ڕاگەیاندن و هەموو بوارەکانی تر بوو، خەباتی دیبلۆماسیی بەشێکی سەرەکیی بوو کە خەسڵەتی تێکۆشانی هەمەلایەنەی سەرۆکی پێوە دیاربوو.

ئەم خەباتە دیبلۆماسییە لە سێ تاقیکردنەوەدا سەرکەوت:

-لە دروستکردنی تۆڕێکی فراوانی نوێنەرایەتی و پەیوەندی دیبلۆماسی بۆ شۆرشی نوێ، بە جۆرێک تەوقی گەمارۆی دەوڵەتی نازکێشراوی بەعس لە شەرق و غەرب تێکبشکێنێ.

- لە موفاوەزاتی ١٩٨٤ دا ئیمزا و شەهادەی سیاسەتی تەعریب و تەرحیل لەکەرکوک وەربگرێت کە ئەوە گۆڵێکی سیاسیی بوو لە رژێمی ئۆینبازی سەددام.

- لە موفاوەزاتی ١٩٩١ دانپیانانی وەفدی بەعس بە چوونە

ژێر گوشاری ئیقلیمییەوە بۆ چارەسەر نەکردنی مەسەلەی کورد لە عیراقدا.

سەرانی بەعس لە سەر مێزی دانوسان حوجەیان لەیەکێتی نەبردەوە.

# پێرست

فەسڵی یەکەم ..... 7
راستکردنەوەی رێڕەو

راستکردنەوەی رێڕەو ..... 9
بۆ یەکێتی بژین هەموو، کوردین هەموو ..... 13
خانووە قوڕەکان ..... 17
دوو رۆژ دیداری چڕو پڕی خوێندکاران ..... 23
پیرۆزە لە یەکێتییەکان، پیرۆزە لە سەرۆك ..... 29
لەپێناو کورددا ستۆپ بە ناڕەوایی دەکەین ..... 33
ئاشتکردنەوەی سلێمانی لە ڕێژەی بارانەوە هەتا سەرچنار و تەواوی کوردستان ..... 37
لە بەغدا بێینەوە مایە و فەرقی پێشین پڕ بکەینەوە ..... 39
گەندەڵی و تەمبەڵی ..... 47
دژەتیرۆر مەرجەعی قوربانیدانە و خۆی میدالی ئیفتیخاری نیشتمانیی دابەش دەکات ..... 51

فەسڵی دووەم ..... 55
بەهەموو جۆرەکانی یەکێتی بوون

بۆ جوامێری کوردەواری و ...بۆ دیموکراسیی حزبیش ..... 57

به هەموو جۆرەكانی یەكێتیبوون 61
كورت و پوخت 65
بـۆ ئـەوەی ببیتـەوە یەكەمـی سیاسیی...سـەرەتای هێـز بـۆ میدیـا، خڕكردنەوەیەتـی 67
لەمرۆوە ئەركە قورسەكان دەست پێدەكەن 71
لەبەرخاتری كوردستان، لەبەر خاتری یەكێتی 75
لە مەنەلۆگەوە بۆ دیالۆگ 81
هەم حزب و بزووتنەوە، هەم مۆدێل و سەلیقەی سیاسیی 87
لەبارەی چەواشەكارییەوە 89

فەسڵی سێیەم 93
ئەسڵی مەسەلەكە ئەمەیە...

ئەسڵی مەسەلەكە ئەمەیە 95
میلیشیای كۆمێنت و ئیمۆجی 97
متمانە و ملشكاندن،.. ژەهر و خەنجەری ژەهراوی 99
جاسوس و ناموس 103
جمێن 105

فەسڵی چوارەم 109
یەكێتی وەك یەك تیم
سەرنج و دەستنیشانكردن

یەكێتی وەك یەك تیم 111
نوێ و نوێبوونەوە 121
ڕاز و نیازی كوردایەتی 133

فەسڵی پێنجەم ........ 137
باگراوەندی کۆنگرەی چوارەم

مافی کۆنگرەمان بەنەوە ........ 139
لەگەڵ یادە مەزنەکەشدا، تەگبیر لە کۆنگرەی نوێ بکەن ........ 143
نۆرەی نوێبونەوە، نۆبەتی ئێمەو ئێوەی نوێبونەوەخوازە ........ 145
بەیانی کۆنگرەتان باش ........ 155
کوردستان لە وەرزی یەکێتی (نوێبوونەوە)دا ........ 157

فەسڵی شەشەم ........ 161
شەش گرتە بۆ یادی یەکێتی

١-٤٦ ........ 163